
# نەونەمامە
# لەچك سورەكەم

**رۆمان**

**نوسینی : جەنگیز ئەیتماتۆڤ**
**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : تۆفیق عەبدول**

**چاپی یەكەم**
**سلێمانی/ خانەی چاپ و بلاوكردنەوەی قانع/** 2004

PDF4Kurd



**وەرگێڕ: تۆفیق عەبدول**



**نوسەر: جەنگیز ئەیتماتۆڤ**

# نەونەمامە
# لەچك سورەكەم

## رۆمان

**نوسینی : جەنگیز ئەیتماتۆڤ**

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : تۆفیق عەبدول**

**چاپی یەكەم**

**سلێمانی/ خانەی چاپ و بلاوكردنەوەی قانع/** 2004

- **كتێب: نەونەمامە لەچك سورەكەم**

**ۆمان**

- **نوسینی: جەنگیز ئەیتماتۆڤ**

- **وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: تۆفیق عەبدول**
- **نەخشەسازی: ئازاد حاجی**
- **كۆمپیوتەر: ڤینۆس تۆفیق عەبدول**
- **چاپ: خانەی چاپ و بلاوكردنەوەی قانع** – 8 -
- **سەرپەرشتیاری چاپ: عەتا عەلی**
- **ژمارەی سپاردن: ژمارە** (302 )
- **تیراژ:** 1000 **دانە**
- **نرخ:** 2250 **دینار**

ئەم كتێبە لە زنجیرە بڵاوكراوەكانی خانەی چاپو بڵاوكردنەوەی قانعەو مافی چاپكردنەوەی پارێزراوە

نوسەر



## ئەو ڕۆمانەی لە پرۆسەی ئازاد کردنی عێراقدا
## دە ستە خوشکەکەی بە دیل گیرا!

کاتی لە چاپدانی ڕۆمانی (چیای سەگە بازوو)، لە پێشەکیەکەیدا ئەوەم راگەیاندبو کە سەرقا لی وەرگێرانی ڕۆمانێکی تری ئەم کەڵە نوسەرەم لە زمانی ئنگلیزیەوە بەناونیشانی(To have and to Lose) کەئۆڵگا شارتز کردویەتی بەئنگلیزی ومن ناوم نابوو(لە دەستم چوو).بەڵێنم بە خوێنەران دابوو کە ئەبێتە بەرهەمی‌داهاتوم.

ئەویَ ڕۆژیَ وچانێکی باشم لیَ کردبو بە کوردی، ئەلیاس لە سەرو بەندی هێنانی کادیچادا بوو، بەلاَم ئاسیل هێشتا سەری خوَی هەڵنەگرتبو..زۆر لێی گەرمو دڵخۆش بوم ، وای بۆ ئەچوم کەس ئەو بەرهەمەی ئەیتماتۆڤی نەدیبێت بە تایبەتیش دوای گەڕان وپشکنینی نزیکەی بیست پێگە لە ئینتەرنێت سەبارەت بە کەرگیزیا و ژیان وکۆی بەرهەمەکانی ئەم نوسەرە وئەو بابەتانەی

لە سەری نوسراون، هیچم دەربارەی ئەم بەرهەمەی بەرچاو نەکەوت.

لە سەردانێکدا بۆ دەزگای سەردەم، باسی ئەو ڕۆمانەم لای هاوڕیَی ئازیزو دڵنشین و وەرگێری بە توانا کاك ئازاد بەرزنجی‌کرد، دوای دەست خۆشی لێکردنم ، کاك ئازاد تەئکیدی کرد کە ئەو ناونیشانەی نە بە عەرەبی و نە بە فارسیش نەدیوە، کە هەندێك لە رووداوەکانم بۆ با س کرد، رایگرتم و ئەو ئەوی تری بۆ تەواو کردم. سەرسام بوم! چاوی رەشم کاڵ بوەوە. ووتی ئە و ڕۆمانەم بە عەرەبی خوێندۆتەوە ، بەلاَم بەو ناونیشانە نیە، هەرچەندی کرد ناونیشانەکەی بیر نەکەوتەوە. من ئیتر ساردبومەوە،وازم لە تەواوکردنی هێنا..پاش ماوەیەك کەوتمەگەڕان بە دوای دەقەعەرەبیەکەیدا لەسلێمانی و هەولێر و راسپاردنی هەندێك برادەر بۆ گەڕان لە موصلَ و بەغداش...وەرە هەواڵی بەرهەمێك بپرسە ناوی نەزانیت!!.ئەو سەر ئێشەیە پتر لە ساڵێکی خایاند.ناچارگەڕامەوە سەری و تەواوم کرد.

لە کاتێکدا ئەگەڕام بە دوای کەسێکی خەت خۆشدا بۆم پاك نوس بکات ،هاوڕیَ و هاوکارێکی کەلار–یم بە ناوی کاك مەجید،دەستی کردبە پا کنوسی..نزیکەی 30 لاپەڕەی لیَ کردبوو،کەبەرێکەوت لە سەر شۆستەکەی بەر دەرکی سەرا دەقە عەرەبیەکەم چنگ کەوت ،تەنیا بە پێنج دینار، دوو ڕۆمانی جەنگیز ئەیتماتۆڤ لە یەك کتێبدا بە ناونیشانی(شجیرتی فی مندیل احمر ) کە چیرۆکنوسی عێراقی بە ناوبانگ (غائب طعمة فرمان) کردویەتی بە عەرەبی.

پاکنوسەکەشم پەك خست!.

کاتێك بە کارمەندی یەکێك لە رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان کەوتمە هەولێر،لە تەنیایی وبیَ تاقەتی و بیَ ئیشیی دوای دەوامدا،سەرەتا هەستام بە بەراورد کردنی دەقە عەرەبیەکەو دەقە ئنگلیزیەکە و دیاریکردنی ئەو جیاوازیانەی لە هەردوکیاندا هەیە..سەیرم کرد ئەوەندە بە زمانێکی پاراو و ئەوەندە بە ئەمانەتەوە کراوە بە عەرەبی بە حالَ هەست بە جیاوازی ئەکەیت لەهەندیَ شوێنی کەمدا نەبێت کەلەیەك ناچن و لەیەك دوورن،بۆیە منیش هاتم کوردیەکەی خۆمم لە گەلَ عەرەبیەکەدا دێڕ بە دێڕ بەراورد کردەوە،ئەوەی لە ئنگلیزییەکەداهەبوو، لە عەرەبیەکەدا نەبوو، وەکو خۆی هێشتمەوەو ئەوەی لە عەرەبیەکەداهەبوو،لە ئنگلیزیەکەدا نەبوو،خستمە سەری و خۆشم هەرچی زانیم خزمەتی زمانی کوردی و چێژی خوێنەری کورد ئەکات بەرهەمەکەم پیَ ڕازاندەوە– من هەمیشە بەرهەمێك کەخوێنەر وا هەست نەکات بە کوردی نوسراوە بە وەرگێرانێکی‌سەرکەوتوی نازانم – و وازم لە ناونیشانی (لە دەستم چوو ) هێناو کردم بە (نەونەمامە لەچك سوورەکەم) .

ئەو پرۆسەی باسم کرد،بە دڵنیا ییەوە زۆر لە وەرگێڕانەکە قورستر بوو،بەلاَم دڵنیای کردم کە بەرهەمەکەم پوختترە.

دوای ئەوە دام بە کچە گەورەکەم ڤینۆس خان، لە کەناڵی کوردسات لە کاتی پەرژاندا بۆم کۆمپیوتەرایز بکات .

### چۆن دەستە خوشکەکەی بەدیل گیرا ؟!

خۆم بۆ نەگیرا لەو تەنیا ییەی هەولێردا بیَ ئیش دانیشم ،ئەوەبوو شانۆگەری (مشەخۆرەکان)م ئامادە کرد و کاتێك کەوتە نمایش، بەهاوکاری کاك ئازاد بەرزنجی و کاك هادی المهدی نوێترین بەرهەمی جەنگیز ئەیتماتۆڤم دەست کەوت،کە دەمێك بوو عەوداڵی بووم .

ئەو ڕۆمانە بەستە زمانە! – کە جاریَ ناوی نابەم –وەکو دیار بێت ئەجەلی هاتووە و نەخۆشیەکی کوشندەیەتی،زۆرم پەلە بوو بە هانایەوە

بچم و بیگەیەنمەچاپ،بەجۆرێك كارم تیا ئەكرد هیوای ئەوەم پەیدا كردبو لە پێش نەونەمامەكەمدا فریای چاپی بخەم...پرۆسەی ئازاد كردنی عێراقی هات بە سەردا .

مانگی ئازاری پڕ خێر و خۆشی هات و پرۆسەی ڕزگار كردنی عێراق دەستی پێكرد..ئێمەی كارمەندانی ڕێكخراوە بیانیەكان مۆڵەت دراین..هاتمەوە سلێمانی،وەكو زوربەی وەرگێر و زمانزانەكانی كورد كەوتمە كار كردن لە گەڵ ڕاگەیاندن وكەناڵە بیانیەكانی ناوچەكە.سەرەتا وەك وەرگێر لە ڕۆژنامەی(TIMES) ی لەندەنی و دواتر ڕۆژنامەیەكی كالیفۆرنیایی و لە كۆتایدا دانرام بە لۆجستیك و ڕێكخەری بەرنامەی كاری ڕۆژانەو وەرگێڕی تیمێك لە كەناڵی(CNN) ی ئەمەریكی..هەمیشە لە یەكەمین كامێراكانی ڕیزی پێشەوەی ڕزگاركردنی ناوچەكانی خورماڵ و بانی مەقان و سەنگاو وقادركەرەم وكەركوك وخانەقین و..هەندێك ناوچەی هەولێر و بەغدا بوین.

لەو كاتانەدا ڕۆمانە دیلەكەم پێ بوو، تەنیا پانزە بیست لاپەڕەیەكم مابو،وتم لەكاتی دەست بەتاڵیدا چەند بۆم بكرێ ئیشی لێ بكەم و ئەو تۆزەش تەواو بكەم.

بەغدا گیراو پەیكەرەكەی صدام سەری پێ شۆڕكراوخۆیشی وەكو لە سەر یەكێك لە دیوارەكانی بەغدا بینیم نوسرابو(دلع والله دلع...عاف الدوله و شلع) ،ئیتر هەرگیز لە خەیاڵی ئەوەدا نەبوم بەشی من بەعسیودیكتاتۆریەت ماوەو لە نزیكەی 25 ملیۆن خەڵك و پاش 35 ساڵ كوشتن و بڕین من ئەبم بە دواین كوردو عێراقی كە تێ هەڵدانی بەعس ئەخۆم.

ئەوەبو ڕۆژی11 /2003/4 كە تەنیا موصڵ و تكریت مابون بگیرێن،ئێمەلە كەركوكەوە دزەمان كردو،بەنیاز بوین لە دەورو پشتی تكریت خۆمان حەشاردەین ولەگەڵ پەلامارو دەست پێكردنی پرۆسەی ڕزگاركردنیدا دەست بكەین بە وێنە گرتن و یەكەم (خبر عاجل)ئێمە بیدەین. دوایئەوەی زیاتر لە 60 كیلۆمەتر ناوچەیڕزگارنەكراومان بەجێ هێشتبوو،كەوتبوینە پشت هێزە شپرزەكانی عێراق و چەندین سەربازگەی نەگیراومان وێنە گرت،قەدەر نەیهێنا !لەنزیك نا حیەی (العلم) كەوتینە بۆسەیەكی فیدائیەكانی صدام و گیراین! ! .

وەرە كوردێك و سێ ئەمەریكی لە بار و دۆخێكی ئاوادا بكەونە ناو كەمینی مەفرەزەیەك فیدائی بەعسی تكریتی! !

دوای لێدان و ئیهانە كردنێكی خۆیان ئاسا،لە كەناری ئەم بەرەوەی مەرگ ، برابوینەكەناری ئەو بەرو دوا چركەساتەكانی ژیانمان بەڕێ ئەكرد. بڕیاریان دابو من لەوێدا گوللەباران بكەن و هاوڕێكانم ببەن بۆ تكریت بۆلای عیزەت دوری .

لەو كاتەدا كە خۆم كلاشینكۆفێكی لەسەرپێ لەسەر سنگم ویەكێكی تر لە دواوە لە سەر ناو شانم بو،جانتاكەیان هێنام و شتەكانی ناویان پشكنی،بینیم دەفتەریڕەشكاریی ڕۆمانەكەی ئەیتماتۆڤ لە خۆم خوێن تیا نەماوترو ڕەنگ هەڵبزڕكاوترو تینو ترو ئەژنۆ شكاوتر زیڕەی دێت بەدەستیانەوە..سەمای هەمەجیانەی بەعسیانەیان بە دەورماندا ئەگێڕا ،گوایە هەم سیخوڕە كوردەكەو هەم هەموو ئەو ڕاپۆرتانەیكە بە كوردی بۆ ئەمەریكای نوسیوە كەوتونەتە داویان ، پەڕە پەڕە هەڵیان ئەدایەوە و هەلهۆلەیان ئەكێشا.

بە هەر موعجیزەیەك بو،خۆم و هاوڕێكانم لە مردن ڕزگار كردو بە سەڵتی گەڕاینەوە ناوچە ئازاد كراوەكان،بەلاّم ڕۆمانەكەو كەرەستەو كەل و پەلەكانیان بردین بۆ تكریت بۆ لای عیزەت دوری..بۆیە بەڵێن بە خوێنەران و ئەیتماتۆڤیش ئەدەم ئەو ڕۆمانە لە ئەسیری ڕزگار بكەم و بیهێنمەوە ناو ماڵ و كەس وكاری خۆی ..ناو كتێبخانەی كوردی وبیكەمە بەرهەمی داهاتو.

هیوادارم خوێنەری بەڕێز كاتی گرتنەكەمان ئاگای لە (خبر عاجل) ەكە بوبێت و بابەتی (تۆفیق عەبدول و سی ئێن ئێن چۆن ڕزگاریان بوو ؟)ی لە ژمارە 119 ی ڕۆژنامەی هاولاّتیدا خوێندبێتەوە !كە نزیكەی پەنجا كەناڵ و ڕۆژنامەو پێگەی ئینتەرنێت لە جیهاندا باسیان كردو میدیای كوردی هێشتا نەیبیستوە ! .

**تۆفیق عەبدول**

**سلێمانی** 2004

## لەجیاتی پێشەكی

بەپێی كاری رۆژنامەگەریم، ئەبوایە جار بەجارێك سەر لەدێهاتە دوورە دەستەكانی (تیان شان) بدەم لە كەرگیزیا، رۆژێكی بەهاری نزیكەی ساڵ ونیوێك لەمەوبەر كە لە مەڵبەندی ناوچەی نارین بووم بەپەلە بانگ كرامەوە بۆ نوسینگەی ڕۆژنامەكە، وارێكەوت چەند دەقیقەیەك پێش ئەوەی بگەمە گەراج پاصەكە دەرچووبوو. لەبەر ئەوە ئەبوایە نزیكەی پێنج سەعات چاوەڕوان بكەم تا پاصێكی تر پڕئەبێت و دەرئەچێت،

ناچار بووم بچم بۆ دەرەوەی شارۆچكەكە لەسەر جادەكە دەست لەهەر ئۆتومبێلێك ڕابگرم بەڵكو سوارم بكەن، لەوپێچەدا كە دوو ڕێگاكە ئەدەنەوە لەیەك، لەنزیك بەنزینخانەكە لۆریەك وەستابوو، تازە گازی تێكردبوو، شۆفێرەكەی سەرقاڵی تانكیەكەی ئەنایەوە. دڵم خۆش بوو،شوشەكەی پێشەوەی نیشانەی SU[*] لە سەر بوو، كەواتە لەهێڵی بازرگانی دەرەكی ئیش ئەكات، لەوەئەچێت لەچینەوە هاتبێ و بچێ بۆ (ڕیباچیە). لەوێشەوە هەمیشە ئۆتومبێل زۆرە بۆ (فرۆنزە). بەشۆفێرەكەم ووت:

– ئەرێ ئەڕۆیت تا (ڕیباچیە) هەڵم بگریت؟. ڕاست بوەوەو ئاوڕێكی دایەوەو لەسەر شانیەوە بە تیلەی چاوێك تێی ڕوانیم و بەنەرمیەكەوە ووتی:

- نەخێر ئاغام.. زویر مەبە ناتوانم كەس هەڵبگرم.

سەرم سوڕما، پێشەكەی چۆڵەو كەسی تیا نییە ئیتر بۆ ناتوانێت لەگەڵ خۆی هەڵمبگرێ؟!:

– من ڕۆژنامەنوسم، كارەكەم دواكەوتن هەڵناگرێت، چەند ئەفەرموی ئەیخەمە سەرچاوم.

ـ مەسەلەكە پارە نییە ئاغام..، بەتووندی قسەكەی پێبڕیم و نووكە شەقێكی لەتایەكەی پێشەوە هەڵدا،... جارێكی تر بێ پارە هەڵت دەگرم، بەڵام ئەم جارە پێت ناخۆش نەبێت، ئێستا لۆریەكانی ترمان دێن و یەكێكیان سوارت ئەكەن، من ناتوانم.

دیار بوو جێگاكەی دانا بوو بۆیەكێك لەڕێگا بیخاتە پێشەوە:

- ئەی ئەگەر لەدواوە دانیشم؟

- لەدواوەش ناتوانم.. زۆر داوای لێبوردن ئەكەم ئاغام.

سەیرێكی كاتژمێرەكەی كرد و بەپەلە سەركەوت. قسەم نەما، شانێكم هەڵتەكاند و بەحەپەساوییەوە سەیری كرێكاری بەنزینخانەكەم ئەكرد، ژنێكی ڕوسی بەتەمەن بوو، هەموو ئەوماوەیە لەدەلاقە بچوكەكەی ژوریچكەكەیەوە سەیری ئەكردین، سەرێكی لەقاند وەكو بڵێ: پەستی مەكە.. وازی لێبێنە. بەلامەوە سەیر بوو! . شۆفێرەكە خۆی كوتایە ناو پێشی لۆریەكەی و جگەرەیەكی نابەلێوییەوە بێ ئەوەی دایگیرسێنێت، ماشێنەكەی ئیش پێكرد. تەمەنی دەوری سی ساڵ ئەبوو، تادەست هەڵبڕی كەڵەگەت بەڵام بەحاڵ چەمابوەوە، هێشتا دوو دەستە گەورە بەهێزەكەیم لەیادە كە (كەمەی جڵەو)ەكەی پێ گرتبوو، لەگەڵ دووچاوە پێڵوە ماندووەكانی. پێش ئەوەی پێ هەڵبگرێت، دەستێكی هێنا بەدەم و چاویداو ڕوانینێكی سەیر ڕوانیە ڕێگا شاخاویە سەختەكەی بەرامبەری،هەناسەیەكی هەڵكێشاو دەرچوو.

ژنەكە لە ژووریچكەكەی هاتە دەرەوە، دیار بوو ئەیویست دڵنەوایم بكات:

نیگەران مەبە ئێستا لۆری تر دێن. من هیچم نەووت:

- ئەو قوڕ بەسەرە لێی قەوماوە، چیرۆكێكی درێژە، ماوەیەك لای ئێمە بوو لێرە لەبنكەی بارخانەكە.

بۆم نەلوا گوێ لەكرێكاری بەنزینخانەكە بگرم چیرۆكەكەم بۆبگێڕێتەوە، ئۆتومبێلێكی (پوبیدا) هات و هەڵی گرتم. پاش ماوەیەكی كەم نزیك دەربەندی (دۆڵۆن) بە لۆریەكە گەیشتینەوە، باڵی لێ پەیدا بوبو، بەخێراییەك دەرۆیشت هیچ شۆفێرێكی بە ئەزمونی بەجەرگی تیان شان ناتوانێت والێی بخورێت، ئەو لۆریە بەستەزمانە لەو پێچانەدا بەدەست ئەو كابرایەوە ئەیزیراند و ئەكەوتە سەرشان بێ ئەوەی هێواشی بكاتەوە، بەقەڵەمباز هەورازەكانی ئەبڕی و بە خۆهەڵدان لە نشێوەكاندا نوقم ئەبوو.چادرەكەی لێ بوبو بەباڵ و لەهەردوو دیوەوە ئەشەكایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا گەیشتینە سەری و پێشی كەوتین. ئاوڕێكم دایەوە. چ كابرایەكی بەجەرگ و سەركێشە ! ئەیەوێت بەم خێراییە مل شكێنە بگاتە كوێ؟!.

وەكو پیشەی هەمووكاتێكی دەربەندەكە بەفر پڕوشەی ئەكرد، لەنێوان لاسامەی دڵۆپی باران و بەفرە لوكەكەوە لەپشت شوشەكەوە دەم و چاوی هەڵبزركاوی شۆفێرەكەم بەدی كرد، جگەرەیەك لەنێوان ددانەكانیدا بوو لەكاتێكدا بەبڕواوە بەتوندی جڵەوی لۆریەكەی گرتبوو، دەستی بەسەر كەمەكەدا ئەخلیسكاو ئەهات وئەچوو. نەلەدواوەی لۆریەكەو نە لە پێشەوەی كەسی تیانەبوو.

دوای ئەوەی لەناوچەی نارین گەڕامەوە زۆری نەبرد ناردیانم بۆ ناوچەی (ئوش) لەباشوری كەرگیزیا، وەك چۆن ڕۆژنامەنوسان هەمیشە كاتیان بەدەستەوە نییە، چەند هەناسەیەك پێش ئەوەی شەمەندەفەرەكە دەربچێت.. بەپەلە گەیشتمە وێستگەكەو خۆم كرد بەفارگۆنەكەدا، بێ ئەوەی ئاوڕ لەو سەرنشینە بدەمەوە كەلەتەنیشتمەوە دانیشتبو و ڕووی كردبوە پەنجەرەكە. كە شەمەندەفەرەكەش

[*] واتا Soviet Union....ت.ع

كەوتەڕێ ئەو هـەر لای نەكردبوبـە لای منـەوە.. ڕادیۆكـە پارچـە مۆسـیقایەكی ئـامێری (كۆمـۆن)ی پـەخش ئـەكرد، ئـاوازێكی ناسـراو بـوو، بەستەیەكی كەرگیزی بوو، كە گوێم لێ ئەبوهەمیشە وائەهاتە خەیاڵم كە ئەسپ سوارێكی تەنیا پێش خۆر ئاوا بوون، لەسـەر ڕێیـەكی دوور، لە دەشتێكی فراواندا، بەدەم بیركردنەوەوە، بەدەنگێكی نزم لەبەر خۆیەوە ئەیلێت.. بەستەیەك لەناخی دڵەوە و بەدەم خەیاڵەوە. جاچـەند زۆرو نەخشینن ئەو خەیالآنەی بەمێشكی مرۆڤێكدا دێن، كاتێك بەتەنیا هەر خۆیەتی و دەورووپشتی كپەو بێجگە لە دەنگی سمی ئەسپەكەی گوێی لە هیچی تر نی‌یە ! ! لەرەی ژێی كۆمۆزەكە وەكو خوڕەی ئاوێكی ڕوونی سازگار ئەهاتـە گـوێ كەبەسـەر وورده زیخێكـی خـڕدا ڕێ بكـات. ژێكـان گـۆرانی خۆریـان ئـەووت ،ئەوكاتـەی لەپشـت هەڵەتەكانـەوە ئـاوا ئـەبێت و شـیناوێكی تـەنك ئەڕژێنێتـە بـەر پێـی خـۆی و، كەروێشكەی كۆرپە گیا نارنجی ئـەكات و، توولـە ڕێـی خەنـەیی بەپـەڕو پـۆڵی زەرد تـەیمان ئـەكات. دەشـتەكەش گـوێی لـەدەنگی ئەسـپ سوارەكەیەو لەگەڵیدا ئەیلێتەوەو لەگەڵیدا بیر ئەكاتەوە. لەوانەیە ئەسپ سوارەكە جارێك بەڕاستی بەو دەشتەدا ڕۆیشـتبێت، بینیبێتـی ڕۆژ لەوسەری دەشتەكەوە– پێش ئاوابوون – ئاگرێكی خستبێتەوە و لەپڕ ڕەنگی پاوانەكـەی گۆڕیبێـت بـەڕەنگی پەڵەگـەنم.. بینیبێتـی بـەفر لەچیاكان ڕەنگیان مەیلەو پەمەیی هەڵگەڕابێت و لەپڕ، دوای كۆچی دوا گورزە تیشك ڕەش داگەڕابن.

لەپەنجـەرەی شـەمەندەفەرەكەوە هـەر پەڵـە گەنمـە شـامی پـڕی قـەوزەیی و درەختـی بـەری و كـەپری مێـو بـوو ئەگەڕانـەوە بـۆ نـاو ئاوایی.گالیسكەیەكی دوو ئەسپیی پڕ بوو لەشەوەر، ئەهات لەهێڵـە ئاسـنەكە بپەڕێتـەوە، وەسـتاو، منـاڵێكی لاوازی ڕەشـكەلە فانیلەیـەكی بۆری دڕاو و پانتۆڵێكی كورتی لەبەر دابوو لەسەر گزرەكە هەستایە سەرپێ و بەدەستە باریكەكانی سڵاوی لەفارگۆنەكان ئەكرد.

ئاوازەكـە نـەرم تـر و نایـاب تـر لـەجیاتی دەنگـی سمـی ئەسـپەكە تێكـەڵ بـە چكەچـكی شـەمەندەفەرەكەو دەنگـی پێچـكەكانی ئـەبوو. هاوگەشتەكەم هەردوو ئەنیشكی نابووە سەر مێزە بچكۆلەكەو بەهـەردوو دەسـتی دەم و چـاوی داپوشـیبوو.. وائـەهات بەخەیاڵـدا ئـەویش لەدڵی خۆیدا گۆرانی ئەسپ سوارە تەنیاكەی ئەوتەوە. نەتئەزانی دڵی تەنگە یان بیر ئەكاتەوە، چـونكە ڕواڵـەتی دیـاربوو نـوقمی دەریایـەك خەفەت و لێكدانەوەیە. ئەوەندە بێهۆش بوو ئاگای لەوە نەبوو من لەتەنیشتیەوە دانیشتوم. شێوەم ئەكرد..هەوڵمدا دەموچاوی ببیـنم. ئـەم كابرایەم لەكوێ دیوە ؟ ! هەتا دەستە ئەستورە مواوییە ئەسمەرە پەنجەدرێژەكانی ئەوەندە لام ئاشنا بوو وامئەزانی دەستی خۆمن.

كێ بێت؟ ! كێ بێت؟ ! . لەو هەناسەیەدا بیرم كەوتەوە ئەمە ئەو شـۆفێری لۆرییەیـە كـە لەگـەڵ خۆیـدا هـەڵی نـەگرتم.. گومـانم لای خـۆم نەهێشت كە ئەوە، كتێبێكم دەرهێنا.. بابەتەكە ئەوە ناهێنێت بیری بخەمەوە، بێگومان ئێستا دەمێكە لـەبیری نـەماوم.. شـۆفێر چـەندەها حاڵەتی وایان دیوە، چەندین ڕێبواریان لەسەر ڕێگا بەجێهێشتوە.

ڕۆژ گەیشتە ئاوا بون ئێمە قسەمان لەگەڵ یەك نەكرد، لەدەرەوەی پەنجەرەكە خەریك بوو تاریك دائەهات، كابرا پاكەتێك جگەرەی دەرهێنـا و دانەیەكی دەرهێناو پێش ئەوەی پێی بكات هەناسەیەكی قوڵی هەڵكێشا ئینجا سـەری هـەڵبڕی و بەسەرسـوڕمانەوە تێـی ڕوانـیم، دەسـت بەجێ ڕەنگی سور هەڵگەڕا، دەنكە شقارتەكە بەدەستییەوە ووشك بوو. ناسیمییەوە.

—سڵاوت لێبێ ئاغام. بەزەردەخەنەیەكی خۆ بەتاوانبارزانیەوە پێی ووتم و.. دەستم برد تەوقەمان كرد:

– دیارە بەڕێزت ڕێت دوورە؟

—بەڵێ یەكجار دوور! بەئەسپایی دوكەڵەكەی دەركرد و پاش كەمێك بێدەنگی.. ئەچم بۆ (پامیر) :

– پامیر ! ... كەواتە باشە زۆر بەیەكەوە ئەبین، منیش لە (ئوش) دائەبەزم:

– بەمۆڵەت ئەڕۆیتەوە یان نەقڵ بوویت ؟؟

—بڵێم چی.. !

—جگەرە ئەكێشیت؟.

هەردووكمان دوكەڵمان بەبا ئەكرد و نوقمی بێدەنگی بووین، لەوەئەچوو هیچ كاممان لەوە زیاتر قسـەمان پێنـەمابێت.. هاوڕێكـەم جـارێكی تر خۆی دایەوە دەست لێكدانەوە، ملی نابوو بەلارەوەو لەگەڵ لەرەی شەمەندەفەرەكەدا بـە ئاسـتەم ئەجوڵایـەوە، وائەهاتـە بەرچـاوم لەگـەڵ ئەو جارەی پێشوو كە دیم زۆر گۆڕاوە، لاواز تر بووە، ڕواڵەتی خامۆش تر بووە. سێ چرچ كەوتۆتە نێو چەوانی.. برۆكانی هاتونەتـەوە یـەك و دابەزیونەتە سەر كۆتایی كۆڵەكەی لوتی.هاوڕێی گەشتەكەم لەپڕ زەردەخەنەیەكی ووشك گرتی و پرسی: ئاغام وابزانم ئەو جارە زۆر لێم زویر بویت ! :

- من بیرم نایەت ئاغام.. نازانم كام جارە.

ئەوەم ووت بۆئەوەی برادەرەکەم هەست بەشەرمەزاری نەکات.. بەڵام تێروانینێك تێ ڕۆانیم پەشیمانی لێ ئەتکا، ناچار بووم دانی پیا بنێم:

— ئا، ئەو جارە!.. هەر بیریشم نەمابوو، هەموو شتێك لەڕێ و باندا ڕوئەدات.. بۆتۆ هێشتا لەبیرتە؟!:

— لەوانەیە ئەو ڕۆژە نەبوایە هەر ڕۆژێکی تر ڕوییدایە هەربیریشم نەکەوتایەتەوە. بەڵام ئەو ڕۆژە..!:

—چی ڕوی‌داوە؟!.. کارەساتێکت بەسەر نەهاتبێت!:

- کارەسات نا، بەڵام شتێك لەو جۆرە.

ئەوەی ووت و ئەگەڕا ووشە بدۆزێتەوە.. دوایی پێکەنی، یان خۆی ناچارکرد پێبکەنێ:

— خۆزگە ئەمڕۆ بوایە بۆکوێت بویستایە سوارم ئەکردی.. بەڵام ئەوەتا خۆم خەڵك سواری کردوم:

— گرنگ نییە تۆ خانچی و من کاروانچی جارێك هەر بەیەك ئەگەین:

—جاکوا وابوایە، هەربەباوەش سوارم ئەکردیت.

بەگاڵتەوە پێم ووت:

- کەواتە قەرزاریت؟.

دوای ئەوەی تۆزێك ڕوی گەشایەوە وەڵامی دایەوە :

— پیاو قسە ئەکات ئاغام:

—بەڵام بابێینەوە سەر ئەوەی ئەوجارە بۆهەڵت نەگرتم ؟ ئەوەم ووت و یەکسەر ڕواڵەتی ڕەش داگەڕا، سەری دانەواند و بێدەنگ بوو.. پڕ بەگەروی دووکەڵەکەی هەڵئەمژی و یاری بەسوتوەکەی ئەکرد...هەستم ئەکرد ئەم پرسیارەم نەکردایە باشتر بوو، داماببووم چۆن ئەو هەڵەیە ڕاست بکەمەوە. جگەرەکەی کوژاندەوەو بەزۆر لەخۆ کردنێکی ئاشکراوە:

— لەڕاستیدا نەمئەتوانی، ئەبوایە کوڕەکەم سواربکردایە، لەسەر ڕێگەکە چاوەڕێی ئەکردم.

بەسەر سوڕمانەوە پرسیم:

— کوڕەکەت ؟؟:

— باوابلێین.. پێت سەیر نەبێت، نازانم چۆنت بۆباس کەم.جگەرەیەکی تری داگیرساند ودیار بوو دڵی وەك مەنجەڵ ئەکوڵا، لەپڕ دانی بەخۆیدا گرت و سەیرێکی کردم و بەسەرهاتەکەی خۆی بۆ گێڕامەوە.

بەمجۆرە بەختم هێنای بەکامی دڵی خۆم گوێ لە چیرۆکی شۆفێرێك بگرم، کاتمان زۆر بوو،شەمەندەفەرەکە بە دوو شەو و دوو ڕۆژ ئەوجا ئەگاتە (ئوش).نەپەلەم لێ ئەکرد و نەبەپرسیار قسەکانم پێ ئەبڕی.. چاکتر وابوو کابرا خۆی چۆن ئەیەوێت وابیگێڕێتەوە، سەرلەنوێ تالاوەکەی بچێژێتەوەو لەبیرکردنەوەدا نوقم ببێتەوە.. بەئارەزووی خۆی لەناوەڕاستی ڕستەکاندا بوەستێت. بەڵام خۆ تێهەڵنەقورتان لە داستانەکە زۆر ماندوی کردم. چونکە هەرچەندە بەڕێکەوت ئەم کابرایەو ئەو کەسانەم ناسی کە چارەنووس لەگەڵ ئەم شۆفێرەدا کۆیکردبونەوە.. بەڵام بەپێی پیشەکەم وەکو ڕۆژنامەنوسێك ئەمتوانی چیرۆکەکە جوانتر دابڕێژم و زۆر لە شتەکان ڕونتر بکەمەوە و بپرسم و لەهەندێ شوێندا تام و چێژی زیاتر بدەم بەڕووداوەکان.

وام بەباشتر زانی سەرەتاگوێ لە چیرۆکە کە بگرم تا کۆتایی و ئەوجا دایبڕێژمەوە. بەڵام نەخێر ئەوا دەست بەرداری ئەو خەیاڵە بووم و فەرموون گوێ بگرن قارەمانەکانی ئەم چیرۆکە خۆیان بۆتان بگێڕنەوە.

## چیرۆکی شۆفێرەکە

ئەم شتەی کەڕوی‌دا هەرگیز لەخەیاڵی کەسدا نەبوو، ئەوکاتە تازە لەخزمەتی‌سەربازی گەڕابوومەوە.. لەسەربازیدا لەبەتالیۆنی گواستنەوە بووم، پێشتریش دوای ئەوەی دە ساڵی خوێندنم تەواو کردبوو شۆفێری لۆری بووم، بەمناڵیش بەهەتیوی لەهەتیو خانە بەخێوکرابووم.. عەلی

بەگ جانتۆرین ی هاوڕێم ساڵێك پێش من تەسریح بوبو، لەوێستگەی ئوتومبێلی بارهەڵگری (ڕیباچیە) كاری ئەكرد.. یەكسەر بەجانتاكەمەوە چوم بۆلای ئەو.

لەسەربازی هەر دووكمان ئاواتمان ئەوەبوو بەیەكەوە لە(تیان شان) یان (پامیر) كاربكەین، كارمەندانی بارخانەكە پێشوازییەكی گەرمیان لێ كردین.. لەبەشێكی ناوخۆیی لای خۆیان نیشتەجێیان كردم..زیلێكی تازەیان دایە دەستم، شوختی پێوەنەبوو.. زیلەكەم هەمیشە وەكو مرۆڤێك سەیر ئەكرد و مامەڵەم لەگەڵدا ئەكرد و یەكێك بوو لەمۆدێلە هەرەباشەكان، مەكینەیەكی بەهێزی لەسەر بوو.. ڕاستە هەرگیز باری تەواویان بۆ بار نەئەكردم چونكە ڕێگای تیان شان وەك خۆت ئەزانی لەسەختترین ڕێگاوبانە شاخاوییەكانی جیهانە، پڕە لە هەوراز و دەربەندو بەندەن و سەرەوخواركەو شیو و دۆڵ و هەڵەت و هەزار بەهەزار.. بەقەدەر گلۆڵەیەك بەنی ئالۆسكاو لۆفەی تیایە. لەگەڵ ئەو هەموو ئاو و كانیاوەی لەو شاخانەدایە، ئەبێت هەمیشە ئاوت پێ بێت، چونكە لەو ڕێگا پێچاوپێچ و تونـاو تونانەدا مەكینە هەر زوو ئەیكولێنێت.. هەر لەبەر ئەوەشە لەوانەیە ببینیت كەلەگۆشەیەكی پێشەوە بەدووشیشی ڕاست و چەپ شوێنی دەبەیەكی بۆ كراوەو سۆندەیەكی ئاوی لێ شۆڕبۆتەوە.

هەمیشە مێشكی خۆم ئەگوشی و بیرم لەوە ئەكردەوە شێوازێك دابنێم بارەكەم زیاد بكەم، بەڵام بواری گۆڕینی هیچ شتێك نەبوو چونكە شاخ شاخەو سەر بۆكەس دانانەوێنێت. لەكارەكەم ڕازیبوم، شوێنەكەم بەدڵ بوو، چونكە هەتا بڵێی دڵگیربوو.. بنكەی باركردنەكەمان ئەكەوتە سەر كەناری دەریاچەی (ئیسیك — كوڵ)* ، كاتێك گەشتیارە بیانییەكان ئەهاتن بۆ سەیران تێر سەیری نەئەبوون، چەندین سەعات بەرامبەرمان ئەوەستان.لەدڵی خۆمدا ئەمووت دەریاچەكەمان لەهەموو دەریاچەكانی جیهان دڵڕفێن ترە. دەریاچەی وەك ئیسیك —كوڵتان لەكوێ دەست ئەكەوێ!.

لەسەرەتاوە كە دامەزرام تەنیا یەك شتم بەلاوە ناخۆش بوو، ئەوەندەمان ئیش هەبوو نەمئەپەرژا سەری خۆم بخورێنم ، چونكە بەهار بوو.. وەرزی كاركردن بوو، كۆمەڵە هەرەوەزییەكان سەرقاڵی بوژاندنەوەی زەوی و زارەكانیان بوون، ئاو بوەستایە نەئەوەستان.. بەڵام ماشێن و ئامێرێكی كەمیان لەبەر دەستا بوو، بەشێك لەماشێنەكانی بنكەكەمان نێردران بۆ یارمەتی دانی كۆمەڵە هەرەوەزییەكانی جوتیاران. هەركەسێك تازە دابمەزرایە ئەیاننارد بۆ ئەوێ ئیش بكات،منیشیان نارد. لەوێش زۆری نەبرد ڕەوانەی لادێكانیان كردم.. لەدێیەكەوە بۆ دێیەكی تر. ئەمزانی كاركردن بۆلادێكان زۆر گرنگ و پێویستره، بەڵام ڕێگاو بانی زۆر ناخۆش بوو، منیش تەنیا شۆفێرێكم و زیلێكم پێیە، بەقەد چاوم خۆشم ئەوێ، وامئەزانی خۆم بەناو ئەوداروبەرد و تاسە و خڕ و چەقەدا ئەڕۆم، هەموو جارێك كە ئەچەقیمە قوڕو لیتەیەك مەرگی خۆم بە ئاواتە خواست. ڕێگای واپیس و نەفرەتیم لەخەویشدا نەبینیبوو.. ڕێگا نەبوو مۆتەكە بوو!. ڕۆژێكیان پارچە كۆنكرێتێكم باركردبو بۆكێڵگەیەكی هەرەوەزی بۆدروستكردنی گەلەخانێكی مانگا بەخێوكردن، ئاواییەكە بە بناری شاخێكەوە بوو، ڕێگاكەی بەناو دەشتێكا بۆسەر ئەكەوت. هیچ گرفتم نەبوو، ڕێگا ووشك بوو، تەنیا بەرد هاوێژێكم مابوو بگەمە بەر ئاوایی، لەپڕ گەیشتمە جۆگەلەیەكی جۆماڵ نەكراو، لەژێر زەبەندەكەوە هەندێ ئاوی تیا وەستابوو.. تومەس زەویەكە دەلانویەتی..! هەرویستم بپەڕمەوە، چەقیم و پیرە ئوتومبێل چوار پەلی داچوو.. مێرگێك بوو حوشتری قوت ئەدا.. زۆرم هەوڵدا دەربچم بەڵام بێ سوود بوو، لۆری چنگی لەزەوی گیر كرد و جوڵەی لێبڕا.. ئەوەندەم گاز قەپات كرد و ستێرن بادا كاتێكم زانی پەكی كەوت.دابەزیم خۆم كرد بەژێر ئوتومبێلەكەدا.. لە قوڕ و عارەقدا نوقوم بوبوم، تفم ئەكرد و جنێوم ئەدا بە شانس و ناوچەوانی خۆم و ئەوەی ئوتومبێلی دروست كردوە. گوێم لەدەنگی پێ بوو.. لەسەر پشت كەوتبوم و ئەژنۆم هەڵنابوو، سەرم بۆدەرەوە لار كردەوە، تەنیا جوتێك بوتی لاستیكم دی، بوتەكان گەیشتنە لای من و وەستان..ئیمان لەكەللەما نەما،كێیەبەدیارمەوە وەستاوەو سەیر ئەكات،وائەزانێت سینەمام !:

- مەوەستە بڕۆ ملت بشكێنە!.

لەژێر لۆریەكەمەوە هاوارم كرد. چاوم بەرز كردەوە گۆشەی كراسێكی ژنانەی كۆنی قوڕاویم دی! وادیارە پیرێژنێكەو چاوەڕوانە لێببمەوەو لەگەڵ خۆما تا ناودێ سواری بكەم. پێم ووتەوە..مەوەستە پۆرێ من ئەمڕۆ ئەمە جێمەو بەم زوانە ناڕۆم:

— من پورێ نیم.

بەهەندێ شلەژان و پێكەنینەوە ووتی. منیش بێ سێ ودوو ووتم: ئەی جنۆكەیت؟!

---

*دووەمیت گەورەترین دەریاچەی سروشتییە لە جیهاندا پانییەكەی نزیكەی 60 كمو درێژی 700كم دەبێت....ت.ع

نەخێر:

– كچم، كچ.

بەتیلەی چاو سەیرێكی بوتەكانم كردەوە و بەشەیتانیەكەوە ووتم:

جاخوابكا لە مەیمون نەچیت!.

پێڵاوەكان لەجێی خۆیان جوڵان و لە ئوتومبێلەكە چوونە دواوە، خەریك بوو ئەڕۆیشتن. خێرا لەژێر لۆریەكە هاتمە دەرەوە.. سەیرم كرد گەورە كچێكە بیخەیتە سەر چاوی كوێر چاكی ئەكاتەوە.. چاو و برۆ ڕەشێك، قەد باریك، بالا نەونەمامێك، لەچكێكی سوری بەسەرەوە بوو، چاكەتێكی شان داچەكاوی لەبەردا بوو، دیاربوو چاكەتی باوكیەتی.. بێدەنگ وەستابوو، چاوی تێبڕیووم..منیش وەكو داهۆڵ وەستابووم، لەبیرم چوبوەوە هەموو گیانم قوڕو چەورەییە!.

ووتم: باشە.. باشە خراپ نیت!..

لەڕاستیدا ئەتووت خەڵفە چنارە.. بەشۆخیەوە لەسەری ڕۆیشتم..

خۆزگە تۆزێك كەڵەگەت تر ئەبویت.كە كچەكە وەرچەرخایەوە، بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە تیژ تێ پەڕی.

– ئەوە بۆ وای كرد؟؟.. پەستم كرد یان شەرمی كرد!

دڵم داخورپا، تازە وەك تیر پێكامی.. ویستم ڕابكەم دوای بكەوم، بەڵام پەشیمان بومەوە. ئیسپانەو شتەكانم كۆكردەوەو خۆم هەڵدایە ناو ئوتومبێلەكەم، ئەچومە پێشەوە و ئەهاتمە دواوە..چەند جارێك هەمبەڵەم پێكرد، هەریەلەم بوو دەربچێ و دوای بكەوم. مەكینە ئەیشێراند و تەكانی ئەدا و لەشوێنی خۆی نەئەجولا.. كچە بەرەبەرە لێم دوورئە كەوتەوە.. هاوارم ئەكرد و جنێوم ئەدا بەبێ ئەوەی بزانم لەگەڵ كێمە.

- دەبڕۆ ئاسمان!.. شەقم برد! گوێت لێمە؟!.

تا هێزم تیا بوو گازم قەپات كرد، ئوتومبێل دووكەڵی ڕەش و خەستی دەرئەدا، خزا، پاشی فرێدا، دەستم ڕاست كردەوە، پێم لێداگرتەوە، وەك موعجیزە لە جۆگەكە دەرچووم.. لەخۆشیدا خەریك بوو باڵم ئەگرت.

كەوتمە سەر ڕێ..بەپارچە پەڕۆیەك دەم و چاوم سڕی، دەستێكم هێنا بەقژمدا،گەیشتمە لای كچەكەو وەستام.. دەرگای سەكنم كردەوەو بە ئازاییەكەوە كە نازانم لەچییەوە سەرچاوەی گرتبوو ووتم:

–فەرموو سەركەوە.

كچەكە نەوەستا بەڵكو لەسەر لەنجەو لاری خۆی بەردەوام بوو.. خێسەیەكی كرد.

– ئاه.. بخۆ دەردت بێت! شوێنەواری ئازایەتی لەگیانما نەما، دوای كەوتمەوەو ئەم جارە داوای لێبوردنم لێكرد:

– تورە مەبە مەبەستم هیچ نییە.. وەرە سەرەوە..

بەڵام هیچ وەڵامێكی نەدامەوە، لێی ڕەت بووم و ئوتومبێلەكەم لادایە لاوەو بازم دایە خوارەوە..چومە ئەو دیو، دەرگاكەم كردەوەو دەستم درێژ كرد كە بفەرموێت .. گەیشتە لام، بەورییەوە سەیری ئەكردم وەكو بڵێت چیت ئەوێ بۆ وازم لێناهێنی ؟. هیچم نەوت.. ئیتر نازانم بەزەیی پێمدا هاتەوە یان لەبەر شتێكی تر بوو، سەرێكی ڕاوەشاند و بێدەنگ سەركەوت...

ڕۆشتین.نەمئەزانی بەچی سەری قسە دابمەزرێنم..هەرچەندە ئەوە یەكەم جارم نەبوو كچ بناسم و قسەی لەگەڵدا بكەم، بەڵام نەمئەزانی ئەم جارە بۆ دەمم گۆ ناكات و هۆكەی چییە؟.

كەمەی جڵەوەكەم بائەداو بەلاچاو سەیرم ئەكرد، پەلكەی قژە ڕەشە نەرمەكەی وەكو ڕەشمار بەناوشانیدا هەتا ناوقەدی هاتبونە خوارەوە، هەردوو چاكی چاكەتە زلەكەی هەڵدابوەوەو خستبونیە كۆشیەوە، خۆی گرد كردبوەوەو خۆی خزاندبوە قوژبنەكە، بۆ ئەوەی بەرم نەكەوێت و دەستم نەیگاتێ.. چاوەكانی بەبێ بروایییەوە تێ بڕیبوم، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ناسك و رووكراوە بوو ئەیویست نێوچەوانی بدا بەیەكدا بەڵام لێی نەئەهات..ڕێكەوت لەیەك هەناسەدا سەیری یەكتریمان كردو چاوەكانمان یەكیان گرت، زەردەخەنەیەك گرتی. لەوچركەیەدا سامم شكاو هاتمە زمان:

–ئەوە بۆلای ئوتومبێلەكەمدا وەستایت ؟:

- ویستم یارمەتیت بدەم.

بەپێكەنینەوە ووتم

- یارمەتی ؟!.. لەڕاستیدا زۆر یارمەتیت داوم، تۆ نەبویتایە ئەبوایە ئەمشەو لەناو ئەوقوڕەدا بومایە ..

تۆ هەموو كاتێك لێرەوە یەیت ؟:

—بەڵێ، لەكێڵگە هەرەوەزییەكە ئیش ئەكەم.

بەدڵ خۆشییەوە ووتم:

—زۆر چاكە!.

فریای خۆم كەوتم و ڕاستم كردەوە.. ڕێگاكە زۆر چاكە. لەوچركە ساتەدا لۆریەكەم دای لەجۆگەلە كۆنێك و تاسەیەكی بەهێزی كرد، شانمان دای لەیەكتری (وەی!)یەكی كرد، نەمئەزانی سەیری كوێ بكەم، خۆی ڕاست كردەوەو دەستی كرد بە پێكەنین، منیش بەهەلم زانی و دامە قاقا، بەدەم پێكەنینەوە ووتم:

—نەمئەویست بێم بۆكۆمەڵەی هەرەوەزی، ئەگەر ئەمزانیشاگردێكی وەكو تۆم ئەبێت بەتووشەوە لەگەڵ بەرپرسی هێڵەكاندا قێڕەقیڕم نەئەكرد.

ئای ئەلیاس!... بەگلەیی لەخۆكردنێكەوە بۆم ڕون كردەوە مەبەستم خۆمە.. خۆم ناوم ئەلیاسە:

—منیش ناوم (ئاسیل)ە.

لەئاواییەكە نزیك بووینەوە، جادەكە خۆشتر بوو، هەوا لەجامەكەوە ئەهاتە ژوورەوەو دەسرۆكەكەی سەری ئاسیلی ئەشەكاندەوە، قژە خاوەكەی پەخشان ئەكرد.

بێدەنگ بووین.. هەستمان بەخۆشیەكی منالانەكرد. چۆن دڵخۆش و كامەران نابیت فریشتەیەك سەعاتێك لەوەو پێش نەت ئەناسی ئێستا لەتەنیشتەوە دانیشتوەو شانی ناوە بەشانتەوە؟! ئێستاش ناتەوێت بیر لەهیچ شتێكی تر بكەیتەوە ئەو نەبێت.من نازانم ئاسیل هەستی بەچی ئەكرد، بەلام چاوەكانی ئەتریقانەوە، ئاواتە خوازبوون ڕێگای ئاوایی هەرگیز كۆتایی نەیەت بۆ ئەوەی هەرگیز لەیەك جیانەبینەوە.. بەلام تایەو تەگەر ئەوەنە نەفامن.. ئەوەچوزانن؟!.

لەپڕئاسیل بەڕاچڵەكینەوە ووتی: ڕاوەستە.. دائەبەزم.

ئیستۆپێكم كرد:

— ماڵتان لێرەدایە؟!:

— نەء.

— نازانم بۆ دوودڵ و شڵەژاو دیاربوو،..

— بەلام لێرە دابەزم باشترە.

—جابۆچی؟.. ئەتبەمەوە بەرماڵەوە.

بێئەوەی بواری بدەم شتێك بڵێ، ڕۆیشتم.

ئاسیل بەپاڕانەوەوە ووتی:

— نە سوپاست ئەكەم، لێرە دائەبەزم:

—فەرموو.

بەتۆنێك كەزۆر لەگاڵتە نەچێت ووتم:

—ئەگەر سبەینێ لەهەمان شوێندا چەقیمەوە یارمەتیم ئەدەیت ؟. فریانەكەوت وەلامم بداتەوە، دەرگایەك كرایەوەو پیرێژنێك هاتە سەرجادەكەی بەردەممان، تۆزێك بەپەلەو شڵەژاو دیار بوو،هاواری كرد:

—ئاسیل ئەوە لەكوێی چەتیو؟..ڕ اكە كچێ بەپەلە خۆت بگۆڕە.

دەستێكی گرت و بەچپە پێی ووت:

- خوازبێنی كەرت هاتوە.

ئاسیل تێكچوو، دەستی شل بوو، چاكەتەكەی لەسەر شانەكانی داچەكی، ئینجا كۆیكردەوەو بەگوێڕایەڵی دوای دایكی كەوت، لەناو دەرگاكەدا ئاوڕی دایەوەو سەیرێكی كردم و دەرگاكە یەكسەر داخرا. سەیرم كرد لەلاكۆڵانەكە چەند ئەسپێك بە زینەوە بەستراونەتەوە، شەلاڵی عارەقن، دیاربوو لەدورەوە هاتبون، تۆزێك خۆم هەڵبڕی، لەودیو دیوارە قوڕەكەی حەوشەكەوە بینیم چەند ژنێك سەرقاڵ دێن و دەچن و، نزیك ئاگردانەكە سەماوەرێكی گەورە دەم كراوە، لەبەرهەیوانەكەشدا دوو زەلام خەریكن كاوڕێك كەوڵ ئەكەن.. دیاربوو بەپێی داب و نەریت پێشوازی لەخوازبێنی كەران ئەكەن.

من هیچ ئیشێكم نەبوو بیكەم جگە لەوەی بچم بارەكە دابگرم. دەمەو ئێوارە گەڕامەوە بارخانەكە.ئوتومبێلەكەم شۆرد و بردمە گەراج، ماوەیەكی زۆر دالغە بردمیەوە.. ئەگەڕام بەدوای شتێكدا خۆمی پێوە خەریك بكەم.. نازانم ئەو ڕوداوەی ئەمڕۆ بۆئەوەندە كاری تێكردم؟!. هاتمە سەر ئەوەی لۆمەی خۆم بكەم، (بەتەمای چیت)؟ شێتی تۆ؟! چ پەیوەندییەكی بەتۆوە هەیە؟ دەزگیرانتە؟ خوشكتە؟ دووكەس بەڕێكەوت لەرێگایەك یەكتان گرت و تا ناودێ هەڵت گرت، ئێستا پێوەی ئەتلێیتەوە، ئەڵێی حەوت ساڵە پەیمانتان بەیەكتری داوە، بەڵكو ئەو هەر نەیەوێت بیرت لێ بكاتەوە.. وائەزانیت پیاو دەست ناكەوێ ؟ نەخێر ئەو دەزگیرانی شەرعی خۆی هەیەو تۆ هیچ نیت.. شۆفێرێكی لەسەر ئەو ڕێگایە لەناو سەدان شۆفێردا.. ئەبێت هەر شۆفێرێك یەكێكی سوار كرد حەزی لێ بكات؟ دوای ئەوە تۆ چۆن حەق ئەدەیت بەخۆت، خۆت بكەیت بەخاوەنی مەسەلەكە. خەڵك شوو ئەكەن، ژن دێنن، شایی ئەكەن، چ پەیوەندی بەتۆوە هەیە؟ تف لەهەموو شتێك بكەو بڕۆ ماشێنی خۆت بئاژوو، ئەوەیان كاری تۆیەو بڕایەوە.

بەڵام كۆست كەوتنەكە لەوەدا بوو چەند خۆم خەڵەتاند ئاسیلم لە بیر نەچوەوە، هەر شتێك پەیوەندی بەلۆریەكەمەوە هەبوو تەواوم كرد.. ئەگەر بچم بۆ (بەشی ناوخۆییەكە) پڕە لەقسەو گاڵتە و دەست بازی، شوێنێكی پشوودانیشی تێدا بوو، بەڵام ڕێم لەبەر نەچوو، حەزم كرد بەتەنیا بم.. لەسەر بۆنیتی ئوتومبێلەكەم درێژبووم و دەستم خستە ژێر سەرم،(جانتای) یەكی شۆفێرمان هەبوو، تۆزێك لەولای منەوە لەژێر ئوتومبێلەكەیدا خەریك بوو، لەچاڵەكە هاتە دەرەوەو ئحم —ێكی كرد و پرسیاری كرد:

—ها قارەمان خەون بەچییەوە ئەبینی.. بەپارەوە؟!.

چارەم نەئەویست، تابلێی چروك بوو، دەس بڕو ساختەچی. ئەو وەكو ئێمە لەخەوتنگەكە نەئەمایەوە، لای ژنێك ژوورێكی بەكرێ گرتبوو وەك باسیان ئەكرد بەلێنی پێدابوو مارەی بكات و هەر هیچ نەبێت بچێتە سەرماڵی حازر، پشت گوێم خست و وەڵامم نەدایەوە.

لەحەوشەكەدا لەشوێنی شتن و چەوركردنەكە هاوڕێكانم كردبوویان بەهەڵلاو دەنگە دەنگ، شۆفێرێك چوبوە سەر بۆنیتەكەی و صۆندەی ئاوەكەی كردبوەوە.. قاقای پێكەنین و هاواركردنی شۆفێرەكانی تر ئەو ناوەی پڕ كردبوو، ئاوەكە ئەوەندە بەهێز بوو كەس خۆی لەبەردا نەئەگرت، ئەیانویست كابرا لەبۆنیتەكە بخەنە خوارەوە، ئەویش هەڵئەبەزییەوەو وەكو ڕیزی ڕەشاشی منالان ئاو پرژێنی ئەكردن.. ئاوەكە وەكو قامچی پشتیسوورهەڵئەگەڕاندن، كڵاوەكانیان ئەكەوتە خوارەوە، بەهەر چوار لادا بڵاوەیان لێ ئەكرد، لەپڕ دەمی صۆندەكەی بەرەو ژوورئەكرد، پریشكی ئاوەكە هەتاوەكە لێی ئەدا ئەبوو بەپەلكە زێڕینە.

سەیری ئەو دیمەنەم ئەكرد، سەیرم كرد (كادیچا)ی بەرپرسی دەرچوون و هاتن لەولاوە وەستاوەو ڕاناكات، یەك دەنك ناترسێ!.بە فیزێكەوە وەستاوە وەكو بڵێت ئاو نایگاتێ یان ناوێرن تەڕی بكەن. جوتێك بووتی درێژی لەپێدا بوو، لەوكاتەدا خەریكی قژی بوو، دەمی پڕ بو لەتەوقەو پێئەكەنی، پریشكە زیوینەكانی پەلكە زێڕینەكە وەكو ئاوونگ ئەنیشت لەقژی..كوڕەكان پێ ئەكەنین و ئەوەی سەر ئوتومبێلەكەیان هان ئەدا: ئادەی بیكە بەسەریا.. ئادەی تەڕی كە. كادیچا لاچۆ..

شۆفێرەكە نەیئەوێرا ئاوەكەی پیا بكات، بەڵكو چواردەوری ئاوڕشێن ئەكرد.. من بومایە لەجیاتی ئەو لەتەوقی سەریەوە تابەری پێی تەڕم ئەكرد.. بڕواناكەم لەمن توڕەببوایە، بەڵكو پێ ئەكەنی و هیچی تر..هەمیشە تێبینیم ئەكرد وەكو ئەوانی تر مامەڵەم ناكات، بەڵكو زۆڵانە نەرمی لەگەڵدا ئەنواندم ، زۆری پێخۆش بوو جاربەجارێك دەست بازیم لەگەڵدا ئەكرد و دەستم ئەهێنا بەقژی دا، چونكە پێی خۆشبوو لەگەڵیدا درێژەی ئەدا بەقسە، كە ئەشچوو بەگژما پێی تێك نەئەچوم، بەڵام ئەگەر منیش هەڵە بوومایە هەر ئەو پەشیمان ئەبوەوە. جارێكیان لەگەڵ خۆمدا بردم بۆ سینەما و هەتا ماڵەوەشم گەیاندەوە، چونكە ماڵەكەی لەسەر ڕێی خەوتنگەكەمان بوو.. كاتێك ئیشێكم بوایە لەنوسینگەی دەرچوون و هاتن، یەكسەر ئەچومە ژورەوە بۆلای، لەكاتێكدا ڕێگای ئەوەی بەكەسی تر نەئەدا، بەڵكو هەموویان ئەبوایە لەپەنجەرەكەوە قسەیان لەگەڵدا بكردایە. بەڵام ئەم چركەیە نامبزوێنێ.. بابرادەران پێی ڕابوێرن. كادیچا دوایین تەوقەی لەقژی داو فەرمانی

كرد:

- يارى كردن بەسە.

لاوەكەى سەر لۆريەكە سلاوێكى سەربازى بۆكرد و صۆندەكەى فرىێدا:

- بەڵێ هەڤاڵ لێپرسراوى بەشى دەرچوون. بەپێكەنينەوە لەسەر ئوتومبيلەكە دايان گرت.

كاديچا هات بۆگەراجەكە بۆلاى ئێمەو لەنزيك لۆريەكەى جانتاييەوە وەستا، وەكو چاو بۆيەكێك ورد بكاتەوە، لەسەرەتاوە بەهۆى ئەو تەيمانە شيشە كون كونانەوە كە گەراجە ئەكات بەچەند بەشێكەوە نەيبينيم، جانتاى ملى لەچاڵەكە دەرهێناو بەرێزێكى پڕ مەراييەوە ووتى:

– ئەم كاتەت باش مانگى چواردە:

– ئاە جانتاى ئەمە تۆى؟! ...

بەتەوسەوە سەيرى پاوپوزى ئەكرد.

كاديچا ناوچەوانێكى ناڕەزايى دابەيەكدا..

سەيرى چى ئەكەيت؟!.

لوتى پێلاوەكەى خشان لەلا رومەتى.

لەو بڕوايەدام هەر كەسێكى تر بوايە بەو سوكايەتييە ئەمرد.

بەلام ئەم بسكەى سمێڵى ئەهات، وەك خەلات كرابێ خۆى كردەوە بەچاڵەكەدا. كاديچا منى بينى :

– شوێنەكەت خۆشە ئەلياس؟:

– ئەڵێى لەسەر پەڕى قو ڕاكشاوم.

دەموچاوى نابەتەيمانە شيشەكەوە وبەهێواشى پێى ووتم:

– وەرە بۆنوسينگە بۆلام:

– بەسەرچاو.

ئەو ڕۆيشت و منيش هەستام و خۆم ئامادەكرد بۆرۆيشتن.

جانتاى جارێكى تر لەچاڵەكەى هاتە دەرەوە بەچاوداگرتنەوە ووتى:

– بەڕاستيى نانت كەوتە رۆنەوە:

–بەلام بەتۆ چى ؟!

وامزانى تورە ئەبێت و لەچاڵەكە دێتە دەرەوە ودەچێت بەگژما، منيش ئارەزوى دەنگە دەنگم نەبوو، بەتايبەتى شەڕ كردن لەگەڵ جانتاى، لەبەر ئەوە پيشم خواردبوەوە نەمئەزانى چىبكەم. بەلام جانتاى گوێى نەدايەو بەبۆڵەوە وتى:

- گرنگ نييە، يەك ئەبينينەوە.

نوسينگەى دەرچون و هاتن چۆڵ بوو:

–ئەوە كوا لەكوێيە؟!

لام كردەوە خۆمدا بەكاديچادا، بەلا شانى دەرگاكەوە وەستابوو، سەرى خستبوو بەپشتا، چاوەكانى لەنێوان برژانگەكانەوە ئەبريسكانەوە، گەرمى هەناسەى هات بەڕوما، خۆم بۆنەگيرا، چومە پێشتر، بەلام كشامە دواوە، هەستم كرد ناپاكى لە ئاسيل ئەكەم، هەرچەند ئەوە لەخۆيدا بيانويەكى سەيرە. بەبێزارييەوە لێم پرسى:

- بۆچى بانگت كردم؟!.

كاديچا بەبێدەنگييەوە سەيرى ئەكردم:

–ها؟!.

بەبێ ئارامييەوە پرسيارەكەم دووبارە كردوە:

- ئەوە بۆ ئەوەندە مۆنيت.. يان لەوانەيە يەكێكىتر دڵى بردبيت؟!.

شڵەژام، ئەم قسەیەی بۆكرد.. لەخۆیەوە چوزانێت!! لەو چركەیەدا پەنجەرەكە كرایەوەو جانتای وەكو قاز ملی هێنایە ژوورەوە.. چرچچاوی دابەیەكدا:

—هەڤاڵ بەڕێوەبەری نوسینگە ئەگەر بەئەركی نەزانیت. بەتەوسێكەوە ئەمەی وت و وەرەقەیەكی دایە دەست.

كادیچا بەمۆرەوە سەیرێكی جانتای كرد و بەهەڵشاخانێكەوە وەڵامی دامەوە:

— ئەی كێ پسوڵەی دەرچونەكەت بۆوەرگرێ.. ناتەوێت خۆم بۆت بێنم؟!.

دەستێكی پێوەنام و چوە سەر مێزەكەی..

— ها بگرە!.

پسوڵەی دەرچونەكەی دایە دەستم.. لێم وەرگرت. بارەكەم بۆهەمان كۆمەڵەی هەرەوەزی بو، دڵم داخورپـا، بابچـمەوە بـۆ ئـەوێ دوای ئـەوە ئەزانم ئاسیل ... نازانم بۆچی ئەبێت بەتایبەتی من بنێرن لەم كێڵگەیەوە بۆ ئەو كێڵگە! بەڕاستی زۆرم بەلاوە ناخۆش بوو دیسانەوە جارێكی تریش پەینی كیمیایی و خشت باربكەم بۆ كێڵگەكان:

— ناچم. پسوڵەكەم فڕێدایە سەر مێزەكەو.. هەر من بچم.. هەر من بچەقم و.. ببم بەپەند؟!.. باشۆفێرێكی تر بچێت:

- دەنگت هەڵمەبڕە.. فەرمانەكە بۆ هەفتەیەكەو ئەگەر پێویست بكات درێژ تریشی ئەكەمەوە. كادیچا بەتوڕەبونەوە ووتی.

منیش بەهێمنی پێم ووت :

—من ناچم.

كادیچا وەك پیشەی هەمیشەی هاتە سەرقسەكەی من:

—باشە قسە لەگەڵ بەڕێوەبەر ئەكەم.

مێزەكە فەرمانی دەرچونەكەم لەسەر هەڵگرت. یانی نەچم و هەتا هەتایە ئاسیل نەبینم؟!.. چۆن ئەتوانم خۆم بگرم! تێگەشتم بەدرێژی ژیانم پەشیمانی ئەكێشم.. چی ئەبێت با ببێت! بابڕۆم. فەرمانی دەرچوونەكەم لەسەر مێزەكە هەڵپڕوچكاند:

—باشە بمدەرێ.

جانتای لەپەنجەرەكە وە دایە هاڕەی پێكەنین:

—سڵاو لەنەنكت ئەكەم!.

هیچم نەوت، حەزم ئە كردبدەم بەدەمیا، دەرگاكەم لەدوای خۆمەوە پێوەدا و رۆشتمەوە بۆ خەوتنگەكـە. رۆژی دوایـی چـاوم لەسـەر ڕێگاكـە هەڵنەئەگرت.. لەكوێیە؟!! بڵێی نەونەمامە لەچك سورەكەم ببینم؟بۆ شۆڕەبی باڵای بەدەم شەماڵەوە ناشنێتەوە؟.

خەڵفە چنارە دێمییەكەم.. باپێڵاوەكانی لاستیك بن، باچەكەتی باوكی لەبەردا بێ، ئەوە گرنگ نییە.. ئاسـیل پـەڕەی دڵمـی پێكـاوە. ئاسـیل بەهەموو شتێكەوە جوانە.. ئەم كچە چۆتە خوێن و گیانمەوە. بەم بـەردا ڕوانـیم بـەو بـەردا ڕوانـیم.. دیـار نـەبوو. گەیشـتمە گوندەكـە، ئـەوە ماڵەكەیانە.. ئیستۆپێكم كرد.. تۆبڵێی لەماڵ بێ؟چۆن بانگی بكەم و چی پێ بڵێم؟!. ئاخ.. لەوانەیە بەبینینی شـاد نـەبم! پـێم نـا بەجـەرگی خۆمدا و چووم بارەكەم دابگرم، لەكاتی داگرتندا هەموو ناخم پڕ بوو بو لەهیوا.. لەكاتی گەڕانەوەدا ئـەیبینم. بـەڵام كـە گەڕامـەوە نـەمبینی.. ڕومكردە كێڵگەكەیان كەلەچەپەكێكدا بوو دوور لەئاوایی.. لەكچێكم پرسی ووتی نەهاتوە بۆ ئیش. لەدڵی خۆمدا وتم مانای ئەوەیە بەئەنقەست نەهاتوە بۆ ئیش بۆئەوەی توشی نەبم، زۆرم پێ ناخۆش بوو.. بەدڵ شكاویەوە گەڕامەوە بۆبنكە.

ڕۆژی دوایش بەهەمان ڕێگادا رۆیشتمەوە، بەئومێد نەبوم چاوم پێی بكەوێت.. لەڕاستیدا چی پێویستیەكی بەمنە؟.. مـن بۆتـەنگ بـەئافرەتێك هەڵچنم كە مارە كراوە؟ لەگەڵ ئەوەشدا بڕوام نەئەكرد چیرۆكەكەمان بگاتە ئەم ئاستە. هەتا ئێسـتاش كچـانی لادێ بـەبێ ڕەزامەنـدی خۆیـان ئەدرێن بەشوو، چەندین جار ئەم مەسـەلەیەم لەڕۆژنامەكانـدا خوێندۆتـەوە بـەڵام سـودی چـییە— بۆچـی بۆشـێری ڕژاو بگـریم؟.. دوای تاوێـك سەرپێچی و شەڕ كردن ڕازی ئەبن و بەزۆر ڕەوانەی ماڵی مێردەكانیان ئەكەن، سەرناهێننە دواوەو ژیانیان ئەگۆڕێت بەدۆزەخ. زۆر لـەم جـۆرە بیرۆكانە لەمێشكمدا وروژان.

ئەوكاتە گیارەشی بەهار بوو لاپاڵەكان بەگوڵاڵە سورە ڕازابونەوە، لەمناڵیمەوە حـەزم لەگوڵاڵـە سـورە بـوو، خۆزگـە ئێسـتا یـەك چـەپكم لـێ ئەچنیو ئەمدا بە ئاسیل، بەڵام لەكوێ ئەیبینی؟!.. لەپڕ تەماشام كـرد، بـڕوام بەچـاوم نـەكرد.. ئـەوە ئاسـیلە، لەلاڕێگەكـە لەسـەر تاوێرێك

دانیشـتوە، لەهــەمان شـوێندا كەئـەو ڕۆژە لۆریەكـەمی تیاچـەقیبوو، وەكـو چـاوەڕوانی‌یەكێك بێـت. بـەرەوڕوی چـووم، بـەترس و لـەرز و حەپەساوییەوە لەتاوێرەكە هاتـە خـوارەوە، دەسـرۆكەكەی لەسـەری كـردەوەو لەدەسـتیدا ئەیگوشـی.. ئاسـیل ئـەمجارە كراسـێكی جـوان و جووتێك پێڵاوی پاژنە بەرزی لە پێدا بوو، ماوەكە دوور بوو، خێرا ئیستۆپێكم كرد.. لەهەڵچوندا دڵم هاتە بوە گەروم :

—ئاسیل چۆنیت؟:

— خۆشبیت. بەدەنگێكی كزەوە وەڵامی دامەوە..

دەستم درێژ كرد تا دەستی بگرم و سواری بكەم بەڵام ڕوی وەرچەرخاند و لەسەر خۆ بەڕێگەكەدا ڕۆشت.. واتە نایەوێت لەلامـەوە دابنیشـێت. بەلۆریەكە بەهەمان ڕەوتـی ئـەو لەتەنیشـتیەوە ئەڕۆیشـتم، دەرگاكـەم بـۆكردەوە.. بـەم شـێوەیە تاوێـك بەیەكـەوە ڕۆیشـتین، ئـەو بـەگوێی ڕێگاكەداو من لە پێشی لۆریەكەدا، بێ ئەوەی كەسمان هیچ بڵێین ... باسی چی بكەین؟؟ ئینجا پرسیم:

— دوێنێ هاتبوی بۆ كێڵگەكە؟:

— بەڵێ، بۆ ؟؟:

— بۆهیچ، هەر ئەپرسم:

— پێویست ناكات بی‌ی بۆئەوێ:

— ویستم بتبینم. هیچی تری نەوت.. ئەو خوازبێنییە نەگریسە هەموو بیركردنەوەی داگیر كردبوو، ئەمویست بزانم چی كـراوەو چـۆن كـراوە، ئەمویست لی‌ی بپرسم، بەڵام زمانم نەیئەهێنا، لەترسی وەڵامەكەی تۆقیبوم. ئاسیل نیگایەكی كردم:

— ئەوە ڕاست بوو؟!.

سەرێكی لەقاند:

—ئم.

كەمەی جڵەوەكە بەدەستمەوە ئەلەرزی.

پرسیم: كەی ئەتگوێزنەوە؟:

— بەم زوانە. بەدەنگێكی بیستراوەوە وەڵامی دایەوە..

ویستم پێی پیابنێم و دەربچم بەرەو شوێنێك كەس نەزانێت، لەجیاتی پێ بنێم بەپێگازەكـەدا پـێم نـا بـە كلاجەكـەدا، توتومبیلەكـە قرەیـەكی لێوەهات. ئاسیل خۆی لادا، بێ ئەوەی داوای لێ بوردنی لێبكەم— چونكی شتی‌وام لەبیر نەمابوو— :

— ووتم یانی جارێكی تر یەكتر نابینینەوە؟!:

— نازانم بەڵكو:

—ئاسیل وەرە سەركەوە:

—نەء. برۆ نزیكی ئاواییە.

دوای ئەوە هەموو جارێك لەسەر ڕێگاكە چاومان بەیەك ئەكەوت. وەكو شتەكە ڕێكەوت بێت، هەموو جارێ ئەو بەقـەراغی ڕێگاكـەدا ئەڕۆیشـت، منیش لەناو لۆریەكەمدا.. جەرگ برە بەڵام چار چی‌یە!

دەربارەی دەزگیرانەكەی هیچم نەپرسی، چونكە یەكەم جوان نەبوو دوەمیش خۆم نەم ئەویست، ئەویش بەپی‌ی قسـەی خـۆی دەزگیرانەكـەی زۆر نەئەناسی، لەدایكیەوە خزمیان بـوو، لەدێیـەكی سـەختی كوێسـتان ئـەژیان، لەكۆنـەوە كـچ گۆڕینـەوەیان لەنێوانـدا بـوە، ئەگـەر خـراپم نەوتبێت، بۆئەوەی كەسایەتییان تێكەڵ بەڕەچەڵەكی تر نەبێت.

باوكی ئاسیل بیری لەوە نەكردبوەوە بێجگە لەم خزمانە بیدا بەكەسی تر بۆیە من هەر بۆم نەبوو باسی خۆم بكەم. من كێم.. خـەڵكی كـوێم.. ئەم شۆفێرە بێ كەس و كارە لەكوێوە هاتوە؟!. من خۆم پركێشی ئەوەم نەئەكرد شتی وا بدركێنم.

ئاسیل ئەو ڕۆژانە كپ و بێدەنگ بوو، هەمیشە شتێكی هەبوو بیری لێ بكاتەوە، من خۆم بەهیوای هـیچ نـەبووم، تـازە چارەنوسـی براوەتـەوە، یەكتر بینینمان جی‌ی هیچی نەئەگرت، لەگەڵ ئەوەشدا هەردووكمان وەك منـداڵ لـەبیری خۆمـان ئـەبردەوەو خۆمـان لێ گێـل ئـەكرد، هەمیشـە یەكتریمان ئەبینی، لەبەر ئەوەی نـەمان ئـەتوانی یـەكتر نـەبینین، هەریەكـەمان هەسـتی كردبـوو بـەبێ ئـەوی تـر نـاژی، پێـنج ڕۆژ بـەو جـۆرە

ماینەوە.

بەیانییەك زوو لەگەراج بووم ئەمویست باربکەم، لەپڕ بانگ کرام بۆ نوسینگە:

- مژدەم بەرێ. کادیچا بەڕویەکی خۆشەوە بەردەمی گرتم.. گواستراویتەوە بۆ هێڵی (سینگیانگ).

هەواڵەکە وەك خەنجەرێك بدەی لەناوشانم وابوو، ئەم ڕۆژانەی دواییی دوعام ئەکرد هەتا هەتایە لەڕێگای کۆڵخۆزەکە ئیش بکەم. ڕێگای چەند ڕۆژێکی پێدەچێت، کێ دەزانێ کەی دەگەڕێمەوە بۆلای ئاسیل! چۆن لەپڕ ئەو ماوە درێژە وون ببم بێ ئەوەی ئاگاداری بکەم؟!.

کادیچا هەستی کرد:

- چییە ئەڵێی پێت ناخۆشە؟.

بەدوودڵییەکی ئاشکراوە پرسیم :ئەی کۆمەڵ هەرەوەزییەکە؟ خۆ هێشتا ئیشەکانیان تەوا نەبوە.

کادیچا بەسەرسوڕمانەوە شانێکی هەڵتەکاند.. بەڵام تۆ پێشتر ئەتوت حەز ناکەی لەوێ ئیش بکەیت.

هەڵم دایە: ئەوە ئەو کاتە بوو.

لەسەر کورسییەك دانیشتم و تیا مابووم، نەمئەزانی چی بکەم. جانتای هات. دیار بوو ئیشەکەی منیان سپارد بوو بەو، گوێم هەڵخست، وای بۆئەچوم جانتای نەیەوێت بچێت، چونکە لەناوخۆدا پارەی زیادەی بۆ خەرج نەئەکرا، بەڵام بۆنەگبەتی من فەرمانی بارکردنەکەی وەرگرت و ووتی: کادیچا بۆکوێم بنێرێت ئەچم، هەتا ئەگەر بۆ ئەوپەری دنیاش بێت.. بەتایبەتی ئێستا بەرخیش هەراش بوە، بەڵکو لەولادێیانە بەرخێکت بۆبێنم. ئەوجا منی بینی:

—ببورە من لە هێڵەکەی تۆ ئیش ئەکەم:

— بچۆ دەرەوە. بە بێزارییەوە پێم ووت، بێ ئەوەی سەر هەڵبڕم.

کادیچا دەستی خستە سەر شانم ووتی:

- بۆلێرە دانیشتوی ئەلیاس ؟

پێم ووت:

— کادیچا ئەبێ بچم بۆ کێڵگەکە.. بەڵکو بمنێریت بۆ ئەوێ:

— شێت بویت.. بەبێ فەرمانی دەرچون چۆنت ئەنێرم؟. بەگومانەوە سەیری دەم وچاوی کردم.. دوای ئەوە بۆچی ئەتەوێت بچی؟!.

وەڵامم نەدایەوە. بێدەنگ هاتمە دەرەوە، بەرەو گەراجەکە چووم، جانتای بەلۆریەکەوە دای بەلامدا، بەپێ ڕابواردنەوە چاوی لێ دائەگرتم، خەریك بوو دەعامییەکم لێدا. مێشکم جەنجاڵ بوو، وەستام، بیرم کردەوە..هیچ چارەیەکم نەدۆزیەوە.

چوم بۆ بەنگەڵەی بارکردن، چەند ئۆتومبێلێکی کەمم لە پێشەوە بوو، هاوڕێکانم بانگیان کردم جگەرەیەك بکێشم، بەڵام دانەبەزیم. چاوم ئەنوقاند ئاسیل ئەهاتە بەرچاوم، بێهوودە لەسەر ڕێگاکە چاوەڕوانم ئەکات، ڕۆژێك، دوان، سیان، دێتەوە هەمان شوێن. دوای ئەوە ئەبێ چیم پێ بڵێ؟!. سەرەم نزیك بوەوە.. لۆریەکەی پێش منیان بار ئەکرد، پاش ماوەیەك چومە ژێر سلنگەکە، لەدڵی خۆمدا ووتم ببورە ئاسیل.. ببورە نەونەمامە کۆرپەکەم!

لەپڕ خەیاڵێك هات بەسەرمدا: ئەتوانم بچم پێی بڵێم و بگەڕێمەوە.. هیچ ناقەومێت ئەگەر چەند سەعاتێك لەگەشتەکەم دوا بکەوم، دوای ئەوە مەسەلەکە لەبەڕێوەبەری بنکەکە ئەگەیەنم و یارمەتیم ئەدات. وادابنێ پەنچەرییەکە.ئەگەر لێشم تێنەگەشت با سزام بدات، سەرزەنشتێکم بۆ دەربکات. بەڵام ناتوانم نەچم.. ئەرۆم. ئۆتومبێلەکەم ئیش پێکرد بۆئەوەی بێمە دواوە، بەڵام لۆری ترم لەدواوە بوو، لۆریەکەی بەردەمم بارەکەی تەواو بوو. شۆفێری سلنگەکە ووتی:

- وەرە پێشەوە. : ئەلیاس،

تازە تەواو! سلنگەکە لوتی بەسەرما شۆڕ کردەوە، کار لەکار ترازا!.. بۆزوتر بیرم لەمە نەکردبوەوە؟! لۆری تازە بارکرا.. قوڕی کوێ بکەم بەسەرمدا؟! لەو کاتەدا کارمەندەکە هات، فایلەکەمی بەدەستەوە بوو،سلنگەکە لەئاوێنەکەوە ئەملاو ئەولای ئەکرد، خەریك بوو وردە وردە دائەبەزییە ناو بۆدیەکەم.. لەو چرکەیەدا هاوارم کرد:

ڕاوەستە!.

مەكینەكەم نەكوژاندبوەوە، لەبەر ئەوە ئوتومبیل وەكوكێچ لەژێر سلێنگدا دەرچو. لەدوامەوە بـوو بـەهاوار و فیكـە لێـدان و جنێـو دان.. كـردم بەناو ڕاڕەوی كەل و پەلە هەڵچنراوەكان و دارو تەختەو كۆمەڵێ خەڵوزی هەڵڕژاودا. بەسەر كەمەی جلەوەكـەوە ووشـك بوبـوم، زەوی بەرگـەی نەئەگرتم، لەگەڵ لۆریەكەدا بەم دیو دیودا ئەكەوتین، بەڵام بەوە ڕاهاتبوم.خێـرا گەیشـتم بـە جانتـای، سـەری لەجامەكـەوە هێنـابوە دەرەوە، لەسەرساميدا چاوی زەق بوبو، ناسیمیەوە. ئەبوایە كە بینیمی بەو خێراییە ئـەڕۆم ڕێگاكـەی بـۆ چـۆڵ بكردمایـە، بـەڵام ئـەوە جانتـای نییـە ! مانای ئەوەیە نایەوێ تێپەڕم، من چومە سەر خۆڵەكەو لەتەنیشتیەوە بە بەیارەكەدا ئەڕۆیشتم.. جانتای زیاتر پێی لێدائەگرت و ئەیشـكاندەوە سەرم، ماوەیەك بـەو جـۆرە پێشـبڕكێمان كـرد، ئـەو لەسـەر جادەكـەو مـن لەسـەر خۆڵەكـە، هـەردووكمان بەسـەر كەمەكانـدا نوشـتابوینەوەو خێسەمان لەیەكتر ئەكرد و جنێومان بەیەكتر ئەدا. هاواری لێكردم:

بۆكوێ.. بۆ وا ئەكەی؟!.

بەمستە كوڵە هەڕەشەم لێ كرد.

لەبەر ئەوەی  لۆریەكەم خاڵی بوو پێشی كەوتم و بەجێم هێشت.

ئاسیلم نەدی.. كە گەیشتمە ناودێ هەناسە بڕكێكم پـێ كـەوتبوو، وەكـو بـەڕاكردن هـاتبم قـوڕگم ووشـك بوبـو، كەسـم نـەدی، نەلەحەوشـەی ماڵەكەیانداو نەلەكۆڵانەكەدا، جگە لە ئەسپێكی زین كراو كە بەگوێسوانەكەوە بەسـترابوەوە: چـی بكـەم؟! بڕیارمـدا چـاوەڕێ بكـەم. لـەدڵی خۆمدا ووتم:

– لۆریەكە ئەبینێت و دێتە دەرەوە.. بۆنیتەكـەم هەڵدایـەوەو سـەرم كـرد بـەناو مەكینەكـەدا وەكـو شـتێك چـاك بكـەم ، بەلاچـاویش سـەیری دەرگاكەم ئەكرد، زۆری نەبرد دەرگاكە كرایەوە، دایكی و پیاوێكی ڕیش ڕەشی بەتەمەنی تێكسمڕاو هاتنە دەرەوە، پیاوەكە كراسـێكی بـازەو هێلەكێكی مەخمەڵی لەبەردا بوو، قامچی‌یە كی جوانی بەدەستەوە بوو،سورە سوری ڕومەتی ئـەهات، دیـاربو لەسـەر چـا خـواردن هەڵسـابوو، بەرەو شوێنی ئەسپەكە چوون و دایكی ئاسیل بەرێزەوە ئاوزەنگی‌یەكەی بۆگرت و یارمەتی دا سواری ئەسپەكە بێت،

ووتی: ئێمە زۆر بەخوازبێنییەكەتان دڵخۆشین.. خـەمتان نـەبێت ئێمـەش  لای خۆمانـەوە ئـەركتان ناخەینـە بـەر، هەرچـیمان لەدەسـت بێـت بۆكچەكەمانی ئەكەین.. سوپاس بۆخوا دەست كورتیش نین:

—بەڵێ، (بابیجە)* هەرچی ئێوە بیكەن بۆ ئێمە زۆرەو جێی ڕێزە. ئەویش وەڵامی دایەوە، لەكاتێكدا خۆی چاك ئەكرد ئیسراحەت تـر لەسـەر زینەكە دابنیشێ.. خوا بوك و زاوامان بێوەی بكات سەبارەت بەكەل و پەلیش دڵ لـە دڵ مـەدە ئـەوە بـۆ منـاڵی خۆمانـە، خـۆ بێگانـە نییـە.. ئەمەش یەكەم جارمان نییە ژن و ژن خوازیتان لەگەڵدا بكەین.. (بابیجە) سەری تۆ خۆش بێت ڕێكەوتین لەسەر ڕۆژی هەینی ؟!

—: ڕۆژی  هەینی ڕۆژێكی پیرۆزە.. دڵنیابن، خوات لەگەڵ بێت.. سڵاو لەكەیبانوت ئەكەم.

لەدڵی خۆمدا ووتم: ڕۆژی هەینی بەهیوای چی بن! ئەمڕۆ چەند شەممەیە؟ چوار شەممە !. بەڕاست! دوو ڕۆژی تر داگیری ئەكەن ؟ئـاخ كـەی ئەم نەریتە كۆنەی ژیانی ئێمەی لاوانی كردوە بەدۆزەخ كۆتای پێ دێت؟!...

كابراكە بەنەرمەغار ڕوی كردە شاخەكە. دایكی ئاسیل چاوەڕوانی كرد تا دوور كەوتەوە. ئەوجا ڕوی كردە من و سەیرێكی نادۆستانەی كـردم و ووتی: ئەوە چی ئەكەی هەموو ڕۆژێ لەم بەرو بەردەرگایە..وائەزانی ئێرە كاروان سەرا (caravan serai )یە؟!.. بڕۆ جارێكی تر لـەم نـاوە نەوەستیت.. گوێت لێیە؟.. لەگەڵ تۆمە.

مانای وایە هەستی كردوە:

- شكاوم. بۆڵەیەكم لێوەهات و تا ناوقەدم كـرد بـەناو مەكینەكـەدا. نـەء نـاڕۆم تـا نـەیبینم. پیرێژنەكـە ورتـە ورتێكـی لێوەهـات و چـوە ژورەوە.

هاتمە دەرەوەو لەسەر چەمەنلغەكە دانیشتم، جگەرەیەكم داگیرساند، كچـێكی بچـكۆلە بـەرەو ڕوم هات،بـەدەوری لۆریەكـەدا هەنگـە شـەلێی ئەكرد، لە ئاسیل ئەچوو. بڵێی خوشكی بێت!. بەدەم هەڵقونینەوە ووتی:

– ئاسیل ڕۆیشت.

— بۆكوێ.؟؟ گرتم.

---

*بۆ ڕێز لێنان لە ئافرەت بەكاردێت وەكو (باجی) یان (دادە)ی كوردی...ت.ع

– بۆكوێ چوو ؟؟

– چوزانم.. بەرم دە ! . ڕای كرد و زمانێكی لێ دەركێشام.

بۆنیتەكەم داخستەوەو لەپشت كەمەكەوە دانیشتم.. بۆكوێ بچم و كوێی بەدوادا بگەڕێم ! . كاتی ئەوە هاتبوو بگەڕێمەوە. هێواش ئـەمروانی.. گەیشتمە پێدەشت، لای پردێكی بچـكۆلەوە لەسـەر جۆگەیـەك وەسـتام.مێشـكم لـەكار كـەوتبوو.. نەمئـەزانی چـی بكـەم.. هاتمـە خـوارەوەو لەشەكەتیدا خۆمدا بەزەویدا : ئای كە ڕۆژێكی شومە ! نە ئاسیلم دی.. نەبارەكەشم برد.

لەبیركردنەوەدا نوقم بووم. من لەم جیهانەدا نە هیچ ئەبیستم و نـە هـیچ ئـەبینم. نـازانم چـەند ڕاكشـابووم.. بـیرم ئـەكردەوە، سـەرم هـەڵبڕی، سەیرم كرد لەژێر ئوتومبیلەكەوە لەودیوەوە هەردووقاچی كچێكم بینی، جوتێ پێڵاوی پاژنە بەرزی لەپێ دا بوو.:

خۆیەتی ! دەست بەجێ ناسیمەوە. تەزویەكی خۆشی بە گیانمدا هات..گویم لە تەپەی دڵیخۆم بوو، هەستامە سەرچـۆك.. بـەڵام هێزیـان تیـا نەبوو هەستمە سەرپێ، جارێكی تر و لەهەمان شوێنی جاران دا كە بۆیەكەم جار یەكمان بینی.. بەدووقاچە پێڵاو پاژنە بەرزەكەم ووت:

– مەوەستە پورێ. ئاسیل لەمەبەستم گەیشت

—من پورێ نیم !.

—ئەی جنۆكەیت؟؟

—نەخێر كچم!.

—جا خوا بكات لە مەیموون نەچیت!.

بە یەكەوە دەستمان كرد بە پێكەنین، ڕاست بوومەوە،بەرەو ڕوی چووم، ئەویش هات بەپیرمەوە. بەرامبەر یەك وەستاین. جوانترین كـچ لـە دنیادا.. ئەلێیت خەڵفە چنارەو بە دەم شنە باوە ئەشنێتەوە..كراسێكی قۆڵ كورتی لە بەردابوو، دوو كتێبی لە بن دەست دا بوو پێم ووت:

—چۆنت زانی لێرەم؟.

لە كتێبخانە هاتمە دەرەوە جێ تایەی لۆریەكەتم لە سەر جادەكە دی..

—بە ڕاستە ؟!.

ئەوەم لە ووشەی خۆشم ئەوێیت بەلاوە گرنگتر بوو..یانی خۆشی ئەوێم و بیری لەلام بووە، بۆیە شوێن تایەی ئۆتۆمبیلەكەمی ناسیوەتەوە...

ئیتر بەلە هاتم بۆ ئێرە، دڵم خەبەری دابوو ئێستا چاوەڕوانم ئەئەكەیت.دەستیم گرت:

سەركەوە ئاسیل،با تۆزێك بە ئۆتۆمبیلەكە بڕۆین.

بێ دوو دڵی ڕازی بوو.

خۆمم لە بیرچووەوە، هەموو شتێكم لە بیر چووەوە.. وەكو دەسـتێك هـەموو مەترسـی و خـەم و خەفەتـەكانمی سـڕیبێتەوەو هـیچ نەمابێتـەوە تەنیا هەردوكمان نەبێت،تەنیا خۆشی و كامەرانی ئێمەو ئاسمان و جادە نەبێت. دەرگاكەم بۆ كردەوە، سوارم كرد..لەسـەر كەمەكـە دانیشـتم، بێ هیچ مەبەستێك ڕێگامان گرتە بەر..نەمان ئەزانی بۆچی و بۆ كـوێ و ئەچـین! ئـەوە گـرنگ نـەبوو بەلامانـەوە، گرنگ ئەوەیـە لـە تەنیشـت یەكەوە دانیشتوین، سەیری چاوی یەكتری ئەكەین و دەستی یەك ئەگوشین..

ئاسیل تەپلە سەربازیەكەمی ڕاست كردەوە (كە دوو ساڵ زیاتر بوو لە سەرم ئەكرد):ئاوا قۆزتری!.

ئەوەی ووت و بە نازەوە سەری نا بە شانمەوە. لۆریەكە دەشتی گرت بە كۆڵـەوە، پێشـبركێی لەگـەڵ باڵنـدەدا ئـەكرد..جیهـان هـەمووی لـە گەڵماندا ئەجووڵا..هەموو سروشت بە ڕاكردن ئەهات بە پیرمانەوە :چیاو كێڵگە و دارستان .... شەماڵ ئەیدا لـە ڕوومـان..ئـەوان بـەرەو ڕووی ئێمەو ئێمە بەرەو ڕووی ئـەوان. ڕۆژ بەسـەر سـنگی ئاسمانـەوە بسـت بەبسـت لـە گـەڵمان ئـەهات و بـە جـێی نـە ئەهێشـتین..پـێ ئەكـەنین، ئەتریقاینەوە.هەوا بۆنی سێپەڕەو كەنێرەی ئەهێناوپڕ بە سییەكانمان هەڵمان ئەمژی .... پۆڕێك كە لە گوێی ڕێگاكە چینەی ئـەكرد، هەڵسـاو بە نزمی لە تەنیشتمانەوە بەسەر ڕێگاكەدا ئەفڕی، وەكو پێشبركێمان لە تەكدا بكات. گەیشتین بە دوو سوار، ئەسپەكانیان سـڵەمینەوەو لایـان دایە گوێی ڕێگاكە، دوای ئەوە بە هاوارو دەست ڕاوەشان دوامان كەوتبوون.

-هیی ڕاوەستە !

ئەسپەكانیان دابوە بەر قامچی و چوار ناڵەیان ئەكرد.

ئەبێت كێ بن؟!. من نازانم !.لەوانەیە ئاسیل بیان ناسێت !..زۆری پێ نەچوو بە جێمان ولە تەپ وتۆزدا وون بوون.

گالیسكەیەك لە پێشمانەوە بوو، ئەویش لارێی گرت وكوڕو كچێكی گەنجی تیابوو، دەستیان خستبووە سەر شانی یەكتری. خۆیان بەرزكردەوە و ئێمەیان بینی، هەردوكیان بە دەست ڕاوەشاندن سلاویان لێ ئەكردین سەرم لە جامەكە هێنایە دەرێ و هاوارم كرد

—زۆر سوپاستان ئەكەین.

دەشتەكە كۆتایی هات و گەیشتینە سەر قیرەكە.جادە بەرگەی نەئەگرتین، قەف قەف ئەبوو بەژێر ئۆتۆمبیلەكەوە و لوول ئەبوو.دەریاچەكە لێمانەوە نزیك بوو، لە ڕێگاكە دەرچووم و دەستم شكاند، بە ناو زەوییەكی بەیاری زەبەندا، بەرەو كەناری دەریاچەكە.لە سەر گردێك بەرامبەر ئاوەكە وەستام..شەپۆلە شینە كەفاوییەكان وەكو بە داوێك بەیەكەوە بەسترابنەوە یەك لە دوای یەك ڕوویان ئەكردە كەنارە زەردەكەو لەسەر لمەكە گیانیان دەرئەچوو.خۆر لە كەل چوو بەو دیوا،لە دوورەوە ڕوبەری ئاوەكە ئەنگۆرەیی ئەینواند.. لەمبەریشەوە بەفری لوتكەی چیاكانی بەرامبەر خۆر نشین، بوبو بە هێلێك نەیئەهێشت زەوی و ئاسمان تێكەلْ ببن..چەند پەڵە هەورێكی پەمەیش لەئاسمان تۆرابوونو بەرەو دۆڵەكان دائەكشان:

— سەیركە ئاسیل ئەوە( قازوقولنگ)ە.

دەریاچەی ئیسیك — كولْ لە پایزو زستانا نەبوایە قازوقولنگی تیا نەبوو، بەدەگمەن بەهاران لەوناوە ئەبینران.ئەڵێن ئەوە قەل مراوی باشورەو ئەچێت بۆ باكور و نیشانەی خۆشییە.. پۆلێك قازی سپی بەسەر دەریاچە نارنجییەكەدا فڕین، پۆلێك باڵندەی وردیش لەئاسمانەوە داهاتنەوە، لەپڕ هەلسانەوە.. هەندێك مراوی و مریشكە ڕەشەو نەورەسیش وەكو تەختە سەرئاو كەتبون و باڵەكانیان بلاوكردبووەوە و كردبویان بەشڵپە شڵپو جیكە جیك و زیكە زیك.. دەنوكیان لەسەروپۆپی یەكتری ئەدا.

دەستم شكاند، لەپڕ وەكو فەرمانیان پێ كرابێت هەموویان پێكەوە ئەیاندا لەشەقەی باڵو لەئاسمان دا لەیەك جیائەبونەوە و.. هەر توخمە بەلایەكدا، بەیەك ریز ڕویان ئەكردە كەنداوەكە،تا بەلاپاڵەكەوە شەو بەسەر بەرن.بەبێ دەنگی لەپشت لۆریەكەدا دانیشتبوین، سەیری قولنگەكانمان ئەكرد..وەكو هەموو شتێك لەنێوانماندا بڕابێتەوە، هەڵم دایەو ووتم:

- سەیری ئەو بەنگەلانە بكە لەو بەرەوە لەسەر كەنارەكە، ئەوە بنكەكەمانە! ئەمەش .. بەدەست ئیشارەتم بۆ پێشی لۆریەكە كرد.. ئەمەش ماڵەكەمانە. پێكەنیم.. هیچ شوێنێكم نەبوو بۆی بەرم.

ئاسیل سەیری چاوەكانی كردم و باوەشی پیاكردم و سەری نا بەسنگمەوە، تاوێك پێئەكەنی و تاوێك ئەگریا..

— خۆشەویستەكەم.. گیانەكەم.. من ماڵم ناوێ بەس خۆزگە دایكم و باوكم لێم تێ ئەگەیشتن..ئەگەر لەدوا ڕۆژیشدا بوایە..

تازەهەتا ماون خەفەت ئەخۆن، من ئەزانم.. بەلام تاوانی منی تیایە؟؟.

هێدی هێدی تاریك داهات، هەورەكان بەری ئاسمانیان گرت و بەرەو ئاوەكە شۆڕ ئەبونەوە، دەریاچەكە دەستی كرد بە دابەش كردنی وردە شەپۆلی ڕەش. تاریك بوو، ئاسمان چەخماخەی ئەداو هەورە بروسكە هەر جارەی لایەكی ڕوناك ئەكردەوە، وەكو بەدوای شتێكدا بگەڕێت. هەور ئەیگرماند..: تاوێك بارانی بەهار بەڕێوەیە، قازو قولینگ بەخۆڕایی نییە ڕویان كردۆتە ئێرە. لەو بڕوایەدا بووم تەڕو توشی تا لوتكەی چیاكان یەخەیان بەرنادات و دوایان ئەكەوێت.

گرمە و ناڵە و هەورە بروسكە چاویان لێك نەئەنا، بارانێكی بەخوڕ وەك شولْ تەیمان ئەهاتە خوارەوە، دەریاچەكە ماخۆلانی پێكەوت، شەپۆلەكانی پەلاماری یەكیان ئەدا و یەكتریان بەرەو كەنارەكە ڕاوئەنا، ئەمە یەكەم زریانی بەهارەو یەكەم شەوی ئێمەشە.

ئاو تالْ تالْ بە جامی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەكەدا ئەهاتە خوارەوە، شریخەو بروسكەی چەخماخەیەك دەریاچە فراوانە ڕەشەكەی كرد بە ڕۆژی نیوەڕۆ، خۆمان نوساندبوو بەیەكەوە، بە چپە قسەمان بۆ یەكتری ئەكرد.. هەستم كرد ئاسیل لە ترساو لە سەرمادا ئەلەرزێت، چاكەتەكەی خۆمم پیادادا، توندتر باوەشم پیاكرد و گوشیم. هەرگیز هەستم نەكردوە ئەوەندە سۆز و دڵسۆزی لە ناخمدایە.. هەستم بە چێژێكی تایبەتی ئەكرد كە مەخلوقێك ئەلاوێنم و ئەپارێزم. چرپاندم بە گوێیدا:

هەرگیز ڕێگا نادەم هیچ كەسێك دڵتەنگت بكات، نەونەمامە دەسرۆكە سورەكەم. تاوە بارانەكە خۆشی كردەوە، بەلام شەپۆلەكان هێشتا لەیەك نەبوبونەوە. ڕادیۆیەكی بچوكم پێ بوو.. لەم كاتەدا ئەوە تاكە سەرمایەی بەنرخم بوو. ئێستگەیەكم وەرگرت. ئێستاش لەیادمە بالیەی (چۆڵبۆن) یان لە شانۆی فرۆنزەوە ڕاستەوخۆ پەخش ئەكرد. لە پشت لوتكەی ئەو زنجیرە شاخانەوە مۆسیقایەكی سازگاری وەك

خۆشەویستیەكی بەهێز، كە بەسەرهاتەكانی ئەو بالییەیان ئەگێڕایەوە خۆی ئەكرد بە پێشی لۆریەكەمدا.. بینەرانی ناو هۆڵەكە دایانە هاڕەی چەپڵە و فیكەو هاواركردن.. لەوانەیە ئەكتەرو سەماكەرە كوڕو كچەكانیشیان گوڵباران كردبێ، بەڵام بڕوا ناكەم هیچ كام لە بینەران هەستی بەو خۆشیو شادیەی ئێمە كردبێت كەلەسەر (ئیسیك– كولێ) لە پێشی ئۆتومبێلێكدا بەسەری ئەبەین.

بالیەكە باسی ئێمەی ئەكرد، دڵدارییەكەی ئێمەی ئەگێڕایەوە. زۆر دڵتەنگ بووین بە چارەنوسی (چۆڵبۆن) كە بەدوای بەختیاری خۆیدا وێڵە. من چۆڵبۆنی ئەستێرەی بەرەبەیانی خۆمم لەگەڵدا بوو. لە نیوەشەودا لەسەر شانم خەوی لێكەوت. من نەمزانی خەو چییە، بە ئەسپایی دەستم ئەهێنا بە قژو دەمو چاویداو گوێم بۆ هەناسەی ئیسیك –كولێ گرتبوو.. بەیانی چووین بۆ بنكەكە، چینێكی باشیان پێكردم، بەڵام كە مەسەلەكە تێ گەشتن چاوپۆشییان لە سزادانم كرد، دوایی بۆیان باس كردم چۆن لە ژێر سڵنگەكە رامكردووە و بۆی دەرچووم.

تاماوەیەكی زۆر قسەو باسی ناو بارخانەكە بوو.ئەبوایە گەشتەكەی (چین)م بكەم.. بڕیارم دابوو ئاسیل لەگەڵ خۆم نەبەم، بە هیوا بووم لای عەلی بەگ جانتۆرینی هاوڕێم بەجێی بێڵم كە لەگەڵ خێزانەكەیدا لە بنكەی زاری دەربەند لە نزیك نارین لەسەر سنور ئەژیان. هەموو جارێك كە باری (چین)م پێ بوایە لە هەردوو سەرەوە سەرم لێئەدان.. ژنەكەی عەلی بەگ هەتا بڵێی رێك و پێك و بەڕێز بوو، منیش زۆر رێزم ئەگرت. دەرچووین. سەرەتا لە كۆگایەكی سەر ڕێگا هەندی جل و كەلوپەلم بۆ ئاسیل كڕی چونكە تەنیا هەر ئەو كراسەی پێ بوو كە لەبەریدا بوو، جگە لەو شتانە شاڵێكی گەورەی گوڵداری جوانمان كڕی، ئەوەمان زۆر بەدڵ بوو.

لە ڕێگا بە شۆفێرێكی پیری خۆمان گەیشتین كە ناوی مام ئورمان –ئەكە بوو، لە دورەوە ئیشارەتی بۆ كردم بوەستم.برێكم كردو هەردوكمان دابەزین:

–سەلاموعەلەیك مام ئورمان– ئەكە.

–عەلیكومەسەلام ئەلیاس..[*]

ئەم هەڵۆیە شایانی ئەو تەوارەیە!

بە گوێرەی دابو نەریت پیرۆزبایی لێكردم.

– بە دایك و باوكی كوڕ بن، بەیەكەوە پیروخەڕۆ بن.

–زۆر سوپاس !..تۆ لەكوێ ئەمەت زانی ئورمان –ئەكە؟ بەسەرسوڕمانەوە لێم پرسی:

كوڕم هەواڵی خۆش ناشارێتەوە، دەماودەم بڵاوئەبێتەوە. بەسەرسوڕمانێكی زیاترەوە ووتم:

ئەوە بەڕاستتە؟!.

لەسەر جادەكە وەستاین و بەیەكەوە قسەمان ئەكرد، بێ ئەوەی ئورمان –ئەكە لە لۆریەكەم نزیك بێتەوە و سەیری ئاسیل بكات..

خۆش ئەوەیە ئاسیل تێ گەیشت مەسەلەكە چییە و باسی چی ئەكەین، عاقڵانە دەسرۆكەكەی دا بەسەریدا و رووی خۆی داپۆشی.

ئورمان –ئەكە زەردەخەنەیەكی خۆشحاڵی گرتی و ووتی:

-ئائێستا تەواوە.. زۆر سوپاس كچم، بۆ ئەو رێزە.. تۆ لە ئێستاوە بوكمانیت!.. بوكی هەموو پیرەكانی بنكەكەیت.. ئەم پارەیە بگرە ئەلیاس، پۆیلانەی بوكەكەتە.

نەمتوانی پارەكەی لێ وەرنەگرم لە ترسی ئەوەی لێم زویر نەبێت. ڕۆیشتین. ئاسیل چارشێوەكەی لەسەر خۆی لانەدا.. لە پێشی لۆریەكەدا دانیشتبوو، وەكو بە بووكی هاتبێتە ماڵێكی كەرگیزیی ڕاستەقینە. كەئەگەیشتین بە شۆفێرەكانی هاوڕێم، تاراكەی دائەدایەوە و كە هەر خۆمان ئەبووین ئەمانكرد بە پێكەنین..ئاسیل بەو تارایەوە زۆر لە خۆی جوانتر بوو.

پێم ووت:

دەستگیرانەكەم، چاوەكانت هەڵبڕەو ماچێكم بدەرێ!

لاچۆ خەڵك ئەمانبینێت. وەڵامی دامەوەو بەدەم قاقاوە ماچێكی كردم وەكو بە دزییەوە لێی فڕاندبم. هەموو شۆفێرەكانی بنكەكە كە ئەیان بینین ڕایان ئەوەستانین و پیرۆزباییان لێ ئەكردین و هیوای خۆشیان بۆ ئەخواستین.. زۆریشیان لەڕێگا دابەزیبونو چەپكە گوڵ و شتی تریان بە دیاری ئەدایني.

---

[*] لە دەقە ئینگلیزییەكەشدا بەو جۆرە نوسراوە......ت.ع

نازانم كێ ئەو بیرۆكەیەی داهێناوە ئۆتۆمبێلی بوك و زاوا برازێنرێتەوە!.. لەوانەیە باووباپیرە ڕوسەكانی ئێمە بن. بەو جۆرە لۆرییەكەمان بە قردێلەی سورو شین و سەوز و دەستە سرِی ئاوریشم و چەپكە گوڵ ڕازێنرایەوە.. وای لێهاتبوو –لەوانەیە– لە دووری دەیان كیلۆمەترەوە ببینرایە.

لەگەڵ ئاسیل دا زۆر دڵخۆش بووین.. زۆر شانازیم بە برادەرەكانمەوە ئەكرد.ڕاستیان ووتوە دۆست و دوژمن لە تەنگانەدا دیاریی ئەدات، بەڵام بەڕای من لە خۆشیشدا دیاری ئەدات.

لە ڕێگا بە عەلی بەگ جانتۆرینیش گەیشتین، كەنزیكترین هاوڕێم بوو، دوو ساڵ لەمن گەورە تر بوو، پیاوێكی قەبەی كەللە زلی وریا و بەكار.. شۆفێرێكی شارەزا بوو. لە بنكەكەدا ڕێزێكی زۆریان لێ ئەگرت و هەڵیانبژاردبوو بۆ نوێنەرایەتی لیژنەی سەندیكا. ئەموت ئەبێ بڵێ چی؟!.

عەلی بەگ بێدەنگ سەیری ئۆتۆمبێلەكەی كردین و سەرێكی لەقاند، لە ئاسیل هاتە پێشەوە، تەوقەی لەگەڵ كرد و پیرۆزبایی لێكرد.ووتی:

-ئابێنە فەرمانی دەرچوونەكەت!

پێم سەیر بوو، بێدەنگ پەڕە كاغەزەكەم دایە دەستی. عەلی بەگ پاندانێكی دەرهێناو بە خەتێكی درشت لەم پەڕی كاغەزەكەوە بۆ ئەو پەڕی نوسی (گەشتی ژمارە 167ی بوك و زاوا ).. ئەوە ژمارەی پسوڵەكە بوو. بەسەرسامییەوە ووتم: ئەوە چیت كرد؟ ئەوە وەرەقەی ڕەسمییە.!

بە پێكەنینەوە ووتی : با بۆ یادگاری بمێنێت..تۆ وائەزانی فەرمانگەی ژمێریاری مرۆڤی لێ دانانیشێت؟ بێنە دەستت، دەستی كردە ملم و ئەملاو لامی ماچ كرد، بەیەكەوە پێكەنین و هەریەكەمان بەرەو لۆریەكەی چوو، بەڵام عەلی بەگ وەستاندمی و پرسی:

ئەی لە كوێ ئەژین؟. دەستم ڕاكێشا بۆ پێشی لۆرییەكەم:

–لەماڵەوە

-لە پێشی لۆریەكەتدا؟!.. منداڵەكانیشتان هەر لەوێدا بەخێو دەكەن ؟!. گوێ بگرە، وەرنە شوققەكەی ئێمە لە وێستگەی بەردەریەند.. من خۆم قسە لەگەڵ بەڕێوەبەری بنكە ئەكەم.. ئێمە ئەچینە خانوە تازەكەی خۆمان.

-بەڵام خانوەكەتان هێشتا تەواو نەبووە.

عەلی بەگ نزیك بنكەی لۆرییەكان خەریكی دروستكردنی خانویەك بوو، منیش هەركاتێك ئیشم نەبوایە ئەچووم یارمەتیم ئەدا.

-قەیناكات هیچێكی وای نەماوە.. ئێوەش ناتانەوێت زۆر گەورە بێت..تۆ خۆت ئەزانی خانوو بە ئاسانی دەست ناكەوێت.

–زۆر سوپاست ئەكەم.. ئێمە لەوە زیاترمان ناوێت.. ئەمویست ئاسیل ماوەیەك لای ئێوە بێت تا شوققەكەمان بۆ چۆڵ ئەكەن.

- بەهەر حاڵ جارێ لای ئێمە بن.. كە گەڕایتەوە چاوەڕوانم بكە و لەگەڵ ژنەكەما هەموو شتێك تاوتوێ دەكەین. چاوێكی داگرت و بەچاو هەڵتەكاندن ئیشارەتی بۆ ئاسیل كرد..بەڵی ئەوە بەدەست ژنەكانمانە !.. گەشتی بوك و زاوایی بەخۆشی. عەلی بەگ لەدوامانەوە هاواری كرد:

بەڕاست خۆ ئەمە گەشتی بوك و زاوایی مانە، بەڵام چ گەشتێك.. !.زۆر كامەران بووین، چونكە هەموو شتێك بە ڕێكی هاتە پێشەوە و هیچ شۆفێرێك پەستی نەكردم یەكێكیان نەبێت.. لە پێچێكدا بە ئوتومبێلەكەی جانتای گەیشتین، جانتای هەر خۆی نەبوو، كادیچاش لە پێشەوە لەگەڵیدا دانیشتبوو..جانتای بەدەست ئیشارەتی بۆكردم بوەستم.. برێكێكی توندم كرد، هەردوو ئوتومبێلەكە بە تەنیشتی یەكەوە وەستان، خەریك بوو ئەخشان لە یەكتری. جانتای سەری لە جامەكەوە هێنایە دەرەوە:

–ئەم باق و بریقە چییە؟.. ئەڵێی ئوتومبێلی بووكە؟!.

وەڵامم دایەوە: بەڵێ بوكم پێیە!.

-بە ڕاستتە؟!. قسەكەی درێژ كردەوە وەكو ئەوەی بروانەكات و سەیرێكی كادیچای كرد.. ئێمە بەدوای تۆدا ئەگەڕێین!.

كادیچا مت بوو، دەم و چاوی دابوو بەیەكدا و سەرسامی پێوە دیار بوو.

دۆستانە پێم ووت:

–ئەم كاتەت باش.

كادیچا بێدەنگ سەرێكی لەقاند. جانتای بەهەلی زانی نیشانی خۆی بپێكێت:

—واتە ئەمە دەستگیرانەكەتە لە گەڵتایە؟!.

—نەخێر.. هاوسەرەكەمە!. قسەكەم پیێ بڕی و دەستم خستە سەر شانی ئاسیل

—ئاوا!!. جانتای لە سەرسوڕماندا چاوەكانی كردنەوە، نەیئەزانی خۆشحاڵی خۆی نیشان بدات یان بە پێچەوانەوە.. كەواتە پیرۆزبایی تان لێ ئەكەم.. لە ناخی دڵمەوە پیرۆزبایتان لێ ئەكەم.

— زۆر سوپاس.

جانتای مۆڕەیەكی كرد..ئای كە زۆڵیت! ئەمە ڕفاندوتە؟. بە جنێوەوە پێم ووت:

—كەرە،لۆریەكەتم بۆ لادە.

مرۆڤ هەریەكەی جۆرێكە. لە ئاوێنەكەوە سەیرم كرد، جانتای لای لۆریەكەوە وەستاوە، دەستێكی بە ڕومەتیەوەیەو بە وی تریان هەڕەشە لە كادیچا ئەكات و بەسەریدا ئەنەڕێنێت.ئەویش بەرەو كێڵگەكە ڕای ئەكرد و لە ڕێگاكە دوور ئەكەوتەوە هەتا بە دەما كەوت و هەردوو دەستی گرت بەسەریەوە.. نەمزانی چی لە نێوانیاندا ڕوی دا، بەڵام دڵم بە كادیچا ئەسوتا، وەك بابەتەكە دەستی منی تێدا بێت.هیچم بە ئاسیل نەووت.

دوای هەفتەیەك چوینە خانوویەكی بچكۆلە، لە وێستگەی بەردەربەندەكە.. دوو ژورو هەیوانێك بوو. ئەم گەروە ژمارەیەكی كەمی لەم خانوانەی لێ دروست كرابوو بۆ كرێكارەكانی بەنزینخانەو ئەو شۆفێرانەی ژن و منالیان هەیە.. شوێنەكە زۆر خۆش و دلگیر بوو چونكە لە كەناری ڕێگاكە بوو و لە (نارین)یشەوە نزیك بوو كە مەڵبەندی ناوچەكە بوو.. مرۆڤ ئەیتوانی بچێت بۆ سینەماو پێویستییەكانی لە بازاڕەكەی بكڕێت، هەروەها نەخۆشخانەیەكیشی تیا بوو. جگە لەوەش ئەم وێستگەیەی بەر دەربەندەكە كەوتبوە ناوەڕاستی ڕێگاوە. چونكە زۆربەی كاروانەكانمان لە نێوان ڕیباچیە و سینكیانگ دا بوو، شۆفێرەكان ئەیانتوانی هەموو جارێك لەهەردوو سەرەوە سەرێك لە ماڵەوە بدەنەوەو پشویەك بدەن، یان شەو بمێننەوە.

هەموو ڕۆژێك ئەمتوانی ئاسیل ببینم.. ئەگەر درەنگیش بكەوتمایە هەر گرنگ نەبوو، چونكە نیوەشەویش بوایە ئەگەیشتمە ماڵەوە. هەمیشە ئاسیل چاوەڕوانم بوو، تا نەڕۆیشتمایەوە خەوی لێ نەئەكەوت. دەستمان كرد بە كڕینی كەل و پەل و قاپ و قاچاغ.. بەكورتی وردە وردە بنچینەی ژیانمان دامەزراند.. بڕیارماندا ئاسیلیش ئیش بكات، خۆی وای پێخۆش بوو، چونكە لە لادێ دا گەورە بوبو خۆی نەئەگرت بێكار بێت، بەڵام دەركەوت سكی هەیە.. ئەوە خۆشیەكی لەناكاو بوو بۆ هەردوكمان. ئەو ڕۆژەی ئاسیل منالی بوو، لە كاروانی چین ئەگەڕامەوە، زۆر بە خێرایی و دڵە ڕاوكێ وە هاتمەوە، چونكە ئاسیل لە نەخۆشخانەی منالبونە لە نارین.

تا من گەیشتمە ئەوێ كوڕێكمان بوبو.. بێ گومان نەیانهێشت خێزانەكەم ببینم. لە پێشی لۆریەكەمدا دانیشتم و بەرەو چیا دەرچوم.. وەرزی زستان بوو، تا چاو بڕكات بەفر و ڕكە و تاوێر بوو..چاوم ڕێشكەوپێشكەی ئەكرد و هەموو شتێكم بە ڕەش و سپی ئەبینی. سەركەوتمەوە سەر كەلە ملەی دەربەندی دۆلۆن، ئەتوت بە ئاسماندا هەڵواسراوم.. هەورەكان ورگیان نابووە سەر زەوی، ڕیزە شاخەكانی بنەوە وەكو كەڵەكە بەرد دەرئەكەوتن، دابەزیم و پڕ بە سییەكانم هەوای پاكم هەڵمژی. بەڕوی جیهاندا هاوارم كرد:

—هەی ڕوسیا!هێی چین!.. هۆ چینیەكان! هەورەكان! كوڕمان بووە، كوڕ!!.

وا ئەهاتە بەرچاو شاخەكان ئەلەرێنەوە. لە هەردوو بەرەوە دەنگی ئەدایەوە. هاوارەكەم ماوەیەكی زۆر دوور ئەكەوتەوەو ئەم دۆڵ بۆ ئەو دۆڵی ئەسەندەوە. كوڕەكەمان ناو نا (سامات). من خۆم ئەم ناوەم بۆ دۆزییەوە. هەموو قسەوباسمان هەر سامات بوو، سامات !ساماتی كوڕمان! سامات پێئەكەنێت..سامات دانی دەرهاتوە! ئەزانی ئەوە بۆ نۆبەرەی دایك و باوكێك چەند زۆرە؟

بەگشتی ژن و مێردێكی لاو و بەختیار بووین، بە خۆشی ئەژیاین، سوێندمان بەسەری یەكتری ئەخوارد، گیانمان بەسەریەكدا دەرئەچوو..تا ئەم كارەساتە لێی ڕوودام.. نازانم ئەو نەگبەتییە لە كوێوە هات! هەموو شتێك ئالۆسكاو چوو بەیەكدا.. لە ڕاستیدا ئێستا هەندێ شت تێگەیشتوم، بەڵام تازە سوودی چییە؟ئەو فریشتەیەی بەڕێكەوت لە ڕێگا ناسیم لێی جیابوومەوە، نەمئەزانی ئەو چاوپێكەوتنە دوایین جارە چاومان بەیەك ئەكەوێت.

كۆتایی پایز بوو. كاروانێكم كرد، كەشێكی ناخۆش و دڵتەنگ بوو.. شتێك ئەباری نە بەفر بوو نە باران، شتێكی وەكو زوقم یان شەكرە وردە.. تەم هەموو شوێنێكی داگرتبوو، وەكو نایلۆن درابێت بەسەر چیاكاندا. بە درێژی ڕێگا هەردوو شوشە سڕەكانم ئیشیان ئەكرد، تفت

هەلآدايە ئەيبەست، تا ئـەهات تەمەكـەی چـڕتر و خەسـت تـر ئـەبوو.. كەوتمـە پێچـاوپێچ و دۆلآودۆڵ..كەوتمـە گـەروی دۆلـۆن. بـەڵێ دۆلـۆن! بەرزترين و سەخت ترين كێوی تيان شان. ئای كەمن ئالودەی ئەم كێوەم!.. نارەحەتترين و مەترسيدارترين بەشی رێگاكـە!. جادەكـە وەكـو رەشمار پەپكەی خواردووە، ئەخولێيتەوە و دێيتەوە جیێ خۆت، هەلئەزنێيت، لـە كونێكـەوە سـەر ئاسمـان ئەكـەويت، گەوالـە گەوالـە هـەور ئەبێت بەژێر تايەكانتەوە.. جارێك لەسەر كوشنەكەت ئەكەويت بە پشتاو ناتوانيت خۆت بخەيتەوە بە پێشـا، تاوێـك بـەدەما بەسـەر كەمەكـەدا ئەنوشتێيتەوە و پشتت راست نابيتەوە.

ئاووهەوای دەربەندەكە دەقيقەو سەعاتی بۆ نيە، جياوازی لە نێوان زستان و هاويندا نيـە.لـە چـاوتروكانێكدا دۆلـۆن ئـەگۆرێت، تاوێـك لێزمـەو تەرزەيە، تاوێك شەستەو رەهێڵەيە.. لەپڕ ئەيكات بەبەفرو كرێوە. جاری واش هەيە يەكسـەر هـەڵی ئـەبڕنگێنێتو هـەتاو دەرئەكـەوێت. ئـەوە رەوشتی دۆلۆنی ئێمەيە. بەلآم ئێمەی دانيشتوانی تيان شان پێی راهاتوين و سەير نييە ئەگەر جاربەجارێكيش بوێرين بەشەو لێی بدەين.. من ئێستا هەموو نارەحەتیو مەترسييەكانم لەيادە، بەلآم ئەو كاتەی لەوێ كارم ئەكرد رۆژێك لە رۆژان بيرم لێ نەكردۆتەوە.

لە گەرويەكدا نزيك دۆلۆن گەيشتم بە لۆريەك، ئێستاش لە يادمە لۆريەكی (گاز —51) بوو..باشتر بلێم پێی نەگەيشتم، چونكە ئەو وەستا بـوو، دوكەسيش خەريكی مەكينەكەی بوون، لەپڕ يـەكێكيان بەهەلـەداوان هاتـە سـەر رێگاكـەو دەسـتی بـەرزكردەوە. وەسـتام. كابراكـە لـێم نزيـك بوەوە، مشەمايەكی تەڕی لەبەردا بوو، كلآوەكەی بە پشتيدا شۆڕ ببوبوەوە.. تەمەنی لەدەوری چل ساڵيدا بوو، دەم و چاوێكی گێـژ و جوتێـك سمێڵی ماش و برنجی سەربازانەی هەبوو، لە فلچەی ددان ئەچوون، بەلآم چاوەكانی بە هێمنی ئەيانڕوانی. پێی ووتم:

برادەر، ئەتوانی تا خالّی رێگای دۆلۆن هەلّمبگری.. ئۆتومبێلەكەم ئيش ناكات، بەلّكو تراكتۆرێكی بۆ بێنم:

—بەسەر چاو، سەركەوە. يان بەلّكو خۆمان شتێكمان پێبكرێت. پێشنيارم كرد و دابەزيم.

هيچمان بۆ ناكرێت..خۆت ماندو مەكە. شۆفێرەكە بە پەستی يەوە وەلآمی دايەوە و بۆنيتەكەی داگـرت. دەسـتی لەسـەرمادا لـەناو بەفرەكـەدا گۆچ و شين ببوبوەوە، ديار بوو خەلّكی تيان شان نەبوو، بەلّكو خەلّكی شار بوو. بەسەرساميەوە بە چواردەوری خۆيدا ئـەيڕوانی.بارێكيـان لـە (فرۆنزە)وە باركردبوو بۆ بنكەی بەردەربەند. لە دلّی خۆمدا ووتم چی بكەين؟ بيرۆكەيەك هات بە مێشـكمدا، سـەرەتا سـەيرێكی دەربەندەكـەم كرد، هەورێكی تالّ خەريك بوو ئەنيشتە سەر زەوی.. ها ئێستا ها تـاوێكی تـر دائەكاتـە بـاران و جـادە تـەڕ ئـەبێت. بـەلآم هـەر سـور بـووم.. بيرۆكەكەم داهێنانێكی چاوەڕوان نەكراو بوو، بەلآم بەلای خۆمەوە سەركێشی يەكی لە پڕی لەخۆ رازيبانە بوو. بە شۆفێرەكەم ووت:

—برێكت تەواوە؟

— ئای چۆن ئەتوانيت بیێ برێك لەجیێ خۆت بجولێيت ؟ مەكينەكەم تەواو نييە.

— سيمت پیێيە؟

—بەلّی.. بۆچی؟!.

—ئادەی بيهێنە و هەلّيكێشە لێرە. وەكو گالّتەيان بەقسەكەم بێت، سەيری يەكترييان كرد و لەجیێ خۆيان نەجولآن. شۆفێرەكە بـە هێمنـی وتی:

—تێك چوويت؟!.

منيش خويەكم هەيە نازانم باشە يان خراپ، ئەويش ئەوەيە، ويستم شتێك بكەم مەگەر بمرم، ئەگينا كۆلّ نادەم.

—برادەر، پێم وتيت سيمەكە ببەستەو بەسـەر سـەر تـا ئـەوێ راتئەكێشـم.. لـە شـۆفێرەكەم دوپـات كـردەوە. بـەلآم شـۆفێرەكە بەدەسـت راوەشاندن ووتی:

— نابێت. وازبێنە برادەر.. راكێشانی چی؟! چۆن رائەكێشرێت ؟؟.

زۆرم پیێ ناخۆش بوو، وەكو داوايەكی گەرمی رەت كردبمەوە ووتم:

—نازانم ترسنۆكی وەكو تۆ چۆن شۆفێری پێئەكرێت!.

راوێژی بە پسپۆری رێگاو بانەكەی برادەری كرد —من دواتر زانيم پسپۆری رێگاوبانە — پسپۆرەكە سەيری كردم و بە شۆفێرەكەی وت:

— ئەو سيمە دەربێنە. كابرا حەپەسا.

— تۆ لێپرسراوی بايتيمێر —ئەكە. بەكورتی وەلآمی دايەوە.

–هەموومان بەرپرسیار ئەبین.ئەو هەڵس و كەوتەم پێ جوان بوو.. كەسێكی ئاوا یەكسەر ناچار ئەبێت رێزی بگرێت.

هەردوو لۆریەكە بە سیمەكە بەیەكەوە ئەرۆشتین.. سەرەتا هیچ گرفتێك نەبوو، بەلام رێگای دۆڵۆن سەرەو ژوركەو سەرەوخواركەیە.. مەكینەكەم دەنگی ئەهات، ئەینالاند، بە چنگە كرێ سەرئەكەوت.

لە دڵی خۆمدا وتم :مەشیرێنە، تا دوا چۆر ئەتگوشم. پێشتر تێبینی ئەوەم كردبوو رێگای دۆڵۆن چەند سەخت و نارەحەت بێت ئۆتومبێلەكەم شتێك كێشی ئەمێنێت. هەمیشە كە باریان ئەكردین رەچاوی رێگاكەیان ئەكرد، لەبەر ئەوە لە 70٪ی توانای لۆریەكەیان بۆ بارئەكردین.

بێگومان ئەو چركە ساتە بیرم لەوە نەكردبۆوە.هێزێكی شێتانەم دابوە بەرخۆم، وەكو بروا بە خۆبوونی وەرزشەوانێك. ئەوەی بریارم داوە بە جێی دێنم و ئەم دوو پیاوە ئەگەیەنمە شوێنی خۆیان.قومارێكەو ئەبێ ببیەمەوە..بەلام وەكو بۆم دەركەوت ئەو كارە سانا نییە.

لۆری تەكانی دا و پەنتەرناشی كرد، لێزمەی باران بە جامەكەدا ئەهاتە خوارەوە،فڵچەكانم بە حاڵ فریای سرینی جامەكان ئەكەوتن، هەورەكان نزم بوونەوەو لە ژێر تایەكاندا راكشان.ئەخزام.. جادە خلیسك و پێچەكان ئەوەندە تیژ ئەشكانەوە، خۆم بە تەنیا پێچم بۆ نەئەكرایەوە ئێستا ئەم هەژگەشم بەستوە بە خۆمەوە.

لە دڵی خۆمدا زۆر پەشیمان بووم.. ئەگەر تووشی كارەساتێك ببین یانی من ئەو دوو برادەرەم بە كوشت داوە. خۆم لە ئۆتۆمبیلەكەم ماندووتر بووم، هیچم لە بەری خۆمدا نەهێشت. كلاوەكەم، چاكەتە خوریەكەم، هێلەكەكەم، ئنجا بلوزەكەم.. بە توێی كراسەكەمەوە مامەوە، هەڵم لە گیانم هەڵئەستا، وەكو لە گەرماو دابم.مەسەلەكە گاڵتە نەبوو.. من لۆریەكەم باری تەواوی پێوەیە و لۆریەكیش رائەكێشم بە قەد خۆی!.

خۆش ئەوەبوو بایتیمێر خۆی هەڵواسیبوو بە دەرگاكەی مندا، ئیشارەتی ئەداینێ.. بە دەم بە منی ئەوت و بە دەستیش ئیشارەتی بۆ لۆریەكەی دواوە ئەكرد.كە پێچاو پێچ سەر ئەكەوتین ئەموت ئێستا لە ترسا خۆی فرێ ئەداتە خوارەوە، بەلام وەكو هەڵۆیەك دوای نێچیركەوتبێت چاوی نەئەتروكاند و بە پێوە دەستێكی گرتبوو بە دەرگاكەوە.

سەیری رواڵەتیم كرد زۆر ئاسایی بو، وەكو لە بەرد داتاشرابێت.. دڵۆپەی ئاو بە هەردوو رومەت و سمێڵی دا ئەهاتە خوارەوە. هەستم بە تۆزێك حەوانەوە كرد.

یەك هەورازی دوور و درێژمان لە پێشەوە مابو. لەوێ سەركەوتینایە رزگارمان ئەبو، لەو چركەیەدا بایتیمێر سەری نا بە پەنجەرەكەوە

- ئاگات لە خۆت بێت..ئۆتومبێلێك لە پێشمانەوەیە.. لای راست بگرە.

لای راستم گرت. لۆریەك لە لوتكەوە هات بەمدیودا.. ئۆتومبێلەكەی جانتای بوو. لە دڵی خۆمدا وتم ئێستا ئەرواتەوە لای ئەندازیارەكان بۆم تێئەچێنێت.. ئەوە بۆ جانتای لە ئاو خواردنەوە ئاسانترە. وردە وردە نزیك ئەبوەوە، كەمەكەی توند گرتبو و سەیری بەردەمی خۆی ئەكرد.. چەند هەنگاوێكمان مابوو بگەینە یەكتری، كاتێك كەوتە لاشانم لە ئاوێنەكەوە بەهەرەشەوە سەرە زلەكەی بە شەپقە سورە پێستە رێویەكەیەوە لێ رائەوەشاندم. لە دڵی خۆمدا ووتم (چاوت دەرێ، تا ئەتوانیت چەنە بدە).

لە هەورازەكە سەركەوتین.. لەودیوەوە هەڵدێرێكی سەخت بوو، دوای ئەوە رێگاكە تۆزێك خۆش ئەبوو، ئینجا بەیەك پێچ ئەگەیشتیە باخچەی وێستگەی بەردەربەندەكە.پێچم كردەوە، بەهەر حاڵێك بوو گەیشتم، مەكینەكەم كوژاندەوە.. گوێم لە هیچ نەبوو، ئەمزانی گوێم تەواوە، بەلام لەبەرئەوەی سڕیوبو، كپ بوو. نەدەنگ نە تەقە نە رەقە.

دابەزیم و بێ هێز وشەكەت لەسەر دەعامیەكە دانیشتم. دەربەندەكە هەوایەكی هێواشی هەبوو، بایتیمێر رایكرد و چاكەتە خورییەكەی دا بە شانمدا و تەپلەكەی كردە سەرم.. شۆفێرەكەی تری هاورێی پەست و بێدەنگ و ماندو، هات و بە چیچكەوە لەبەردەمما دانیشت. پاكەتی جگەرەكەی بۆگرتم و بە دەستێكی لەرزۆكەوە جگەرەیەكم داگیرساند.. سەرو جگەرەمان كێشا هەتا هاتینەوە سەر خۆمان.ئەو هێزە شێتانەیەی لە گیانماندا بوو بوژایەوە و هاوارم كرد:

ها كوری باش.. بینیت ؟!.دام بەسەر شانیداو داچلەكی.

هەرسێكمان بەخۆشییەوە هەڵئەبەزینەوەو ئەماندا بەپشت و شانی یەكتریدا و پێئەكەنین.. هەرچی نیشانەی خۆشی بوایە و بە دەممانـدا بهاتەیە ئەمانوت. هێور بووینەوە، سەرو جگەرەی ترمان كێشا. شتەكانم كردەوە بەرم و سەیری كاتژمێرەكەم كرد، درەنگ بوو ووتم:

من ئەبێت برۆم.

بایتیمێر ناوچەوانی چرچ كرد–: نابێت، ئەبێ بێیت بۆ ماڵی ئێمە و میوانمان بیت.

یەك دەقیقە بواری دوا كەوتنم نەبوو، سوپاسم كرد و ووتم:

– زۆرسوپاس.. ناتوانم، ئەبێ برۆمەوە بۆ ماڵەوە چونكە ژنەكەم چاوەڕوانمە.

–بۆلای ئێمە نامێنیتەوە؟ ئەمشەو دانیشین بەیەكەوە بخۆینەوە. شۆفێرەكەی تازە هاوڕێم تەماعی ئەخستە بەرم، بایتیمێر قسەكەی پێبڕی

–بابروات.. خێزانەكەی چاوەڕوانی ئەكات. ناوی خزمەتت؟؟

–ئەلیاس.

–ئەلیاس گیان، زۆر سوپاس.. فریامان كەوتیت. تالای لۆریەكەی خۆم لەگەڵما هات، تەوقەی لەگەڵ كردم. بێ دەنگ گەڕایەوە.

كە سەركەوتمە سەرەوە لە ئاوێنەكەوە سەیرم كرد بایتیمێر هێشتا لە جێگاكەی خۆیدا وەستاوەو تەپلەكەی لە دەستیدا گوشیوەو.. دیاربوو بیر لە شتێك ئەكاتەوە.

ئەمە هەموو چیرۆكەكە بوو بە درێژی.

بۆ ئاسیلم نەگێڕایەوە، تەنیا ئەوەندەم بۆ باسكرد لەو كێوە یارمەتی خەڵكێكم داوە،بۆیە وا درەنگ هاتمەوە. هیچم لەهاوسەرەكەم نەئەشاردەوە بەڵام نەمئەویست هەموو شتێكیشی بۆ بگێڕمەوە.كە شتێكی بۆ باس ئەكەم لە دڵی دەرناچێت، بەڵام دواجار بڕیارم دا ئەوەندە بەسە، پێم ووت گرنگ ئەوەیە جارێك لە ژیانمدا زۆرانم لەگەڵ دۆڵۆن دا گرت و تەواو.

ئەگەر دوای گەڕانەوەم نەخۆش نەكەوتمایە خۆشم ڕۆژی دوایی ئەو چیرۆكەم لەبیر ئەچووەوە، دیار بوو سەرماكە كاری لێ كردبووم، بەهەر حاڵێك بوو گەیشتمەوە ماڵەوە، یەكسەر لە ناو جێگادا كەوتم، نەمئەزانی كوێم دێشێت, جێگاكەم لێ ئەبوو بە پێشی لۆرییەكە، وامئەزانی لۆریەك بە دوای خۆمدا ڕائەكێشم و گڕە و هاڵاوێكی گەرم ئەدا بە ڕوومدا، شەلاڵەی عارەقم و هەناسەم بۆ نادرێت، لە تینوا زمانم نوساوە بە مەلاشومەوە، كەمەی جڵەوەكە بە دەستمەوە ئەڵێی لۆكەیە، بای ئەدەم بەدەستمەوە ئەنوشتێتەوە، چەند سەیریش ئەكەم دەربەند كۆتایی نییە.. ئوتومبێلەكەم لوتی هەڵبڕیوە بۆ ئاسمان و هەردوو كونە لوتی هەڵمی لێ هەڵئەستێت و ئەپرمێنێت.. لەپڕ باڵ ئەگرێت و ئەكەوێتە دۆڵێكی قوڵەوە، دیار بوو ئەو–تا– و ورێنەیە ( لوتكە)ی نەخۆشیەكەم بوو، لوتكەی دۆڵۆن نەبوو دوای سێ ڕۆژ وردە وردە باری لەشم سوك بوو، دوو ڕۆژی تریش لە ناوجێگا دا بووم، هەستم كرد چاك بووم، ویستم هەڵسمەوە بەڵام ئاسیل نەیهێشت. كە سەیرم كرد: ئەو ژنە بۆ وای لێ هاتوە؟!. لەدڵی خۆمدا ووتم باشە من نەخۆش بووم یان ئەو؟! زۆر گۆڕابوو، ئازاری چەشتبوو، ترسابوو بمرم..دەوری چاوی ئاوسا بوو و شین ببوبوەوە، لاواز ببوو، ئەتوت پوشكەیە، بایەك هەڵیكردایە ئەیبرد.. سەرەڕای ئەوەی منداڵێكیشی هەیە ئەبێت پەروەردەی بكات.

بڕیارم دا نەیەڵم لەوە زیاتر خەفەت بخوات. مافی ئەوەم نیە ئەو مەسەلەیە پشت گوێ بخەم : ئاسیل ئەبێت پشوو بدات. لە جێگەكەم هەستام و جلەكانم كردە بەرم.

ئاسیل– چونكە كوڕەكە خەوتبوو– بەهێواشی پێم ووت:

- بەو دراوسێیانە بڵێ چاوێكیان لە سامات بێ.. با من و تۆ بچین بۆ سینەما. ڕای كرد بۆسەر جێگاكەم، باوەشی پیاكردم و تەختی كردم.. خۆی بە سەرما ڕاكێشا.. چاوی بریبوە چاوم وەكو یەكەم جار بێت بمبینێت.. ویستی فرمێسكەكانی بشارێتەوە بەڵام لە چاوەكانیدا ئەبریسكانەوە.. لێوەكانی ئەلەرزین. دەم و چاوی لە سنگمدا شاردەوەو دەستی كرد بە گریان. بەسەرسوڕمانەوە لێم پرسی:

– ئەوە چیە؟ ئاسیل چیتە؟؟

–لە خۆشیدا ئەگریم كە چاك بوویتەوە.

– منیش هەروەها، بەڵام بۆچی ئەوەندە تێكچویت؟؟ من تۆزێك نەخۆش بووم بە هۆی ئەوەشەوە ئەم چەند ڕۆژە لە ماڵەوە بووم لای تۆ.. تێر تێر گەمەشم لەگەڵ ساماتدا كردوە.

سامات گاگۆڵكێی ئەكرد و دەنكە دەنكە هەڵئەستایە سەرپێ، بێگومان منداڵ لەوتەمەنەدا زۆر خۆشە. ئەگەر وابێت حەزئەكەم هەمیشە

نەخۆش بم.

بەدەم دەست بازییەوە

—ئۆه، دوربێت!.. شتی وا مەڵێ. ئاسیل وەڵامی دایەوە.

کورەکەمان خەبەری بوەوە، هەرسێکمان لەسەر جێگاکە دەستمان کرد بە گاڵتە کردن و یاری کردن، سامات دەوری ورچە چکۆلەکەی ئەبینی، بەو ناوەدا ئەسوڕایەوە و بەسەر ورگماندا ئەڕۆیشت و ئەیشێلاین. ووتم:

—سەیریکە چەند جوانە تۆش.. بەم زوانە ئەچینەوە بۆ ماڵی باوکت بۆئاوایی، بێگومان لێمان ئەبورن.. ساماتی کورمان ئەبینن،خۆشیان ئەوێت و ئەیکەن بە خاتری ئەو و هەموو شتێکیان لەبیر ئەچێتەوە.

بەو جۆرە بە نیاز بوین بڕۆینەوە بۆ ئاوایی و داوابکەین لە تاوانەکەمان خۆش بن، وەك لەم جۆرە حاڵەتانەدا ڕوو ئەدات، چونکە زانیبومان دایك و باوکی بە هۆی ئێمەوە تووشی خەفەتێکی گەورە بوبون.. جارێك بە قسەی کابرایەکی خەڵکی گوندەکە کە هاتبوو بۆ نارین ووتبویان یەك دەنك بە خەیاڵیاندا نایەت و لە تاوانی کچەکەیان خۆش نابن و نایانەوێت هیچ شتێك لەبارەی ژیانمانەوە بزانن. بەڵام ئێمە ئومێدەوار بووین کاتێك داوایان لێ ئەکەین لێمان خۆش بن، دڵیان چاك ببێت.

بەهەر حاڵ ئەبوایە سەرەتا مۆڵەت وەربگرم و خۆمان ئامادە بکەین بۆ سەفەر و دیاری بۆ یەکەیەکەی خزمان بکڕین.. چونکە نەمئەویست بە دەستی خاڵی بگەڕێمەوە. زستان هات بەسەر دا.. زستانی تیان شان زۆر سەختە.. زریان و کڕێوەیە.. بەفرێکی زۆر ئەبارێت.. لەزۆر شوێن هەرەس دێنێت.. ڕێگا ئەبڕێت. زستان بۆ ئێمەی شۆفێر کۆمەڵێك گیروگرفتە.. بۆ کارمەندانی وێستگەکەش ئەرکێکی زۆر تر، ئەبێت هەمیشەچاودێریی هەرەس و کلیلەو بارنەکان بکەن. لە هەندێ شوێندا کە مەترسی داڕووخانی هەیە ئەبێت خۆیان بەفرەکە بتەقێننەوە، دوایش جادەکە پاك بکەنەوە.

بەڵام بەڕاستی ئەو زستانە کەشەکە لە خۆش ئەچوو.. یان من تێبینی هیچم نەکردبوو، چونکە شۆفێر هەمیشە سەری بە شتی ترەوە قاڵە.سەرەڕای ئەوەش بنکەکە لە پڕ ئەرکێکی سەربازی درا بەسەردا.. ئێمەی شۆفێرانیش پەیمانمان بە خۆمان دا جێ‌بەجێی بکەین.. من خۆم یەکەم کەس خۆبەخش بووم.. هەتا ئێستاش لەوکارە پەشیمان نیم بەڵام وادائەنێم هەموو کارەسات و لێقەومانەکانم لەوەوە سەریان هەڵدا، کێشەکەشم بەم جۆرە بوو:

ئێوارەیەك گەڕامەوە بۆ بنکەی لۆرییەکان.. ئاسیل بوخچەیەکی بچکۆلەی دابومێ بیدەم بە ژنەکەی عەلی بەگ جانتۆرین.. لام دایە ماڵەکەیان و هۆرینێکم لێدا.. ژنەکەی عەلی بەگ هاتە دەرەوە، تێی گەیاندم کرێکارە چینی‌یەکان بروسکەیان کردوە بۆ بنکەکە، داوایان کردوە پەلە بکەن لە ناردنی کەرەستەکانی کارگەیەك. لێم پرسی:

—ئەی عەلی بەگ لە کوێیە؟

- چۆن لە کوێیە!.. لە وێستگەی داگرتنە.. هەموو خەڵك لەوێن.. هەتا ئەڵێن کەرەستەکان بەشەمەندەفەر لێیان گەشتۆتە ئێرە.

ڕومکردە ئەوێ و لەدڵی خۆمدا ووتم بچم خۆم هەموو شتێك تێبگەم باشترە. ڕۆیشتم. بەنگەڵەکانی داگرتن ئەکەوتنە سەر ئەو دەروەی ئەچوو بۆ دەریاچەکەو دواین وێستگەی هێڵی ئاسن بوو. تەمێکی دێزی دڵتەنگ ناوچەکەی داگرتبوو، کزە بایەکیش لە دەربەندەکەوە ئەهات و گلۆپەکانی بەدارتەلەکانەوە ئەلەراندەوە. کە بە نێوان تەختە دارەکانی هێڵە ئاسنەکەدا ئەڕۆیشتی وژە وژێکی دروست ئەکرد. لەسەر هێڵێکی لاوەکیش سلنگێك لمۆزی شۆڕ کردبوەوە، ئەو سنوقە گەورانەی دائەگرت و بار ئەکردەوە کە بەتەنەکەو تەل پێچرابوونەوە.. ئەو کەرەستەو کەل و پەلانە ڕەوانەی سینکیانگ ئەکران، چونکە لەوێ کارخانەیەکی ئەندازیاریی گەورە دروست ئەکرا، ئەو کارخانەیە زۆر فراوان بوو.. پێشتر ئێمە شتمان بۆ بارکردبوو. لۆریەکی زۆر لەو ناوەدا کۆبوبونەوە بەڵام هیچیان باریان نەئەکرد، وەکو شۆفێرەکان چاوەڕوانی شتێك بن.. هەندێکیان لە پێشی ئۆتومبێلەکانیاندا دانیشتبوون و هەندێکی تر لەسەر گۆشەی دەعامییەکان و کۆمەڵێکیشیان خۆیان دابوە پەنابا و لەبن سنوقەکاندا چیچکەیان کردبوو. کەسیان وەکو پێویست وەڵامی سڵاوەکەیان نەدامەوە، بەڵکو بێدەنگ دوکەڵی جگەرەکانیان ئەدا بەدەم باوە. عەلی بەگ لەولاوە بەتەنیا بوو..لێی چومە پێشەوە:

—ئەوە چی هەیە.. بروسکەتان بۆ هاتوە؟

—بەڵێ!.. ئەیانەوێت کارگەکەیان پێش کاتی دیاری کراوی خۆی بخەنە گەڕ

—جا چی بكەین؟

— ئەبێ ئیش بكەین.. سەیری ئەو هەموو بارە بەدرێژی هێڵەكە داگیراوە و بەردەوام لە زیاد بووندایە.. كەی باریان بكەین!.. بە تایبەتی ئەو خەڵكە لەوێ بە هیوای ئێمەن، هەموو رۆژێكیان لەسەر حسابە.

—ئەی من چی بكەم.. پەیوەندی بە منەوە هەیە ؟

—چۆن پەیوەندی بە تۆوە نیە.. بۆ تۆ لە دەوڵەتێكی تری؟! چاوت ئەو هەموو ئیشە نابینێت كەوتوە بەسەرماندا؟.

لەوكاتەدا ئامانجۆلۆفی سەرۆكی بنكەی لۆرییەكان هاتە پێشەوەو جگەرەیەكی بە ئاگری كابرایەك داگیرساند كە بەچاكی پاڵتۆكەی لاوانەی بۆخۆی كردبوو با نەیگرێتەوە.. سەیری هەموانی كرد و گوتی — هاورێیان، مەسەلەكە بەمجۆرەیە.. بە تەلەفۆن داوا لە وەزارەت ئەكەم یارمەتیمان بدەن، بەڵام نابێت پشتیان پێ ببەستین!. ئێستا ئەبێت چیبكەین..جارێ نازانم!.

دەنگێك هەڵی دایە: بەڵێ كارەكەگرانە هەڤاڵ ئامانجۆلۆف، سنوقەكان زۆر گەورەن، هیچ بۆدیەك دوان یان سێ سنوق زیاتر ناگرێت، بەوجۆرە ئەگەر شەو و رۆژیش ئیش بكەین تا بەهار لێ نابینەوە. ئامانجۆلۆف وەڵامی دایەوە:

—ئەوە كارەكەیە بەبەرچاوتانەوە، ئەبێ ئەنجامیشی بدەین.. جارێ لای ئێوەم خۆش، هەمووتان برۆنەوە و هەریەكە لەماڵەوە بیر بكاتەوە.

سواری ئوتومبێلێكی گاز بو و رۆیشت.. كەس لە شوێنی خۆی نەجولا، لە گۆشەیەكی تاریكەوە یەكێك بێ ئەوەی لەگەڵ كەسی بێت بەدەنگێكی گڕ ووتی:

—قسەی قۆڕ! چۆن لە خورییەك دوو فەرەنجی دروست ئەكرێت.. ئەبوایە زوتر بیریان لێ بكردایەتەوە. هەستایە سەرپێ، جگەرەكەی كوژاندەوەو چو بۆلای ئوتومبێلەكەی. یەكێكی تر ووتی: ئێمە هەمیشە واین، چارۆكەكانمان ئەوەندە پرئەكەین بۆمان گرێ نادرێ.. ئینجا ئادەی شۆفێران فریامان بكەون.. ئەو كاتە كوڕی باشین!.

دەورەیان گرت :ئەمە كارێكی هەرەوەزییە، تۆ ئەڵێیت پیرەژنی دۆ ڕژاویت.. هەر ئەبۆڵێنیت. بەشداری دەنگەدەنگەكەم نەكرد. یەكسەر لەپڕ لۆرییەكەم بیر كەوتەوە كە لە دەربەندەكەوە رامكێشا. وەك پیشەی هەمیشەییم هەڵچوم، بازم دایە ناوەڕاستەوەو وتم:

— بیركردنەوەی بۆچییە ؟ هەر لۆرییەك عەرەبانەیەك بەدوای خۆیەوە ڕابكێشێت. كەس حسابی بۆ نەكردم.. هەتا هەندێكیان سەریشان هەڵنەبڕی سەیرم كەن، چونكە قسەی وا لە مرۆڤی بێ مێشكی بێ دەسەڵات ئەوەشێتەوە. جانتای فیكەیەكی باریكی لێدا:

— ڕاتان چی‌یە بەرامبەری؟ بەدەنگەكەیدا ناسینمەوە. وەستاوم، بە چواردەوری خۆمدا ئەڕوانم، ئەمەوێت ئەو بەسەرهاتەیان بۆ بگێرمەوە. كابرایەكی كەتەی بازۆڵە ئەستور لە سەر سنوقێك هاتە خوارەوە، دەستكێشەكانی دایە دەست برادەرەكەی، هاتە پێشەوەو یەخەی گرتم و لوتی نا بەلوتمەوە:

- ئادەی هەناسە بدە.

ففف. هەناسەیەكم كرد بە دەموچاویدا.. كابرا زلەكە بەسەرسوڕمانەوە وتی سەرخۆش نیت و یەخەی بەردام.

— مانای وایە كەرە!. برادەرەكەی بۆی تەواو كردوو بە جوتە ڕۆیشتن بۆ لای ئوتومبێلەكەیان. ئەوانی تریش هەستانە سەرپێ و بە نیاز بوون برۆن.

هەرگیز ئاوا نەبوم بە پەند، دەمو چاوم لەشەرما سور هەڵگەڕابوو.

- ڕاوەستن! بۆ كوێ ئەچن؟!. خۆم كرد بە ناو شۆفێرەكاندا.. بەڕاستمە، ئەتوانین عەرەبانە ببەستین.

یەكێك لە شۆفێرە كۆنەكان بە گاڵتەبازییەوە هاتە بەردەمم: كوڕم كاتێك من لێرە شۆفێر بووم تۆ منداڵێك بویت دەرپێت لە پێدانەبوو، تیان شان سەیرانگا نییە، من بەزەییم پیاتدا دێتەوە.. با خەڵك پێت پێنەكەنێت.

شۆفێرەكان پێكەنین و ڕویان كردە لۆرییەكانیان، منیش بە هەموو هێزم بەڕوی هەمویاندا قیژاندم:

- ئێوە هەلاجن! شۆفێر نین!.

خراپم كرد، بۆ نەگبەتی من هەموویان وەستان و بەیەكەوە بۆم گەڕانەوە: چۆن؟ ئەتەوێت گاڵتە بەژیانی ئەم خەڵكە بكەیت؟!. جانتای هەلی بۆ ڕەخسا:

—ئەی چۆن! داهێنەرە، ئەیەوێت خەلاَتێك وەربگرێت. بوبەغەلَبە غەلَب. پێچامیانە سنوقەكان.

لە دلَی خۆمدا گوتم ئێستا هەرچی گیانمە بەشەق ئەیشکێنن، تەختەیەكم لە زەوییەكە هەلگرت و هاوارم كرد.. بچنە دواوە. شۆفێرێك فیكەیەكی كرد و بلاَوەیان لێكرد، سەیرم كرد عەلی بەگە. هاواری كرد: —بێ دەنگ بن! ئادەی ئەلیاس بزانین ئەلَێ چی! تێمان بگەیەنە.بەدەم هەناسە بڕكێوە وتم:

—چی بلێم! قۆپچەتان بەكراسەكەمەوە نەهێشت.. من جارێك لۆریەكم بە بارەوە لە دەربەندەوە هەتا خالَی سەر ڕێگاكە ڕاكێشا و ئەوەیە.

شۆفێرەكان بێدەنگ بوون و بروایان نەئەكرد:

—ئەی گەیاندت؟!. یەكێك بە گومانەوە پرسیاری كرد.

— بەلێ.. بە درێژی دۆلۆن هەتا خالَی سەر ڕێگاكە. دەنگێك بەسەرسوڕمانەوە ووتی:

— بەخ بەخ. یەكێكی تر.

— فشەیە!.

—من پیاوی درۆ نیم.. جانتای بە چاوی خۆی بینیمی.. كوا جانتای؟ بۆیان بگێڕەرەوە!.. خۆ لە یادتە یەكترمان بینی؟ بەلاَم جانتای وەلاَمی نەدایەوە، وەكو زەوی قوتی دابێت. لەوكاتەدا زۆر گرنگ نەبوو بەلامەوە. وتووێژ دروست بوو، هەندێكیان لایەنیان گرتم، بەلاَم یەكێك لەبەگومانەكان بڕوای لەق كردن. بەساردییەكەوە ووتی:

— قسەی بەلاش ئەكەن!.. دورنیە مرۆڤ جارێك كارێك بكات و هەرگیز بۆی دوبارە نەكرێتەوە، كێتان ڕێكەوتی واتان نەدیوە!.. خۆ ئێمە منالَ نین، ڕاكێشانی عارەبانە لەم هێلَەی ئێمە دا قەدەغەیە، ڕێگا بەكەس نادرێت.. خۆت تاقیبكەرەوەو ئەندازیاری سەلامەتی ئاگادار بكەرەوە، بابزانین چیت وەلاَم ئەداتەوە. بەهۆی تۆوە خۆی ناخاتە داوی دادگاوە.. ئەوە ڕاستی مەسەلەكەیە. یەكێكی تر بەرپەرچی دایەوە.

— بەسە، بەسە.. نایەلێت چی‌یە؟! لە سالَەكانی سیەكاندا (ئیڤان ستیپانۆفیچ) یەكەم كەس بوو بە لۆرییەكی تەن و نیویەوە دەربەندەكەی بڕی، كەس ڕێگای پێ نەدا بوو، خۆی بە تەنیا چوو.. ئەوە خۆی لێرەیەو هەتای ئێستاش ماوە. ئیڤان ستیپانۆڤیچ بۆی سەلماندن.

- بەلێ وابوو.. بەلاَم گومانم هەیە، تا ئێستا كەس بە هاوینیش عەرەبانەی ڕانەكێشاوە، نەخوازەلَلاَ ئێستا كە زستانیشە.

هەموو ئەو ماوەیە عەلی بەگ بێ دەنگ بوو، بەلاَم لێرەدا هەلَی دایە.

- دەنگە دەنگی ناوێت، بڕی وردی ئەوێت. بەو شێوەیەش نا كە ئەلیاس ئەنجامی داوە، مادام ئەو كارە لەمەوبەر نەكراوە ئەبێت ڕاوێژی لەسەر بكرێت و خۆی بۆ ئامادە بكرێت..عەرەبانە بێنن و دەست بكەن بە تاقیكردنەوە.. تەنیا بە قسە كردن شت ناسەلمێنرێت.

وەلاَمم دایەوە

- ئەیسەلمێنم.. تا ئێوە بیر ئەكەنەوەو ڕێگایەك ئەدۆزنەوە، من ئەیسەلمێنم.. ئەو كاتە بڕوا ئەكەن.

هەموو كەسێك بڕێك سەركێشی تیایە، هەیە دان بەخۆیدا ئەگرێت، هەیە خۆی بۆ ناگیرێت. لە پشت كەمەی جلَەوەكەوە دانیشتم. نە هەستم بە ئوتومبێلەكە ئەكرد نەبە ڕێگاكە، ئازار و توڕەیی و دلَشكاوی و هەلَچوونم لێ ئەچۆڕا. هەتا زیاتر درێژەی بكێشایە (كبریائ)بریندار كراوم زیاتر ئەهاتە سوێ.. نەخێر بۆتان ئەسەلمێنم، پێتان ئەسەلمێنم ئێوە بڕواتان بە مرۆڤ نییە، بۆتان ئەسەلمێنم پێم پێئەكەنن، چونكە زیادە ڕۆیی ئەكەن لە مەترسی ئەو كارە و بەم لاولای خۆتاندا ئەڕوانن. عەلی بەگ ڕاست ئەكات، پێویستە سەرەتا بیر بكەیتەوە و خۆت ئامادەبكەیت و تاقیكردنەوە بكەیت.. كابرایەكی ژیر و بە ئەزموونە، بەلاَم من وامنەزانی. ئەوەی ناوێت! نیشانتان.. ئەدەم چ كوڕێكم!.

دوای ئەوەی لۆریەكەم خستە گەراج ماوەیەكی زۆر خەریكی بووم، هەموو شتێك لە مێشكمدا ئالۆزاو بوو، تەنیا بیرم لە یەك شت ئەكردەوە :عەرەبانەیەك بە دوای خۆمدا بەدەربەندەكەدا ڕابكێشم.. ئەبێت بەهەر نرخێك بووە ئەوە ئەنجام بدەم.. بەلاَم كێ عەرەبانەم ئەداتێ! لە گۆڕەپانەكەدا ئەسوڕامەوە، ئەم خەیالاَنە لە مێشكمدا ئەخولانەوە، كات درەنگ بوو، تەنیا پەنجەرەكەی نوسینگەی هاتوچۆ ڕوناك بوو. وەستام.لێپرسراوی نوسینگە ئەتوانێت هەموو شتێك ئامادە بكات، وابزانم ئەمڕۆ كادیچا ئێشك گرە، ئەمەش بۆمن باشە.. ئەو دەست نانێت بەڕومەوە.. ئەگەر قسەو باسیش هاتە پێشەوە خۆ من نامەوێت تاوانێك بكەم، بە پێچەوانەوە ئەوەی ئەو ئەیكات تەنیا بۆ ئەوەیە خزمەتێكی

پێویست و بەكەڵكی هەموو لایەك بكەم.

بەرەو نوسینگەكە ئەچوم.. بیرۆكەیەك هات بە مێشكمدا. من ماوەیەكی زۆرە وەكو جاران لە دەرگاوە نەچومەتەوە ژورەوە بەڵكو هەر لە پەنجەرەكەوە مامەڵەكانم تەواو كردوە. داچڵەكیم. دەرگاكە كرایەوەو كادیچا دەركەوت

– بۆلای تۆ دێم كادیچا.. باش بوو لێرەیت

–بەڵام من ئەڕۆمەوە.

كەواتە بابتگەیەنمە ماڵەوە. كادیچا بەسەرسوڕمانەوە برۆكانی بەرز كردەوە، وەكو بڕوا نەكات سەیری كردم و پێكەنی:

– ئەرك نییە؟!.

لە گۆڕەپانەكە هاتینە دەرەوە، شەقامەكە تاریك بوو، كزەیەكی شێدار لە دەریاچەكەوە ئەهات، بایەكی ساردیشی هەبو، كادیچاش قۆڵی كردبوو بە قۆڵمدا و لەتاو ڕەشەبا ساردەكە خۆی پێوە نوساندبوم. پرسیم:

– سەرماتە؟!. بە شۆخی یەوە ووتی:

–لەگەڵ تۆدا چۆن سەرمام ئەبێت!.

پێش دەقیقەیەك لە دڵەڕاوكێیەكی قورسدا بووم، بەڵام ئێستا هەر لەخۆمەوە ئارام بوومەوە

–ئێشكگریی تۆ سبەینێ كەی دەست پێدەكات كادیچا؟.

–پاش نیوەڕۆ.. بۆ؟

–كارێكی زۆر گرنگم پێتەو هەموو هیوایەكم تۆیت.

لەسەرەتاوە نەیئەویست گوێم لێبگرێت بەڵام بەردەوام بووم لە قەناعەت پێكردنی و لە گۆشەیەكدا لەژێر گڵۆپێكدا وەستاین.

–ئای ئەلیاس!.. كادیچا بە بێچارییەوە سەیری كردم.. كارێكی باش ناكەیت. تێ گەیشتم داوای چی لێ بكەم بۆم جێبەجێ ئەكات، دەستیم گرت و پێم ووت –دڵنیابە هەموو شتێك بە دڵی تۆ ئەبێت. ڕێكەوتین؟.

هەناسەیەكی هەڵكێشا

–چیت لێ بكەم!. سەری لەقاند.

بێ ئەوەی ئاگام لەخۆم بێت دەستم خستە سەر شانی:

–ئای كادیچا خۆزگە پیاو ئەبویت. بەتوندی دەستیم گوشی.

– با سبەی ئێوارە هەموو نوسراوەكان ئامادە بێت.. تێ گەیشتیت؟!.

–وەی سوك!. هێشتا دەستی بەرنەدابووم ئینجا وەرچەرخایەوەو وتی:

- ئەڕۆم... تۆ ئەمشەو ئەچیتەوە بۆ خەوتنگە؟

- بەڵێ كادیچا.

– شەوێكی شاد.

ڕۆژی دوایی پشكنینی ئوتومبێلمان هەبوو، هەموو ئەوانەی لە بنكەكەدا بوون پەلە پروزێیان پێكەوت، پشكنەرەكان هەموو كاتێك لە ناوەختدا دێن و هەموو كون و قوژبنێكی ماشێنەكان ئەپشكنن و ڕاپۆرتی خۆیان ئەنوسن.. ئەو ماوەیەی ئەوان لەوێن ئەبێت بەهات و هاوار و قسەو قسەڵۆك، بەڵام خۆیان زۆر بێدەربەستن.

من لە ماشێنەكەم دڵنیا بووم، لەگەڵ ئەوەشدا خۆم دواخست و خۆم وا پیشاندا خەریكی چاككردنی هەندێك شوێنم. ئەبوایە بكەومە دواوە تا ئەوكاتەی سەرەی ئێشكگریی كادیچا دێت. كەس قسەی لەگەڵ نەكردم و باسی دوێنێ نەكرا. ئەمزانی هەموو لایەك سەرقاڵی شتێكی ترن، هەموو پەلەیانە لە پشكنین ڕزگاریان بێت و بچنەوە هێڵ و ئەو كارە تەواو بكەن كە لەكاتی لە كیس چوودا تەواویان نەكردوە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا خەیاڵم هەر لای ئەو گاڵتە پێكردنەی دوێنێ بوو.

پاش نیوەڕۆ سەرەی پشكنین گەیشتە سەرم. دوای ئەوەی ئەندازیارەكان ڕۆیشتن، جەنجاڵیی نەما. گەراجەكە چۆڵ بوو، عەرەبانەكان لە گۆڕەپانێكی سەر نەگیراودا وەستابوون. زۆر جار لەسەر جادە تەختەكان بۆ گواستنەوەی ناوخۆ بەكاریان ئەهێنان. دانەیەكم بۆخۆم

هەڵبژارد.. عەرەبانەیەكی بچكۆلەی ئاسایی، چوار تایەی لەژێردا بوو.. ئەمەیە من بە دوایدا ئەگەڕام، بەلام بۆئەوەنـدە ڕاڕام! نەمئـەزانی چـی چاوەڕێم ئەكات !بەهێمنی گەڕامەوە بۆ خەوتنگەكە.. ئەبێ ژەمێكی باش بخۆم، سەعاتێك بخەوم، چونكە ڕێگاكەم ناڕەحـەتیی ئـەبێت. بـەڵام خەوم لێ نەكەوت، ئەمدیودیوم كرد. كە خەریك بوو خۆرئاوا ئەبوو گەڕامەوە بۆ بنكەكە، كادیچا لەوێ بوو، هەموو شـتێك ئامـادەبوو. پسـولەی ڕێگام وەرگرت. ڕامكرد بۆ گەراج (ئێستا بۆتان ئەسەلمێنم ) دێورم كردەوە، لـە عەرەبانەكـە نزیـك بومـەوە، ئوتومبێلەكـەم كەمـدەنگ ئیشـی ئەكرد. دابەزیم و سـەیری چـواردەوری خـۆمم كـرد، كـەس نیـیـە..دەنگـی ئامێرەكـانی ئیشـگەی چـاككردنەوەی پارچـەكان و شـلّپ و هـۆڕی شەپۆلەكان نەبێت گوێم لەهیچ نەبوو.. ئاسمان سامالّ دیار بوو، بەڵام ئەستێرەی پێوە نەبوو، لە تەنیشتمەوە دەنگی مەكینەیـەكی كەمـدەنگ ئەهات.. دلّم پەلەپەلی ئەكرد، ویستم جگەرەیەك داگیرسێنم، بەڵام فرێیم دا.. دوایی جگەرە ئەكێشم. دەرگاوانەكە نزیك دەرگاكە وەستاندمی.

—ڕاوەستە.. بۆكوێ؟

—ووتم بار ئەكەم برا. هەولّم دا هێمن و سروشتی دیاربم، ئەوە پسولّەكەم.

پێرەمێردەكە سەری بەسەر پسولّەكەدا شۆڕكردەوەو دایە بەر ڕوناكی گلّۆپێك تا بیخوێنێتەوە. پێم ووت

دوام مەخە برا، ئیشم هەیە. بێ هیچ گرفتێك بارم كرد. دوو پارچە لە لۆرییەكەداو دوو پارچە لە عەرەبانەكەدا.. كـەس وشـەیەكی نـاڕەزایی دەرنەبڕی، سەرم لەوە سوڕمابوو!.

چومە سەر جادەكە، ئەوجا دەستم كرد بە جگەرە كێشان، تۆزێك جێی دانیشتنەكەم خۆشتر كرد، هـەردوو گلّۆپـەكانم داگیرسـاند و گـازم قەپات كرد.. تاریكییەكە ئەلەرزی و دڕی ئەدا. ڕێگاكە چۆلّ بوو، چەند برۆشتمایە هیچ ڕێگرم نەبوو. ماشێنەكەم زۆر سـووك بـوو، هەسـتم بـە كێشی عەرەبانەكە نەئەكرد. كە گوێم لەدەنگ ئە بوو لە دوامەوەپێم ئەزانی، ڕاستە لە پێچـەكاندا لار ئەبوینـەوە، دەسـەڵاتم بەسـەر كەمەكـەدا لاواز ئەبوو، لە دلّی خۆمدا ووتم ئەوە هێشتا ڕانەهاتوم، تاوێكی تر دەستم ڕادێت، (دۆلّۆن ئەبڕم و ئەگەمە سنتزیان).

دلّی خۆم خۆش كرد و بەسەر كەمەكەدا نوشتامەوە وەك چۆن سوارچاكێك بەسەر جلّەوی ئەسپەكەیدا ئەنوشـتێتەوە، مـادام ڕێگـا تـەخت و چۆلّە ئەبێت بئاژووم، بە حسابی خۆم لە نیوە شەودا باوەشم ئەكرد بە دۆلّۆندا، تا ماوەیەك لە خێرای ئاسایی خۆم زیـاتریش ئەڕۆشـتم. بـەڵام كە گەیشتمە چیاكان ئەبوایە زیاتر هۆشیار بم، ئەوەش بەهۆی بێ هێزیی مەكینەكەمەوە نەبو، هەورازەكان بەقەد پێچەكان دوایان نەئەخسـتم، عەرەبانەكە لە پێچەكاندا لاسەنگ ئەبوو، خاو ئەبوەوە و لۆریەكەی بەدوای خۆیـدا ڕائەكێشـا، لەسـەرەو خوارەكانیشـدا پـالّی بـە لۆرییەكـەوە ئەناو نەیئەهێشت بە هێواشی و وریایی دابەزم، ئەبوایە خێرا خێرا گێرم بگۆڕیایەو برێكم بكردایە و دەستم بشكاندایەتەوە.

سەرەتا ویستم خۆم ڕاگرم و هەولّم دا بایەخی پێنەدەم بـەڵام زیـاتر تـەنگی پێهەلّئەچـنیم و كەللـەیی ئـەكردم..ئـەم ڕێگـا چـەند هـەوراز و سەرەو خواركەی تیایە؟! بۆ كەسێك بەخەیالّیا نەهاتوە بیانژمێرێت؟. هەموو ئەمانە لـە ورەیـان كـەم نەكردمـەوە، لـە هـیچ نەئەترسـام ئـەوە نەبێت هێزم تیا نەمابوو، دلّخۆشی خۆم ئەدایەوەو ئەموت:

—پێش ئەوەی دەربەندەكە ببڕم پشویەك ئەدەم، بێگومان ئەیبڕم.

تێ ناگەم ئەمجارە بۆلەو جارەی پایز ناڕەحەت تر ئەهاتە بەر شانم كە لۆرییەكەم بەبارەوە ڕاكێشا. دۆلّۆن نزیك بـوەوە، تیشـكی لایتـەكانم بەسەر تاشە بەردە لوسەكاندا ئەخلیسكا و ئەكەوتـە سـەرجادەكە.. تـا ئـەهات تاوێرەكـان قەبـەتر و تاریـك تـر ئـەبوون. بـۆ ئـەبێت بـەردێك سێبەری دە ئەوەندەی خۆی بێت؟!. بەردە لوت تیژەكانیش كە سەریان بەفر داپۆشیبوو قوچ تر ئەهاتنە بەرچاو و بوبون بـە دێـو و درنـج و لەهەردوو بەری ڕێگاكە بۆم دانیشتبون!. كلوكلوی بەفر وەكو شەوكوێر بن یان بەشەوارە كەوتبن خۆیان ئەدا بە جامەكەمدا، چنگیان بـۆ گـیر نەئەكراو ئەخزانە خوارەوە. لەدلّی خۆمدا ووتم:

— لەوانەیە ئەمە باڕن بێت و لە كێوەكەوە بێت، بەڵام كە سەیرم كرد هەتا لایت بڕكات هـەر بـەفرە و بـەفر ئـەباریت، لێـوی خـۆم گەسـت و ووتم:

—هە ر لە بەفرم كەم بوو.

فلّچەكانم خستە ئیش.. دەستم دایە یەكـەم هـەورازی دەربەندەكـە.. مەكینەكـەم بالّۆرەكـەی خـۆی دەسـت پێكـرد. لەوتاریكیـەدا شـیڕەی مەكینە بەهەر چوار لادا پـەلی ئـەكوتا و بـلّاو ئـەبوەوە. بەهـەر حـالّ چـومە سـەر باسـكەكە.. ئێسـتا سـەرەو خواركەیـەكی لێـژ و دورودرێـژم لەبەردەمدایـە.. مەكینەكـەم دەنگـی نـەرمتر بـوو. لـۆری لـوتی سـەرەوخوار كـردەوە.. كەوتمـە ئەمبەرەوبـەركردن.. هەسـتم كـرد لـەدواوە

عەرەبانەكە  چۆن ئەیەوێت سواری سەرم بێت و خۆی ئەكێشا بە لۆریەكەدا..گوێم لەتەقەتەقی ئاسن بوو ئەیاندا بەیەكدا و لەیەك ئەخشان..لەگەڵ هەموو زرمەیەكدا شەققە لەپشتم هەڵئەساو هەستم بەئازار ئەكرد لەهەردوو شانمدا..تایەكانم ئاگایان لە برێك نەبوو، ئۆتومبێلەكە بەسەر بەفرە تەڕەكەدا ئەخلیسكا. لۆریەكە بەخۆی و عەرەبانەكەوە بەم شان و بەو شاندا لەتری ئەدا.. دەسەڵاتم بەسەر كەمەكەدا نەمابوو، بە ئارەزوی خۆی ئەخولایەوە و لۆری شۆڕ ئەبوەو لاڕێی ئەكرد.. دەستم قەپات كرد. وەستام. ناتوانم لەوە زیاتر بڕۆم. لایتەكان و مەكینەكەم كوژاندەوە. هەردوو دەستم وا سڕبوبون  بتبڕینایەتەوە بەخۆیان نەئەزانی. پاڵم دایەوە بە پشتی كورسیەكەوە. گوێم لە هەناسەی شپرزەی خۆم گرتبوو.. چەند دەقیقەیەك وا مامەوە تا هەناسەم بێتەوە بەر و جگەرەیەك بكێشم.چواردەورم تاریكی و خامۆشیەكی ترسناكە.. دەنگی هیچ نایەت لورەی ڕەشەبا نەبێت.. ترسام بیر لەوهەنگاوە بكەمەوە لە پێشمەوەیە، لێرە بەدواوە ئەبێت بە ڕێگایەكی هەورازی پێچاوپێچدا سەركەوم..ئازاری قۆڵ و باسك و شیڕەی مەكینە گرفتی سەركەوتنی ئەم ڕێگا هەورازە سەختە بێ كۆتاییەن.. بەڵام كاتی دوودڵی نیە.. بەفرەكە چاك ئەبارێ و فریا نەكەوم ڕێ ئەگیرێ. لۆریم خستەوە ئیش، ئۆتومبێل بە نابەدڵی سەرئەكەوت، لێوی خۆم گەست، بێ خاوبونەوە ئەو پێچە بەدەورە سەرەو ژورەم پێچ لەدوای پێچ ئەبڕی تا سەركەوتم. ئێستا سەرەو لێژێكی كووڕە و دوای ئەوە ڕێگاكە تەخت ئەبێتەوە تا ئەگاتە لۆفەی پێش دووڕیانەكەو ئیتر دوایین بەشی دەربەندەكەیە. ناڕەحەت چومە خوارەوە. لە ڕێگا تەختەكەدا كە ماوەی چوار كیلۆمەترە، خێرایم زیاد كرد.. گوڕم بەستەوە.. بەهەمان خێرایی بەهەورازەكەدا هەڵگەڕام. ماوەیەك سەركەوتم و گوڕم نەما. لۆری بە نائومێدییەوە خاو ئەبوەوە.. گێڕەكەم دا بەدوو.. دوایی هاتمە یەك. كەمەكەم گرت و پاڵم دایەوە. لە نێوان دوو خێڵە هەورەوە ئەستێرەم ئەدی ئەدرەوشانەوە. مەكینە نەیتوانی یەك بستی تر لۆری ڕابكێشێت، تایەكان لە شوێنی خۆیان ئەخولانەوە.. پێم قەپات كرد، بەدەنگێك كە دەنگی خۆم نەبوو هاوارم كرد:

— ئادەی.. یەك تۆزی تر خۆ ڕاگربە !.

نركەو ناڵەی مەكینە بو بە لەرزین تەپەتەپ و ترپ كوژایەوە. لۆری بە هێواشی هاتە دواوە.. هەرچەندم كرد برێك نەیگرت..بەلەسەبوو.. لۆری نیشتە سەر عەرەبانە.. لە پڕ خۆیكێشا بە تاوێرێكدا و وەستا. دەرگاكەم كردەوەو دابەزیم:

- ئەی نەفرەت ! .دەبخۆدەی ! .

سەیرئەكەم عەرەبانەكەم كەوتۆتە كەندێكەوە.. ئێستا هێز نییە بتوانێت دەری بێنێت. بێ ئەوەی ئاگام لەخۆم بێت مەكینەكەم خستەوە ئیش.. تەكانم دا بۆ پێشەوە.. تایە وەكو شێت هەڵئەسوڕان و چنگیان لەزەوی گیر نەئەبوو.. لۆری هەڵپەی كرد و تەقەلای دا لەجێی خۆی نەجولا.. بازم دایە خوارەوە و ڕامكردە دواوە بۆلای عەرەبانەكە، پێچكەكانی لاڕێكەیان كەندڕ كردبوو و تێی كەوتبون. ئێستا قوڕی كوێ بكەم بەسەرما؟ ! . بێ ئەوەی ئاگام لەخۆم بێت لە داخا لێوی خۆم گەست، شانم دایە بەر عەرەبانەكەو پاڵم پێوەنا.. نەجولا، دوایی ناوچەوانم و هەردوو لەپی دەستم نا بە ئاسنە ساردەكەوەو وەكو گا بۆڕاندم.. پاڵم نا، قاچم خزا، شان و ملم لەعەرەبانەكە توند كرد.. دەستم تەزی.هەر ووتم بەڵكو عەرەبانەكە بگێڕمەوە سەر ڕێگاكە.. ئارەقم كرد.. سەرم دایە ژان. دوای ئەوەی هێزم لێ بڕاو هیوا بڕاو بووم، لەپەو ڕوو لەسەرجادەكە خۆمدا بە زەویدا و لە داخا دەستم كرد بە گریان. لە قوڕو بەفرەكەدا خۆم ئەتلاندەوە.

هەستام لارە لار چومە پێشی لۆریەكە و لەسەر پێشەكەی دانیشتم. لە دورەوە دەنگی ئۆتومبێلێك هاتە گوێم. لەسەرەتای هەورازەكە تیشكی دووگڵۆپ ئەو ناوەیەن كێوماڵ ئەكرد. من نازانم ئەو شۆفێرە كێیەو بۆكوێ ئەچێ، بۆبەم شەوە هاربوە ! . ترسام وەكو ئەوەی ئەو دوو گڵۆپە بگەنە لام پەلامارم ئەدەن و ئەمگرن، بەپەلەوەكو دز ڕامكرد قولاپەكەم لێ كردەوەو سیمەكەم فڕێ دایە گوێ جادەكە. خۆم هەڵدایە ناو لۆریەكە. عەرەبانەكەم لە چاڵەكەدا بەجێهێشت و  بۆی دەرچووم.. ترسێكی نادیاری بەهێز دایگرتبوم، بەدرێژی ئەو ڕێگایە وام هەست ئەكرد عەرەبانەكە دوام كەوتوەو خەریكە ئەمگرێت.. وەكو  —با— ئەڕۆیشتم بێ ئەوەی وەربگەڕێم، چونكە چاویشم بنوقاندایە ڕێگاكەم لەبەر بوو. دەمەوبەیان گەیشتمە وێستگەی دەربەندەكە.. بێ ئەوەی هۆشم لای خۆم بێت بەهەردوو دەست لەدەرگاكەم دا. دەرگا كرایەوە.. بێ ئەوەی سەیری ئاسیل بكەم چومە ژوورەوە. لەتەوقی سەرمەوە تا بەری پێم لە قوڕو لیتەدا بوو، بەهەناسە بڕكێوە لەسەر شتێكی تەڕ دانیشتم، كۆمەڵێك جلی شۆڕاو لەسەر كورسیەكە بوو لەژێرما.. دەستم كرد بە گیرفانما بۆ جگەرەیەك ئەگەڕام سویچی لۆریەكەم هاتە دەستم، تا دەستم گرتی فڕێم دا.. سەرم خستە نێوان هەردوو ئەژنۆم. بە پیسی و پۆخڵی و تەزیوی كپ بووم. ئاسیل بە هێواشی سویچەكانی هەڵگرتەوەو خستیە سەرمێزەكە و بە هێواشی ووتی:

- خۆت ناشۆیت؟.. لە ئێوارەوە ئاوم گەرم كردوە.

سەرم هەڵبڕی ئاسیل وەكو ڕوا بێت لەبەردەمما وەستابوو، تەنیا كراسێكی لەبەردا بوو، باسكە ناسكەكانی لەسەر سنگی گرێ دابوو، چاوە خەواڵوەكانی بە ترس و تاسەوە تێیان ئەڕوانیم. بەدەنگێكی نامۆی بێ تامەوە ووتم:

– عەرەبانەكەم لە دەربەندەكە بەجێهێشت.

- عەرەبانە چی‌یە ؟.

بەگرژییەوە ووتم

– سەوزە كاڵە ژمارە 2– 38 كە.. ئەوەی درزیم.. ئەزانیت؟ درزیم!. ئاسیل بە ئەسپایی، هـا، یـەكی لـەدەم دەرچـوو.. لەسـەر قەرەوێڵكـە دانیشت.

–جا بۆچی؟!.لە حاڵی نەبونەكەی پەست بووم.

– چی.. بۆچی؟ ویستم بەعەرەبانەوە لەدەربەندەكە بدەم و بیرۆكەكەم بسەلمێنم.. تێ گەیشتی؟ بـەڵام بـۆم سـەرنەكەوت و ئـابڕووم چـوو. جارێكی تر دەم و چاوم خستەوە ناو هەردوو لەپم، هەردووكمان تاوێك بێ دەنگ بووین. لـەپڕ ئاسـیل بـەگورجی هەسـتایە سـەرپێ و دەسـتی كرد بەخۆ گۆڕین، بە توڕەیی و نازێكەوە ووتی:

- ئەی بۆ دانیشتویت ؟.

لەژێر لێوەوە وتم ئەی چی بكەم؟..

بگەڕێرەوە بۆ بنكەكە.

–چۆن بەبێ عارەبانەكە ؟.

– بۆیان باس بكە و تێیان بگەیەنە. بەژوورەكەدا ئەهاتم و ئەچووم، بە توڕەییەوە ووتم:

–چۆن وا ئەكەم.. بەچ ڕویەكەوە عەرەبانەكـە ڕابكێشـمەوە بـۆ گـەراج!. بچـم پێیـان بلـێم داوای لێبوردنتـان لێ ئەكـەم.. توسـەری خۆتـان بمبەخشن!.. من هەڵە بووم.. لەبەردەمیاندا چۆك دابدەم و بپاڕێمەوە. ناتوانم. چییان لەدەست دێ بابیكەن، بەخەیاڵما نایەت.

لەدەنگە دەنگی من كوڕەكەمان هەستا، دەستی كرد بە گریان. ئاسیل كردیە باوەشی، بەڵام خـراپتر وركـی گـرت، لـەپڕ ئاسـیل بـە هێمنـی بەڵام بە بڕواوە ووتی:

– تۆ بێ دەسەلاتیت!.

–چی ؟!. بێ ئەوەی ئاگام لەخۆم بێت دەستم هەڵبڕی و یەك مستەكۆڵەم بۆداهێنایەوە بـێ ئـەوەی دڵـم بێـت لێی بـدەم.. چـاوە گـەورەو كراوە ڕاماوەكانی ڕایان وەستاندم و لە خەرمانەی ڕەشاییەكاندا شێوەی توڕەو ترسناكی خۆم بینی.. بە پاڵێـك تـەكم پـێ دایـە لاوە و چـومە دەرەوە و دەرگاكەم لەدوای خۆمەوە توند پێوە دا.

خۆر لە قوژبنێكی هەیوانەكەدا كشكەڵەی كردبوو، لەبەر ڕوناكی خۆرە ساواكە ڕوداوەكـەی دوێنـێم تـاریكتر و نالـەبارتر و بـێ چارەسـەر تـر ئەهاتە بەرچاو. ئالەم چركە ساتەدا هیچ چارەسەرێكی ترم نەدی ئەوە نەبێت بارەكەم بگەیەنمە شوێنی خۆی، ئیتر نازانم دواتر چی ئەبێت؟.

لە گەڕانەوەدا نەچوومە ماڵەوە، لەبەر ئەوە نا كە لەگەڵ ئاسـیلدا شـەڕم كـردوە بـەڵكو نەمئەویسـت نـە كـەس ببینێـت و نەكـەس ببیـنم و نەبزانم چۆن ئەجوڵێنەوە.. لەم حاڵەتانەدا ئەمەوێت لەگەڵ خۆمدا بە تەنیا بم، نامەوێت دڵتەنگی خۆم نیشانی خەڵك بدەم. خەفەتی منیان بـۆ چی‌یە؟!. هەرچییەك هات شانی بدەرە بەر پێش ئەوەی تالاوەكەی بچێژیت.

لە دەربەندەكە دا ئەو شەوەی سەفەرەكەم لە میوانخانەی سەر ڕێگاكەدا بردە سەر، لە خەوما بەدوای عەرەبانەكـەدا ئەگـەڕام. لـە ڕاسـتیدا خەو نەبوو بەڵكو مۆتەكە بوو. شوێنی لۆریەكەم ئەبینی بەڵام هـیچ ئاسـەوارێكی عەرەبانەكـە دیـار نـەبوو، ئەتلامـەوە و ئـەموت ئـەبێ چـی لێ هاتبێت ! ئەبێ كێ دزیبێتی؟!. كە گەڕامەوە بەڕاستی لەو شوێنەدا نەمابوو. دوایی زانیم عەلی بەگ ڕایكێشاوەتەوە بۆ بنكەكە.

بۆ بەیانی گەڕامەوە هەواڵێكی عەرەبانەكە بزانم، ئاوێنەیەكی بچكۆلە لەژوور سەرمەوە بوو كە سەیری خۆمم كرد ڕەش داگیرسـاوم، بێـزم لـە خۆم ئەكردەوە.ژیان لەبنكەكەدا وەك هەمیشە ئەچوو بـەڕێوە جگـە لـەمن، وەكـو هـەرگیز لێـرە كـارم نـەكردبێت، بەدڵـە ڕاوكـێوە لۆریەكـەم گەیاندە دەروازەكەو بێ دەنگ چومە گۆڕەپانەكەوە.. لە سوچێك لەوسەرەوە دوور لە گەراجەكە ڕاوەستام، یەكسەر دانەبەزیم بـەڵكو چـاوێكم

بەو ناوەدا گێڕا. خەڵكەكە لە ئیش وەستان و سەیریان ئەكردم. ئاخ.. خۆزگە ئێستا پێچم ئەكردەوەو تا چاو بركات پێم پێوە ئەنا، بەڵام ناكرێت ئەوە بێتەدی. گوڕوتینم دایە بەرخۆم و دابەزیم. گۆرەپانەكەم بەرەو نوسینگەی هاتوچۆ كە بڕی، هەوڵم ئەدا ئاسایی و هێمن دیاربم بەڵام لە ڕاستیدا وەكو تاوانبارێك بەبەردەم ڕیزێ سەربازدا بڕوات وابووم، ئەمزانی هەموان چاوی ڕق و داوەشینیان تێبڕیوم. كەس قسەی لەگەڵ نەكردم و كەس سڵاوی لێ نەكردم.. منیش لە جێی ئەوان بومایە هەروام ئەكرد. لەبەردەرگای نوسینگەكە هەڵتوتم، بەوسەرسمە دڵیشم ڕاچەنی، كادیچام لەبیرچوبو توشی چی نارەحەتی و گێژاوێكم كردبوو! لە ڕاڕەوەكەدا دیوارنامەیەك ڕووبەڕوو بەرامبەرم بوو كە ناوی (هەورە بروسكە) بوو، لەبارودۆخی تایبەتدا دەرئەكرا، بەخەتێكی درشت لێ نوسرابوو (شەرمەزاریی)، لەژێر ووشەكەشدا وێنەی عەرەبانە وەرگەڕاوەكە دروست كرابوو. ئاوڕم دایەوە دەم و چاوم سور هەڵگەڕا، وەك زللەیەكیان دابێت لە پەنا گوێم. خۆم كرد بە ژووری نوسینگەی هاتوچۆكەدا، كادیچا بە تەلەفۆن قسەی ئەكرد، كە چاوی بەمن كەوت تەلەفۆنەكەی دانا

— ها بگرە!. پسوڵەی گەشتە شومەكەم فڕێ دایە سەر مێزەكەی.

كادیچا بەدڵشكاوییەوە سەیرێكی كردم. لەدڵی خۆمدا ووتم خۆزگە نەتوڕەئەبوو نە ئەگریا.. هەر لە دڵی خۆمدا لێی پاڕامەوە (دوایی)، لە جێیەكی تر.. ئێستانا. تێگەیشت و هیچی نەووت. بەسەرگزییەوە لێم پرسی:

- بووبەفەرتەنە ؟!.

كادیچا بەسەر لەقاندن ووتی بەڵێ.

بۆئەوەی ورەی بدەمە بەر، لە نێوان دانەكانمەوە ووتم:

— هیچ نییە !. ووتی:

- ئیتر بارت پێ بارناكەن!.

بە پێكەنینێكی گاڵتە ئامێزەوە پرسیم:

— بارم پێ بارناكەن ؟ هەربەیەكجاری ؟!.

— ویستیان هەر بەیەكجاری دەرت بكەن و بتكەن بە فیتەر، بەڵام برادەران تكایان بۆ كردیت و لەبەشی هاتوچۆی ناوخۆ دایاننایت.. بچۆ بۆلای سەرۆك، وتی كە هاتەوە باچاوم پێی بكەوێت.

—ناچم! با خۆیان بڕیاری چی ئەدەن بیدەن، ئیتر دەربەستی ئەم كارە نایەم. هاتمە دەرەوە، سەرم دانەواندبوو.. كەسێك هاتە بەردەمم، ویستم خۆمی لێ لابدەم بەڵام عەلی بەگ ڕێگاكەی پێگرتم

— ڕاوەستە مەڕۆ.. ترنجاندمیە قوژبنێك و چاوی بڕییە چاوم، بە چپەیەكی بێزاری تاڵ پێی ووتم:

— ویستت چی بسەلمێنیت قارەمان! سەلماندت چ پیاوێكیت؟!.

— بەهیوای ئەوە نەبووم.

— درۆ ئەكەیت.. ویستت خۆت بنوێنیت! هەر خۆت بەشت بزانیت.. تا سەرت لەخۆت شێواند. ئەمجا بڕۆ بیسەلمێنە ئەتوانیت بەعەرەبانەوە دەربچیت..كەرە! بێ مێشك !.

ئەم ووشانە بەس بوون بۆ هەریەكێكی تر كاڵەك بەئەژنۆ بشكێنێت و پەشیمان بێت. بەڵام لای من تازە هیچ.. كەتنەو كردومە!. هیچ تێ نەگەیشتم ئەوە نەبێت بەخۆڕایی سوكایەتی و سەرزەنشت ئەكرێم.. من بێمێشكم و هەر خۆم بەشت ئەزانم و ئەمەوێت خۆم بنوێنم.. شتی وا ڕاست نیە!

عەلی بەگم لادایە لاوەو ووتم

- وازم لێ بێنە.. تاقەتم نییە.

هاتمە دەرەوەی فەرمانگەكە. ڕەشەبایەكی سارد گێژەڵوكەی بەبەفری گۆرەپانەكە ئەكرد. ئەوانەی بەلامدا ڕەت ئەبون بەلاچاو سەیریان ئەكردم. ئەبوایە چیم بكردایە؟!. هەردوو دەستم خزاندە گیرفانەكانم و ڕوومكردە دەرگای دەرەوە. بەفرەكە لەژێر پێمدا خرمەخرمی بوو، قوتولەیەكی بچكۆلە كەوتە بەرپێم، بەهەموو هێزم شەقێكم تێهەڵدا بۆ سەر جادەكە، بەدوایدا لە دەروازەكە چوومە دەرەوە. بەدرێژی ئەو ڕۆژە بەبێ هیچ نیازێك بەشەقامەكانی بەندەرێكی چۆڵ و هۆڵ و سارد و سڕا سوڕامەوە. دەریاچەی (ئیسیك — كوڵ) ئارام نەبوو،

كەشتیەكانی بەندەرەكە وەك سەرخۆش بەمدیوەو دیوا ئەكەوتن. سەرەنجام كەوتمە مەیخانەكە. چوومە سەر مێزێك كە شوشەیەك ڤۆدگای لەسەر بوو، كەمێكی لیٚ خورابووەوە، لەگەڵ دەفرێك مەزە. یەكەم پێك سرێ كردم، بە گێژیەوە سەیری قاچەكانم ئەكرد، لەپڕ گوێم لە دەنگێك بوو تۆزێك بەگاڵتە پێكردنەوە پێشوازی لیٚ كردم.

—ئەوە بۆ وا تەپیویت!.. پاڵەوان؟.

بەناڕەحەت سەرم هەڵبڕی، كادیچا بوو...

– ئەڵیٚی تاقەتت نیە بە تەنیا بخۆیتەوە ؟!. بەزەردەخەنەوە وتی و لەسەر كورسیەك لەنزیكمەوە دانیشت، ئینجا ووتی:

– ئەڵێی چی بەیەكەوە بخۆینەوە ؟. كادیچا دوو گلاس ڤۆدگای تێكرد و یەكێكیانی لیٚ نزیك كردمەوەو وتی:

- بگرە، بەمەكرەوە چاوێكی لیٚ داگرتم وەكو بەتایبەتی تەنیا بۆئەوە هاتبین، دابنیشین و بەیەكەوە بخۆینەوە. بەغەمبارییەوە لێم پرسی: ئەوە تۆ بۆئەوەندە دڵت خۆشە ؟!..

ئەی خەفەت لەچی بخۆم ئەلیاس! من كە لەگەڵ تۆدا ئەبم گویٚ نادەمە هیچ شتێك.. ئەمزانی تۆش وایت!. پێكەنینێكی هێواش پێكەنی، پێكەكانی دا لەیەك و بە دوو چاوی پڕ لەناز و ئارەزووەوە سەیری كردم. خواردمانەوە، جگەرەیەكم داگیرساند، وەكو تاوێرێك لەسەر سنگم لابرابێت، ئەمرۆ بۆ یەكەم جار پێكەنیم. دەستێكی كادیچام گوشی و پێم ووت: بەڕاستی چاو قایمیت!.

هاتینە دەرەوە سەر جادەكە. رۆژ ملی شكاندبوو، بایەكی شێت و وێت لەدەریاچەكەوە ئەهات و پەلاماری درەخت و دارتەلەكانی ئەدا، كادیچا بەدڵسۆزییەوە ملیوانەكەی بۆ هەڵدامەوەو قۆڵی كرد بەقۆڵما، بەهەست كردن بە تاوانباری و پێزانینەوە پێم ووت:

من تاوانبارم بەرامبەر بە تۆ كادیچا.. بەلاٚم ناهێڵم كەس زیانت لیٚبدات، من بەرپرسیارم.

وەلاٚمی دایەوە: واز لەوە بێنە گیانە خۆت ناڕەحەت مەكە، من بەوە ئازار ئەچێژم تۆ بەخۆڕایی خۆت بێتاقەت ئەكەیت.. منیش جاران وابووم، لەگەڵ ژیاندا برۆ.. چەند ئەتوانی لیٚی بخۆ! ململانیٚ لەگەڵ چارەنوسدا مەكە.

بەرپەرچم دایەوەو وتم: ئەوە ئەكەوێتە سەر چۆنێتی تێڕوانینت بۆ ژیان. تۆزێك بیرم كردەوە ووتم: لەوانەیە تۆ ڕاست بكەیت. گەشتینە ئەو ماڵەی كادیچای تیا ئەژیا، دەمێك بوو بەتەنیا لەوێدا بوو، لەبەر هەر هۆیەك بێت لەگەڵ مێردەكەی جیابوبونەوە. كادیچا ووتی:

- باشە وا گەیشتم.

ئەو خۆی خەلاٚفاند و منیش نەڕۆیشتم، وەكو هێزێك هەریەكەمان بەلای ئەوی تردا ڕابكێشێت. لەو چركە ساتەدا نەمئەویست بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە. حەقیقەت شیرینە، بەلاٚم زۆر جاریش ئەوەندە تاڵە مرۆڤ بیٚ ویستی خۆی خۆی لیٚ لائەدا. كادیچا پرسی:

—بیر لەچی ئەكەیتەوە گیانە؟.. لەوەی ڕێگات دورەو ماندویت؟.

—ڕاستە، بەلاٚم هەرچۆنێك بێت ئەگەم.. لای تۆم خۆش. تەوقەم لەگەڵ كرد. ووتی: ئۆی! دەستت تەزیوە، باگەرمت بكەمەوە.

دەستی كردم بە ژێر پاڵتۆكەیدا و توندی كرد لە سنگی.. نەموێرا دەستم ڕابكێشمەوە.. نەموێرا بەرهەڵستی ئەو دڵسۆزییە گەرمە بكەم. دڵی لەژێر دەستمدا لیٚی ئەدا، والیٚی ئەدا وەكو داوای ئەو شتە بكات كە دەمێكە بەهیوایەتی. من سەرخۆش بووم، بەلاٚم بەوڕادەیە نا ئاگام لەخۆم نەبێت، لەسەر خۆ دەستم دەرهێنا. كادیچا وتی ئەڕۆیت ؟.

– بەڵیٚ.

— بە بێوەی!.

هەناسەیەكی هەڵكێشاو بەپەلە خۆی كرد بە ژووردا و دەرگاكە پێوەدرا، منیش ملی ڕێم گرت، بەلاٚم دوای چەند هەنگاوێك وەستام، بیٚ ئەوەی بزانم ئەوە چۆن هات بەسەرما جارێكی تر گەیشتمەوە بەردەرگاكە. كادیچا چاوەڕوانم بوو، خۆیدا بەسەر شانمدا و دەستی كردە ملم و دەمی نایە ناو دەمم. چپاندی بەگوێمدا.

— گەڕایتەوە؟!.

دەستی گرتم و بردمیە ژوورەوە. شەو بەئاگا هاتم، تا تاوێكی باش نەمئەزانی لە كوێم، سەرم ژانی ئەكرد، لەپاڵ یەكدا ڕاكشابووین، كادیچا بە نیوە ڕوتیی، گەرم و نەرم پێمەوە نوسابوو، سەری لەسەرشانم بوو، بە ئارامی هەناسەی ئەدا، ویستم خێرا هەستم و بەپەلە بڕۆم. جوڵایەوە، بیٚ ئەوەی چاوی بكاتەوە باوەشی پیاكردمەوەو بە چپە لێم پاڕایەوە:

– مەڕۆ. ئینجا سەری هەڵبڕی و لە تاریكیەكەدا چاوی بریە چاوم و بەچپەیەكی پچڕ پچڕ ووتی:

- ئیتر بێ تۆ ناژیم تۆ.. بۆمنیت.. تۆ هەمیشە هی من بوویت، لەوە زیاترم ناوێت.. كە تۆ خۆشت بوێم ئەلیاس.. هیچی تر نازانم.. و هەرگیز وازت لێ ناهێنم.. تێم ئەگەیت؟ هەرگیز كۆڵت لێنادەم.

كادیچا دەستی كرد بەگریان و فرمێسكەكانی هەڵئەوەراندە سەر دەم و چاوم. نەڕۆشتم، تا بەیانی بەیەكەوە نوستین. كە خەبەرمان بوەوە حەوشەكە روناك بوبوەوە، بەپەلە جلەكانم كردە بەرم. ترس و ساردییەكی ناڕەحەت دڵیان ئەگوشیم. بەدەم رێگاوە پاڵتۆ فەروەكەم لەبەرم هەڵكێشا، بەخێرایی حەوشەكەم بڕی و بەپەلە لە دەرگاكە چومە دەرەوە و خۆم گەیاندە سەر شەقامەكە.. لەپڕ لەگەڵ كابرایەكدا كە شەپقەیەكی پانی سوری كەوڵە رێوی لەسەردابوو رووبەرووی تەقی بەیەكدا.. ئاخ! خۆزگە گوللە بوایەو بچەقیایەتە هەردوو چاوم. جانتای بوو، ئەچوو بۆسەركار، ماڵەكەی لەوناوەوە نزیك بوو. تۆزێك هەردووكمان ووشك بوین و خۆم وا نیشاندا كەنەمدیوە، دەستبەجێ لامداو پەلەم كرد بگەمە بنكەی لۆریەكان. جانتای لەدوامەوە بەردەوام بە ماناوە ئەكۆكی، بەردەوام گوێم لە شەختەكە بوو لەژێر قاچەكانیدا ئەشكا، بەمەسافەیەك نەكەمی ئەكرد نەزیاد. بەوجۆرە دوابەدوای یەك گەیشتینە بنكەی لۆریەكان.

بێ ئەوەی سەر لەگەراج بدەم یەكسەر چووم بۆ كارگێڕیی. لە ژوری سەرۆكی ئەندازیاران كە هەمیشە بەیانیان بۆ ماوەی پێنج دەقیقە كۆبونەوەی تیا ئەكرێت، دەنگە دەنگێك ئەهات، بەڵام بەرز و گەرم نەبوو.. چەند حەزم ئەكرد بچمە ژورەوە و لەسەر قەراغی پەنجەرەكە دابنیشم قاچ بخەمە سەر قاچ و جگەرەیەك بنێم بەلا لێومەوەو گوێ لە قسەو راوبۆچونی شۆفێرە دڵسۆز و بێ كینەكان بگرم. هەرگیز بەبیرمدا نەئەهات ئەمە ئاواتێك بێت و بۆمرۆۋ نەیەتەدی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پرِكێشیم نەكرد بچمە ژوورەوە، ئەوەش بەڕای خۆم ترسنۆكی نەبوو بەڵكو من هەمیشە دەمارێكی كەللە رەقی و مەلابەزێنی و شت بێ بایەخ گرتنم تیا بووە.جگە لەو شڵەژان و دڵەڕاوكێیەی دوای بەسەر بردنی شەوێك لەگەڵ كایچا دا بەسەرم هاتبوو. خەڵكیش وەكو دیار بوو هیشتا كۆڵیان نەدابوو و لەپشت هەموو دەرگاكانەوە هەر باسی من بوو. گوێم لێ بوو یەكێك هاواری ئەكرد:

– ئەی هاوار ناكرێ! ئەوە، ئەبێت بدرێتە دادگا.. ئێوەش ئەوانەی پشتگیریی لێ ئەكەن و پێشنیارەكەی بەڕاست ئەزانن، پێویستە بەخۆتاندا بچنەوە.. ئەگەر شۆفێر بوایە عەرەبانەكەی لە دەربەندەكەدا بەجێ نەئەهێشت. دەنگێك پێی بڕی: بەڕاستی ئێمە پێشتر زۆر لەوجۆرە كەسانەمان دیوە، بەڕاستی ئەوە دڵسۆزییە.. ویستی بە هێمنی و بەدزییەوە سەری بنكەكەمان بەرز بكاتەوە و خەڵات بكرێ بەڵام سەری نەگرت. قڕەقڕیان كرد و.. ووتوێژیان كرد. بەڵام من نەمئەویست لەپشت دەرگاكەوە گوێ هەڵبخەم، لەبەر ئەوە دوور كەوتمەوە. گوێم لەدەنگی قسەكردن بوو لەدوامەوە. لەناودەنگەدەنگی مناڵاندا كەیارییان ئەكرد عەلی بەگ بەدەم ڕۆیشتنەوە بەبایەخەوە ئەیویست شتێك بۆ شۆفێرێك بسەلمێنێت:

– ئەتوانین لەبنكەكە لای خۆمان برێك بۆ عارەبانەكە بكەین، كارێكی ناڕەحەت نییە.. ئەرێ ئەوە ئەلیاس نییە؟. بانگی كردم

–ئەلیاس مەڕۆ.

نەوەستام. رووم كردە گەراجەكە. عەلی بەگ پێم گەیشت و لە دواوە شانی ڕاكێشام.

- ماڵیان بەقوڕ بگیرێت! گیانم دەرچوو تا قەناعەتم پێكردن، خۆت ئامادە بكە ئەلیاس.. ئەتەوێت بەیەكەوە لەسەر یەك لۆری كاربكەین، ها! لەسەفەرێكی ئەزمونیدا بەعەرەبانەوە؟.

زۆر پەست بووم.. بیری كردۆتەوە بۆئەوەی ڕزگارم بكات، وەكو هاوڕێیەكی دەستە پاچەو دەستەمۆ دوای خۆیم بخات!. دەستیم لەسەر شانم لابرد.

–خۆت و عارەبانەكانت بڕۆن بۆ....

– تۆ بۆئەوەندە ناحاڵیت ؟ هیشتا تۆ ئەبۆڵێنیت؟!.. ئەوە بەڕاست لەبیرم نەبوو (فۆلۆدیاشیریایف) هیچی پێ نەوتیت؟.

– نەء، نەمدیوە.. بۆ؟.

–چۆن بۆ؟!..دوێنێ شەو لەكوێ بویت؟! ئاسیل هاتبوە سەرجادەكەو هەواڵی لە شۆفێرەكان پرسیبویت.. زۆر بۆت ناڕەحەت بوبو، تۆش..؟

قاچەكانم هێزیان تیا نەما، لاشەمیان بۆ هەڵنەئەگیرا، ئەوپەڕی بێزم لەخۆم ئەهاتەوە، حەزم ئەكرد لە وێدا لە جێی خۆمدا بمرم.

عەلی بەگ قۆڵی گرتم و بۆی باس ئەکردم عەرەبانەکان چۆن کەرەستەی پێویستی زیادەیان لێ ئەبەسترێ. جانتای لەولاوە وەستابوو، گوێ لێ گرتبووین.. قۆڵم ڕاتەکاند و ووتم: وازم لێبێنە! تۆ شەیتان ڕای سپاردویت بۆلای من؟.. بەسە من پێویستم بەعەرەبانە نییە، لەگەڵ تۆشدا کارناکەم.. تێگەیشتی ؟!.عەلی بەگ دەمو چاوی دا بەیەکدا

—تۆ یەکەم کەس بویت ئەم کارەت دەست پێکردوو تێکەوتیت!.. ئێستاش تۆ یەکەم کەسیت لێی ڕائەکەیت.. وانی‌یە؟.

— ئارەزووی خۆتە، چۆنی لێك ئەدەیتەوە لێکی بدەرەوە. ڕومکردە لۆریەکەم و هەردوو دەستم ئەلەرزین، نەمئەتوانی بیر لە هیچ شتێك بکەمەوە، لەبەر هەرهۆیەك کە خۆشم نازانم چی بوو بازم دایە چاڵێك لەژێر ئوتومبێلەکەداو سەرم نا بە دیوارە خشتە ساردو سڕەکەوە. دەنگێك لەپەنا گوێمدا بەچپە ووتی : گوێ بگرە ئەلیاس. سەرم هەڵبڕی: ئەمەیان کێیە؟. سەیرم کرد جانتای یە، بەشەپقە سورەکەیەوە وەکو قارچك هەڵتۆقیبێت لەسەر کەناری چاڵەکە دانیشتبوو، بە دووچاوی بچکۆلەی مەکراوییەوە تێی ئەڕوانیم.

— دەستت خۆش بێ ئەلیاس چاکت پێ کرد!.

— بەکێ؟!.

- بە عەلی بەگ.. ئەو کارمەندە گورج و گۆڵە!!. ئەو داهێنەرە!.

لەپڕ وەکو دەمی چوبێتە کلیلە یەکسەر بێ دەنگ بوو.

—جاتۆ کارت بەوە چی‌یە؟!.

کارم بەوەوە ... بێ گومان تۆ ئەزانیت ئێمە عەرەبانە گرنگ نی‌یە بەلامانەوە، تۆ ئەزانیت ئەم کارانە دوایی چۆن ئەکەوێتەوە، تێکڕای کارکردن زیاد ئەکات و ماوەی گەشتەکان کورت ئەکاتەوەو دوایی ئەبێت هەموان وابکەین.. بەوجۆرەش کرێی گواستنەوە بۆهەر کیلۆمەترێك کەم ئەکەنەوە.. کەس نایەوێت زیان لە گیرفانی خۆی بدات.. شانازی و سەربەرزییە بۆ تەنیا ڕۆژێك! ئەی دوای ئەوە چیمان دەست ئەکەوێت؟!. لۆمەی تۆ ناکەین.. هەر بەردەوام بە لەسەر ئەو هەڵسوکەوتەت. چەند بۆم کرا بەهێمنی لێم پرسی

— مەبەستت چی‌یە لە ئێمە؟!.. مەبەستت خۆتە؟.

جانتای چاوەکانی پرتەپرتێکیان کرد:

—من هەر خۆم نیم.

—تۆ درۆ ئەکەیت! ئەسپێی کراسی کۆن.. من بۆسەر شۆڕی تۆ ئەو عارەبانەیە هەر ڕائەکێشم.. قوربانی ئەدەم بەخۆم، بەڵام ئاواتەکەم ئەهێنمە دی..ئێستاش لاچۆ لەبەر چاوم !دوایی بەچاوی خۆت ئەیبینی. جانتای بەرقەوە ووتی:

—زۆر مەمترسێنە، من ئەزانم تۆ چەند پاکیت.. بۆمەسەلەی دڵدارییەکەش پێت ئەڵێم، بەردەوام بە مادام......

بەهەموو هێزم نەڕاندم: ئاوەرە خوێڕی !. دەستم نایە ژێر چەنەی و تا هێزم تیابوو پاڵێکم پێوەنا. لەبەرئەوەی لەسەر کەناری چاڵەکە دانیشتبوو کەوت بە پشتاو کڵاوەکەی گلۆربوەوە. لەچاڵەکە هاتمە دەرەوەو پەلامارم دا، بەڵام توانی ڕاست بێتەوە و هەستێتە سەرپێ، خۆی هەڵدایە ئەو لاوەو بەو ناوەدا ئەیشیڕاند : داوێن پیس!.. دز! ئەوە پەلامارم ئەدەیت؟.. بەسەرتەوە ناچێت..خەریکی ئاژاوە و دووبەرەکی ئەنێیتەوە؟!.

لەهەموو لایەکەوە خەڵکەکە ڕویان تێکردین، عەلی بەگیش بەڕاکردن هات.

—مەسەلەکە چی‌یە.. ئەوە لەسەر چی لە جانتاییت داوە ؟!.

جانتای هاواری کرد: لەسەر حەقیقەت، لەسەر ئەوەی لەڕوی خۆیدا ووتومە: خۆی عەرەبانەکەی دزی و لەدەربەندەکە وەریگێڕاو بەزمەکەی دروست کرد.. کەچی کە خەڵکی تر ئەیانەوێت بەدڵسۆزیی هەڵەکانی ڕاست بکەنەوە پەلاماریان ئەدات.. بەڵام تازە ئەوە بەکاری نایەت.. سەرشۆڕی بۆماوەتەوە.

عەلی بەگ بەڕەنگی هەڵبزرکاوەوە ڕوی تێکردم، لەداخا نەیئەتوانی بەجوانی قسە بکات. پاڵێکی نابەسەر سنگمەوە.

—ناپیاو لەسنوری خۆت دەرچویت.. ئەتەوێت تۆڵەی ڕوداوەکەی دەربەند بکەیتەوە؟..چش ئەو کارە ئێمە بەبێتۆ ئەیکەین .. تێگەیشتی؟!. بێدەنگ بووم. هێزم نەبوو هیچ شتێك بڵێم.بوختانەکەی جانتای بێ ئابڕوو سڕی کردم. نەمتوانی دەم هەڵبێنمەوە. هاوڕێکانم بە مۆنی سەیریان ئەکردم .

باڵێرە دەرچم.. بڕۆم. خۆم هەڵدایە ناو ئوتومبێلەكەم و لە بنكەكە دەرم كرد. لەڕێگا لامدایە كۆگایەك و تۆزێكم خواردەوە. سوودی نەبوو. جارێكی تر وەستامەو پێكێكی تەواوم خواردەوە، ئینجا بە خێراییەكی گەنجانەی شێتانە لێم ئەخوڕی.. پرد و نیشانەكانی ڕێگاوبان و ئوتومبێلەكانی بەرامبەرم هەموویان بەرەودواوە ئەڕۆیشتن.. ئەیاندا بەلامداو بەجێ ئەمان. دیاربوو سەرم گەرم بوبو، بەخۆم ووت:

—گوێ مەدەرە هیچ.. لە چیت كەمە؟.. كەمەی لێخوڕینە بەدەستەوەیە و بایدە، كادیچاش.. لەكەسانی تر خراپتر نییە.. گەنجەو.. جوانەو، خۆشی ئەوێیت.. لە عیشقی تۆدا ئەسوتێت و ئەتوێتەوە،هەموو شتێك لە پێناوی تۆدا ئەكات.. بێ مێشك و سپڵەو پێ نەزان! !.

ئێوارە گەیشتمە ماڵەوە. لە دەرگاكەدا وەستام. لەترێكم دا. فەروەكەم شانێكی بە پشتما شۆڕ بوبوەوە.. زۆر جار بۆئەوەی ئیسراحەت تربم لە كاتی لێخوڕیندا قۆڵی ڕاستم پیا نەدەكرد. ئەم خوەم هەر لەمنداڵیەوە لەگەڵدا بوو. كاتێك كە بەردەفڕكێم ئەكرد قۆڵی راستم دەرئەهێنا. ئاسیل هات بە پیرمەوەو لێ پرسیم:

—ئەلیاس ئەوە چیتە؟! ئینجا وەكو ڕاستیی مەسەلە تێگەیشتبێت پرسی:

—ئەوە بۆ وەستاویت ؟.. لەوانەیە ماندوبیت و سەرمات بێت، جلەكانت داكەنە. ویستی یارمەتیم بدات، بێدەنگ دوورم خستەوە. ئەبوایە بەڕەقی و تورەیی، تەریقیی خۆم داپۆشم. بەژوورەكەدا رۆیشتم، پێم هەڵكەوت و شتێكم خست.. دەنگێكی ناسازی هەبوو. خۆم تەپاندە ناو كورسییەك.

— شتێك ڕویداوە ئەلیاس؟!. ئاسیل بەدڵەراوكێ وە سەیرێكی چاوە مەستەكانمی كرد.

-ئەی نازانیت ؟.

سەرم دانەواند، باشتر وایە نەڕوانم. دانیشتبووم چاوەڕوان بووم ئاسیل دەست بكات بەسەرزەنشت كردنم و گلەیی لە چارەنوسی خۆی بكات و ناشكوری بكات.. خۆم ئامادەكردبوو گوێ لە هەموو شتێ بگرم و پاساو بۆخۆم نەهێنمەوە. بەڵام ورتەی لێوەنەهات، وەكو لە ژورەكەشدا نەبێت. بەهێواشی سەرم هەڵبڕی، چاوم لەدەموچاوی نەبوو، ئەمزانی ئەگری، بەزەییەكی تیژ دڵی گوشیم بە نابەدڵییەوە ووتم :

— ئەزانی ئاسیل، ئەمەوێت پێت بڵێم.. ئەمەوێت بڵێم.. و بێدەنگ بووم، غیرەتم نەبوو ڕاست بڕۆم، پڕكێشیم نەئەكرد ئەو جۆرە مستەكۆڵەیەی تێسرەوێنم.. بەزەیم پیائەهاتەوە و ئەوەم بە پێویست نەئەزانی. بەردەوام بووم لە قسەكانم و بەرەو ئەولا ئەدوام.

—وابزانم بەم زوانە ناتوانین سەربدەینەوە لەماڵی باوكت لەئاوایی.. ئەكەوێتە ماوەیەكی تر، بەڵام ئێستا بۆمان ناكرێت. ئاسیل لەكاتێكدا فرمیسكەكانی ئەسڕی بەرەو ڕوم هات و ووتی : باماوەیەكی تر بێت.. پەلەمان چییە؟!.. تۆ ئێستا بیر لەوە مەكەرەوە ئەلیاس، ئەوە خۆی چاك ئەبێت.. باشتر وایە تۆ بیر لەخۆت بكەیتەوە، هەڵس و كەوتت ئەوەندە گۆڕاوە ئەڵێی ناتناسم ئەلیاس ! !. بە بیانوی ماندوییەتی‌یەوە پێم بڕی:

—باشە من ماندوم، ئەمەوێت بنوم.

ڕۆژی دوایی لەدەربەندەكە بەودیودا عەلی بەگم بینی ئەگەڕایەوە، عەرەبانەیەكی بەدوای خۆیەوە ڕائەكێشا، دۆڵۆنی بەزاندبوو. كە بینیمی لە پێشی لۆریەكەی دەرپەڕیە دەرەوەو بەدەست ئاماژەی بۆكردم بوەستم. عەلی بەگ بەسەركەوتویی و دڵخۆشی لەگوێ ڕێگەكە وەستابوو، هاواری كرد:

—سڵاو.. ئەلیاس دابەزە با جگەرەیەك بكێشین.

چاوم كردەوە گەنجێك لە لۆریەكەی عەلی بەگدا لە پشت كەمەی لێخوڕینەكەوە دانیشتبوو كە شۆفێری دووەم بوو، زنجیریان لەپێچكەكانی لۆریەكە بەستبوو، عەرەبانەكەش برێكی بۆ دروستكرابوو كە بە پاڵە پەستۆی هەوا كاری ئەكرد.. دەستبەجێ تێبینی ئەوەم كرد، بەڵام نەوەستام. نەخێر، كارێكی باشە سەركەوتنی بەدەست هێناوە بەڵام باواز لەمن بێنێت. عەلی بەگ تۆزێك بەدوامدا ڕایكرد، ووتی:

—ڕاوەستە !.. ڕاوەستە مەسەلەیەك هەیە لەگەڵتا باسی بكەم.. مەڕۆ ئەلیاس.. هێی شەیتان!.. ئەوە چیتە؟.

باشە... خێرایی ئوتومبێلەكەم زیاد كرد، چەند هاوار ئەكات با بیكات، من مەسەلەیەكم نییە لەگەڵیدا باسی بكەم، مەسەلەكەی من دەمێكە تیاچووە، كارێكی باشم نەكرد دۆستێكی دڵسۆزی وەكو عەلی بەگم لەكیسی خۆمدا. ئەو ڕاستی كرد لەهەموو مەسەلەیەكدا لەسەر حەق بوە، ئێستا دەرك بەوە ئەكەم، بەڵام ئەوكاتە نەمئەتوانی لێی بگەڕێم بەخێرایی و بەسانایی دەست بگرێ بەسەر ئەوەی زۆر ڕەنجم لەگەڵیدا كێشاو پێوەی ماندوبوم و خولیام بوو.

عەلی بەگ هەمیشە كابرایەكی كار پەروەر بوو، زۆر بەوردی بیری لەشت ئەكردەوە، بەڵام هەرگیز ئەوە نەبوە یەكەم كەس بێت دەربەندەكە ببڕێت، چونكە وەك من خۆی ئامادەنەبوە. كارێكی باشی كردووە لەگەڵ شۆفێرێكی تردا بە ئوتومبێلەكەی دەرچوە، ئەتوانن لەڕێگا بەنۆرە لێیبخوڕن و بەهێزێكی پتەوەوە بچن بەگژ دەربەندەكەدا، چونكە ماشێن و ویستی مرۆڤ و بازوەكانی هۆكاری كاریگەری یەكلایی كەرەوەی بڕینی دەربەندەكەن. جگە لەوەش عەلی بەگ و هاوڕێكەی ماوەی لێخوڕینی گەشتەكە ئەكەن بەنیوە. عەلی بەگ هەموو ئەمانەی رەچاوكردبوو، لەبرێكی لۆریەكەوە هێڵی راكێشابوو بۆ تەگەرەكانی عەرەبانەكە، هەتا ئەوەشی لەیاد نەچووبوو زنجیر لە پێچكەكانی لۆریەكەش ببەستێ. بەگشتی هەموو چەكێكی ئامادەكردبوو ئەوجا چووبوو بەگژ دەربەندەكەدا. نەهاتبو خۆی بداتە دەست قەزاو قەدەر. شۆفێرەكانی تریش چاویان لەعەلی بەگ كردو دەستیان كرد بە راكێشانی عەرەبانە بەدەربەندەكەدا، بەڵام( سەرەتا) هەمیشە چاوگی هەموو سەركەوتنێكە.

لەوماوەیەدا ژمارەی لۆریەكان زیاد كران و هاوكاریی لە بنكەكانی نزیكمانەوە رەوانە كران. لەماوەی دە رۆژ زیاتردا شەو و رۆژ ئەو جادەیە بوبوبە شارە مێروڵە. بەكورتی داواكاریی بازرگانە چینیەكان لەپاڵ هەموو گرفتەكاندا لەكاتی دیاری كراوی خۆیدا جێبەجێكراو بەڵێنی خۆمان بردە سەر.

منیش لەوكارەدا بەشدار بووم، ئێستاكە بەهێمنی ئەمەت بۆ ئەگێڕمەوە: چەند ساڵێك بەسەر چوەو هەموو شتێك جێگیر بوە، بەڵام لە رۆژگارە گرگرتوەكاندا من خۆم بەسەر زینەوە نەگرت و لغاوی ئەسپی ژیانم بەلاكەی تردا راكێشا. با لەسەر چیرۆكەكە بەردەوام بم، وەك خۆی چۆن ڕوویداوە.دوای ئەوەی بە عەلی بەگ گەیشتم، نزیكی شێوان گەیشتمە بنكەی لۆرییەكان و رووم كردە خانەی شۆفێران، بەڵام لە رێگا لام دایە بارەكە.. ئەو رۆژانە ئارەزوویەكی زۆر شێتانەم هەبوو بۆ خواردنەوە، تا ئەو رادەیەی لێی ئەدام و ئەكەوتم و خەوێكی قوڵ ئەیبردمەوە، بۆ ئەوەی هیچم لە بیر نەمێنێت. زۆرم خواردەوە بەڵام ڤۆدگاكە كاری تێنەكردم، لە بارەكە دەرچووم و زیاتر شڵەژابوم و هەڵ چوبوم.. بەو تاریكە شەوە هەموو ناوشارم دا لە پێوە.. زۆرگەرام، بێ ئەوەی ئاگام لەخۆم بێت رووم كردە شەقامی (بیریگۆڤایا) كە ماڵی كادیچای لێیە. مەسەلەكان وا پێش هات كەوتمە نێوان دوو ئاگرەوە.بەرۆژ لە پشت كەمەی لێخوڕینەوەو ئێوارانیش رووم ئەكردەوە لای كادیچا. لە تەكیا هەستم بە ئارامی و حەوانەوە دەكرد.وەك ئەوەی لە خۆم، لەخەڵك، لە ڕاستی ون ببم.واتێ ئەگەیشتم كەتەنها كادیچا خۆشی ئەوێم و لێم تێ ئەگات. هەوڵم ئەدا خێرا لەماڵەوە دەرباز بم.ئەی ئاسیل؟!. ئاخ دەستی شكاوم، نەم ئەزانی بەو رۆح سوكی و دەرون پاكی یە لەماڵەكە دەرم ئەكات.نەم ئەتوانی خۆم بخەڵەتێنم، ئەمزانی من شایانی ئەو نیم.هەرچی لەگەڵدا ئەكردم بە زایە ئەچوو، ئەو هەموو جارە بە سەر خۆشی ئەگەڕامەوە ماڵەوە، جارێك سەر زەنشتی نەئەكردم. تا ئێستاش نازانم بەچ نیازێك وای ئەكرد : ئایا لاواز بوو،بەزەیی پیاما ئەهاتەوە، یان بە پێچەوانەوە، بەمەبەستی دەست لێ بەرنەدان و بڕوای بە مرۆڤ بو؟بەڵام بێگومانم چاوەڕوانی ئەوە بوو، بەخۆمدا بچمەوە و بێمەوە سەر رێی راست، وەك جاران چۆن بووم. بەڵام باشتر وابو لێم بێزار بوایە و سەر زەنشتی بكردمایە بۆ ئەوەی ناچارم بكات و راست و دروست نهێنییەكەی لا ئاشكرا بكەم.

ئەگەر بیزانیایە ئەوەی كوتە كوتەی كردوم تەنیا ئەوە نیە كە لە كارەكەمدا بەسەرم هات، لەوانەیە داوای وەڵامی لێ بكردمایە. بەڵام هەرگیز ئەوە بە خەیاڵیدا نەهاتووە كە لەو رۆژانەدا توشم بوبو. منیش لەبەر ئەوەی بە زەییم پیا ئەهاتەوە، پركێشیم نەئەكرد، هەموو رۆژێك ئەم خستە سبەینێ و هەموو سبەینێیەك دوام ئەخست بۆ جاری داهاتوو. بەو جۆرە ئەوەی كە ئەبو لە پێناوی ئەودا، لە پێناوی خۆشەویستیماندا، لە پێناوی خێزانەكەماندا، بیدركێنم بۆم نەكرا. دواین جار كە ئاسیلم بینی دڵخۆش و روخۆش و درەوشاوە بوو..

كوڵمەكانی سوور هەڵگەڕابوون، چاوەكانی ئەبریسكانەوە، هێشتا پاڵتۆ فەروەكەو چەكمەكانمی فرێ نەدابوو، پاڵێكی پێوەنام بۆ ژوورەوە

ـئەها ئەلیاس! سامات هەڵئەستێتە سەرپێ.

ـ ها !.. كوا؟

ـ ئەوەتا... ئەها لەژێر مێزەكەدا.

ـ كوا، ئەوە گاگۆڵكێ ئەكات، چەتیو !

ـ تۆ راوەستە..ئێستا.. ئەها !.. ئادەی كوڕم هەستە سەرپێ.. وەرە بۆ لای بابە !سامات.. دارە دارە... سامات دار داردار...!سامات بەشێوەیەك تێگەیشت داوای چی لێ ئەكەین، تریقایەوەو تۆزێك بە هەردوو دەستی و هەردوو قاچی خلەخلەی كرد و دەستی گرت بەقاچی

قەرەوێڵەكەوە، بە نارەحەت بەرز بۆوەو هەستایە سەرپێ، بە ئـازایی و بەزەردەخەنـەوە بـە لەقەلـەق لەسـەر هـەردوو پێـی وەسـتاو دەسـتی بەردا، كە قاچی هەڵهێنایەوە، بەهەمان ئازایی و زەردەخەنەوە كەوت بەدەما.. پرم پیاكرد و كردمە باوەشم، گوشـیم بەسـنگمەوە، تێـر بـۆنی سازگاری شیری خاوو بەرامەی منالآنەم لێ هەڵمژی، لەبۆن و بەرامەی ئارەقەو ژنانەی ئاسیل بەلامەوە خۆشتربوو.ئاسیل كورەكـەی لێـوەرگرتم :

-پەراسوی نەشكێنی ئەلیاس !.. لەسەر خۆ هەتیو!.. هەستە جلەكانت داكەنە، ماوەیەكی تر تەواو گـەورە ئـەبێت و لەخـەم ئەرەخسـێت. ئەو كاتە دایكیشی ئیش ئەكات و هەموو شتێك بەدڵی ئێمە ئەبێت. دەرووومان لێئەكرێتەوە. وانیە كورم؟!..ها؟..ئەی تۆ ئەڵێی چـی؟. ئاسـیل چاوێكی ئومێدەوارانەی دڵتەنگی تێبریم. لەسەر كورسیەك دانیشتم، تێگەیشتم بەم رستە كورتە ئەوەی ئەیویست وتی

هەرچی ئەم ڕۆژانە لە دڵیا پەنگی خواردبۆوە دەری بری. وشە گەلێك بون پڕبون لە تكاو گلەییو ئومێد. ئـەو چركەیە ئەبوایـە یـان هـەموو شتێكی تێبگەیەنم یان ئەبوایە خۆمی لێ ڕزگار بكەم. پێم باشتر بوو برۆم. دڵی زۆر خۆش بوو. گومانی لە هیچ شتێك نەبوو. لەسەر كورسیەكە هەستام.

ــ من ئەڕۆم

ڕاچەنی و وتی:

ـ بۆ كوێ ئەڕۆیت ؟ هەتا ئەمرۆش هەر نامێنیتەوە ؟ هەر هیچ نەبێت چایەك بخۆ.

بۆڵەیەكم لێوە هات.

ـ ناتوانم، نام پەرژێت. تۆ خۆت ئێستا بارودۆخی ئیش ئەزانیت.نـەخێر.. بـۆ كـاركردن لـە مـاڵ نەهاتمـە دەرەوە. چـونكە ئەبوایـە سـبەینێ بەیانی بچمە سەر ئیش.

لە پێشی لۆریەكەمدا خۆم كوتایە سەر كورسیەكە، لە خەفەتا هەموو گیـانم ئەیەشـا.ماوەیـەكی پێچـوو تـا دەسـتم سویچـی ئۆتۆمبێلەكـەی دۆزییەوە. چوومەوە سەرجادەكە. تەنها ئەوەندە رۆیشتم تا ڕوناكی پەنجـەرەكان لـە دوامـەوە ون بـون. لەدەربەندەكـە هـەر ڕاسـت لـەو بـەر جۆگەكەكەوە پێچم كردەوەو خۆم كرد بەناو بەیارەكـەدا، گڵۆپـەكانم كوژانـدەوە، بـەنیاز بـووم شـەو لەوێـدا بمێنمـەوە. پاكەتەكـەم دەرهێنـا، شخاتەكەم یەك دەنكی تیابوو، دوكەڵێكی كردو نەیگرت. لەگەڵ پاكەتەكەدا لە پەنجەرەكەوە فرێم دانە دەرەوە.

پاڵتۆ فەروەكەم دا بەسەرماو ئەژنۆكانم هەڵناو لەسەر كوشنەكە كشـكەڵەم كـرد، مـانگ وەكـو كـڵاو بەسـەر كەچـەی سـەری لوتكـە تاریكـە تەزیوەكەوەبوو. ڕەشەبا لە دەربەندەكەوە ئەیلوراند، دەرگاكەم دانەخستبوو، باكە بەئەستەم ئەیهێناو ئەیبرد، جیرەیەكی بێنازی لـێ ئـەهات. بەدرێژی ژیانم هەرگیز ئاوا هەستم بە تەنیایی كوشندە نەكردووە، نەكەسم هەیە، نە خێزانم هەیە، نەكەس ئەناسم لە مۆلگای لۆریـەكان. ژیـان بەم جۆرە ناچێتەسەر، لە دڵی خۆمدا بەڵێنم بـەخۆم دا، هـەر ئەوەنـدە گەیشـتمە بنكەكـە، قسـە لەگـەڵ كادیچـا ئەكـەم و داوای لێئەكـەم لـێم ببورێت و هەرچیمان لە نێواندا بوو لە مێشكی خۆی دەركات. ئەوە ڕاسترین و بەئەمەكترین و سەر بەرزترین هەنگاوە.بـەڵام ژیـان پێچـەوانەی ئەوەی ویست. هەرگیز ئەوەم بەخەیاڵدا نەهاتووەو پێشبینی ئەوەم نەكردووە كەڕوویدا.

بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی گەڕامەوە بۆ وێستگەی دەربەندەكە.كەس لەماڵ نەبوو. دەرگا لەسەر پشت بوو. سـەرەتا وام لێكدایـەوە ئاسـیل یـان چووە بۆ ئاو یان چیلكە.چاوێكم بە چواردەوەری خۆمدا گێرا، ماڵەكە هەڵڕژاو و هەڵپژاوە.ئاگردانـە ڕەشـە خامۆشـەكە، كزەیـەكی سـاردی بـێ گیانی لێ هەڵئەستا. ڕام كرد بۆ لای جێگەكەی سامات، كەسی تیا نەبوو، بە دڵە تەپێ وە بانگم كرد:

—ئاسیل!!.

هەموو دیوارەكان وەڵامیان دایەوە، ئاسیل!. هیچ وەڵامێـك نـەبوو. ڕامكـرد بـۆ ماڵـە دراوسـێكان.بـۆ بەنزینخانەكـە.كـەس هیچـی نەئـەزانی دەربارەی، ئەوەندە نەبێت وتیان:

—دوێنێ بەیانی كورەكەی لای دراوسێكان داناوەو نازانین بۆ كوێ چووە. تائێوارە درەنگ هاتۆتەوە. ( ئەم ماستە بێ موو نیە ) هەزارو یەك دالغەی خراپ هات بە مێشكمدا.

ئاگام لەخۆم نەبووە ئەو ڕۆژە ڕەشەلۆریم بە ڕێگای تیان شانی شاخاویدا لێخوڕیوەو، بڕواناكـەم ئـەو ڕێگایـە لێخـوڕینی وای بـەخۆوە دیـبێ !.بەدرێژی ئەو ڕێگایە وام هەست كردووە ئەم پێچەم بڕی پێی ئەگەم.لـەم هـەورازەی چـوومە بـان ئـەیگرم، لـەم دەربەنـدە چـوومە ئـەو دیـو

ئەیدۆزمەوە، وەكو هەڵۆ ئەنیشتمە سەر ئەو ئۆ تۆمبیلانەی لە پێشمەوە بوون، تا ئەم گرتنـەوە، هێواشـم ئـەكردەوەو ئەكەوتمـە لای شـانیان، وەكو هار چاوێكم بەناو قەمەرەكەیاندا ئەگێراو بەدەم ڕێژنەی جنێوی شۆفێرەكانەوە پێشیان ئەكەوتم و دەرئەچووم. بەم جۆرە سـێ سـەعاتی تەواو قاچم هەڵ نەگرت. ڕادێتەرەكەم كولاندی.. بازم دایە خوارەوەو بەبەفر ساردم كردەوە.. وەكو ئەسـپێكی ڕەسـەن ئەپیرمانـد و هـالأو لـە كونە لوتیەوە بەرز ئەبۆوە.. كاتێك ویستم سەربكەومەوە، بینیم لۆریەكەی عەلی بـەگ بەعەرەبانەكەیـەوە بـەرەو ڕووم دێـت. دلّـم خـۆش بـوو، ئەگەر ئاسیل لە ماڵی ئەوان بێت، ئێستا پێم ئەڵێت. لەگەڵ ئەوەشدا كە قسەمان بەیەكەوەنیە و مەرحـەبای یـەك ناكـەین. بـە ڕاكـردن چـوومە سەر ڕێگەكەو دەستم هەڵبری.

-ڕاوەستە !.. ڕاوەستەعەلی بەگ،مەڕۆ!.

شۆفێرە یاریدەدەرەكەی كەلەسەر كەمەكە دانیشتبوو سەیرێكی پرسـیاراوی عـەلی بـەگی كـردو، ئـەویش ڕوویـەكی گـرژ كـردو لۆریەكـەی دا بەلامدا و نەوەستا. منیش لە شوێنی خۆمدا وەستا بووم و شەماڵەی وورده بەفری دوای پێچكەكان دایپۆشیم. دەم و چاوم سڕی:

- ئەمە سزای ڕەفتارەكانی خۆمە.

عەلی بەگ خۆی بەلامەوە مەسەلەیەك نەبوو، بەلأم ئەمە مانای ئەوەیـە ئاسـیل لـەوێ نیـە.. كۆسـتەكە لەوەدایـە!. وا دیـارە ڕۆیشـتۆتەوە بـۆ ئاواییەكەی ماڵی باوكی، چونكە هیچ شوێنێكی تری نیە بۆی بچێت.چۆن پێی نابێتە ئەودیو دەرگاكەی ماڵی باوكی ؟!.ئەبێت چی وتبێـت؟!. ئافرەتێكی تاوانباری، شەرمەزار، بەتەنیاو منالێك بە باوشـەوە!!. ئـەبێ دەنـك نەوەسـتم و بگەمـە ئـەوێ. بارەكـەم داگـرت و ئۆتۆمبێلەكـەم لەسەر جادەكە ڕاگرت و بەڕاكردن چوم بۆ بەشی باركردن و داگرتن، پسـولّەكەم وەربگـرم. لـەڕێگا خۆمـدا بـە جانتـای دا، داخـی زەردەخەنـە گالّتەجاڕییە بێ ئابڕووە پڕكینەكەی!!.

سەرم كوتایە نـاو پەنجـەرەی نوسـینگەی بـاركردن و داگرتنـەوە. كادیچـا بـە حەپەسـاویەوە تێـی ڕوانـیم. پسـولّەی بارەكـەم فڕێدایـە سـەر مێزەكەی.. بروسكەیەكی شەرم و تاوان لە چاوەكانیەوە چەخماخەی دا.وتم:

—خێراكە بۆم ئیمزاكە !

-هیچ ڕوویداوە ؟!.

-ئاسیل لە دوێنێ وە ماڵەكەی بەجێهێشتووە. نازانم بۆ كوێ چووە. ڕەنگی زەرد بوو، تۆزێك لە كورسیەكەی بەرزبۆوە

-چۆن ؟!. ئینجا لێوی خۆی گەست و ووتی —:ئەلیاس چیم لێدەكەی ؟! من بلّێم چی! من خۆم، من...

-چی..(من )ی چی ؟!. ڕاستم پێ بلّێ..مەترسە..دلّم تەقی!.

ناو دەرگاكەم گرت.

-من خۆیشم نازانم ئەوە چۆن ڕوویدا!.. ڕاستت پێ ئەڵێم ئەلیاس. دوێنی ٚ كارگوزارەكە لـە پەنجەرەكەیـداو ووتـی : ئـەوە كچـێكە ئەیـەوێ قسەت لەگەڵ بكات.. دلّم خەبەریدا ئاسیلە! بێ دەنگ سەیرێكی كردم و دواتر وتی:

—ڕاستە شتی واهەیە ؟!.

منیش یەكسەر بێ ئەوەی هۆشم لای خۆم بێت وتم:

—بەلّێ وایە.. هەموو ئەو شتانە ڕاستن.. ئەلیاس لای من ئەخەوێت. لەپەنجەرەكە دوور كەوتـەوەو منـیش خـۆم دا بەسـەر مێزەكـەداو دامـە پڕمەی گریان و ئەموت:

—ئەلیاس هی منە. ئیتردوای ئەوە نازانم چی لێهات!... ئەلیاس لێم ببورە.

-بەلأم ڕاوەستە، ئەمەی چۆن زانیوە؟ تۆی چۆن دۆزییەوە؟

-جانتای!.. هەڕەشەی لە منیش كردبوو ئەو خوێڕییە، تۆ نایناسیت ؟!

-ئەلیاس بڕۆ بەدوای ژنەكەتدا و بیدۆزەرەوە. من ئیتر تۆبە، ژیانتان لێ تێك نادەم. من خۆم نەقلّ ئەكەم بۆ شوێنێكی زۆر دوور.

لۆری فراندمی بۆ دەشتی زوقم و بەستەڵەك. دەشتێك كە ڕەنگێكی شوشەیی شینی بەستووی هەبوو، زریان ڕووەكەی گۆل گـۆل كردبـوو و لاسك و سروتی وەرزی ڕابردووی هێنـابوو بـە سـەریەوە تـۆوی كردبـوو. لـە دووریشـەوە لـە هێڵـی ئاسـۆ، دیـوارە قـوڕە خوسـاوەكان و باخـە ڕووتەڵەكان دیاربوون، هەڵ ئەلەرزین. دەمەو ئێوارە گەیشـتمە ئاواییەكـە، ڕووم كـردە ئـەو ماڵـەی خـۆم ئـەمزانی. بـۆ دامركانـەوەی مێشـكم

لەپەستا جگەرەم ئەكێشا ...... دوا جگەرەم كوژاندەوە و هۆرپینێكم لێدا، بەلاَم لەجیاتی ئەوەی ئاسیل بێتە دەرەوە دایكی هاتـە دەرەوە، فەرووپەكی دابوو بەشانیا.جامەكەم دادایەوە و بەدەنگێكی نزم وتم:

—ئامۆژن چۆنی ؟.بەگرژییەوە وەلاَمی دایەوە

-ئەوە تۆی ؟!..داناوەشێیت بەمن ئەلێی ئامۆژن ؟!.. لاچۆ لەبەر چاوم خوێڕی هیچ و پوچ.. كچە ئازیزەكەت فڕاندم، كەچـی هێشـتا بـەر دەرگاشت پیێ گرتووم!.. چاوە شۆڕەكانت هەموو ژیانی پیێ كردین بە دۆزەخ.

پیرێژن نەیهێشت دەم بكەمەوە. ئەوەی نەشیێ پێی كردم. هەزارو یەك جنێوی ساردو سـوكی پێـدام. كـردی بـە شـاتە شـاتێك منـاڵ و ژن و پیاوی دراوسێكانی لیێ كۆكردمەوە.

-ملت بشكێنە، ئەم ناوە چۆڵكە تا گاڵی خەڵكم لێنەداویت. جارێكی تر نەیەیتەوە بەرچاوم.. سەگ ببینم تۆ نەبینم.

ئینجا پاڵتۆكەی فرێداو پەلاماری دام. ئەوەم بۆ مایەوە لۆریەكەم بخەمە ئـیش، پێویسـتە بـڕۆم مـادام ئاسـیل نەیویسـت بمبینـێ. لـەدواوە منالاَن بەرد بارانیان كردم. بەو شێوەیە بەپەندكرام و لە ئاواییەكە دەركرام. ئەو شـەوە بەكـەناری گـۆلی ئیسـیك —كـۆل دا گـلاراوم بـوو، جـێم بەخۆم نەئەگرت، دەریاچەكە لە ژێر تریفەی مانگدا شەپۆلی ئەدا.

—ئەی ئیسیك —كولێ ی هەمیشە گەرم وگوڕ! بۆچی ئەمشەو ئەوەندە سـاردو تـەزیوو مـڕو مۆچـی؟!. لـەناو سـكی بەلـەمێكی شـكاودا كـە كەوتبووەسەرشان دانیشتم.

شەپۆلەكان كەفاوێكی پەركەمیان گێژئەداو كە ئەگەیشتە لوتی چەكمە درێژەكانم ئەخلیسكانەوە ناو ئاوەكە. تارماییـەك لـێم نزیـك كەوتـەوە. بەنازەوە دەستی خستە سەرشانم، كادیچا بوو.

*          *          *

دوای چەند رۆژێك رووعان كردە (فرۆنزە )،لە تیمێكدا بۆ بوژاندنەوەی دەشتی بەرینی ( ئەنارخای )دەسـتمان كـرد بـەكاركردن.مـن بـوم بـە شۆفێرو كادیچا بەكرێكار. بەم جـۆرە ژیـانی نـوێ دەسـتی پێكـرد. لەگـەڵ تیمەكـەدا ئەچـوینەقولاَیی( ئـەنارخای) تـا ئەگەیشـتینە ناوچـەی( بالخـاش). مـادام پەیوەنـدیت بـە رابـردووەوە نـەماوە هەتاهەتایـە گرێـی مـەدەرەوە. لـە سـەرەتادا كـاركردن زاڵ بـوو بەسـەر سـۆز و بیركردنەوەمدا،چونكە كارەكان زۆر و گران بوون. لەماوەی زیاتر لە سیێ ساڵدا بست بە بستی ئەنارخای مان لە باری درێژی و لە باری پـانی دا لە پێوە. بیرمان هەڵكەند. جادەمان لێدا. ئاوبارەو پردمان بەست. بە كورتی ئەنارخای لە دەشتێكی چۆڵ دەرچوو كە بە رۆژی نیوەڕۆ مرۆڤی تیا ون ئەبوو

بە مانگێك سەری لە توونكە و تەپۆڵكەو زەبەندی دەرنەئەكرد.

ئێستا بووەبە ناوچەیەكی ئاوەدان بۆ ئاژەڵداری. بنكەی رۆشنبیری و چەندان و ئاڵفێكی زۆری تیا بەرهەم دێت. ئـیش لـە ئـەنارخای دا زۆر بـو بەتایبەتی بۆ كۆمەڵگاو مەڵبەندی تری تیایە..لایەكی ئەكرێت بەگەنم و، كا شۆفێران. بەلاَم مـن دڵـم پێـی نەئەكرایـەوەو بـەجێم هێشـت.. نـەك لەبەر ئەوەی ژیان لەو شوێنە چۆڵ و دورەدەستانە ناڕەحەت و گرانـە. چـونكە ئـەوە بەسـتراوە بەزەمەنـەوە. مـن و كادیچـاش لـە نارەحـەتی نەئەترساین، پێویستە ئەوە بڵێم ژیانێكی دڵنیا ئەژیاین، هەریەكەمان رێزی ئەوی ترمان دەگرت.بەلاَم رێز شـتێكەو خۆشەویسـتی شـتێكی تـر. هەتا ئەگەر خۆشەویستیش هەبێت و دوو سەرە نەبێت ژیان لاسەنگە. نازانم مرۆڤ هەر وا دروست بووە یان من سروشتم وایە. هەمیشە هەسـتم ئەكرد شتێك ناتەواوە. ئەم ناتەواوییە، نەكاركردن و نەدۆستایەتی و نەچـاكی و نەسەرپەرشـتی ژنێكـی عاشـق و دڵسـۆز پـڕی نـەكردەوە. لـە قولاَیی ناخی خۆمدا زۆر پەشیمان بووم لەوەی بەو خێراییەو سەرشێتیە سەری خۆم هەڵگرت و هـەولَم نـەدا جـارێكی تـر ئاسـیل بێنمـەوە. لـە دوایین شەش مانگدا ئەوەندە بیری كورەكەمم ئەكرد ئاگرم تێبـەربوبو. شـەو خـەوم لـیێ نەئەكـەوت. سـامات ئەهاتـە بەرچـاوم پـیێ ئەكـەنی.. بەقاچە باریكە لاوازە لەرزۆكەكانی راو راوێنی ئەكرد. وەكو بۆ ئەوە بۆنی شیرە خاو و منالاَنەكەم كردبێت تا ئەمرم لەخەیالَم دەرنەچێت.

بیری چیا سەختە ئازیزەكەی تیان شانم ئەكرد. تاسەی دەریاچە شینەكەی ئیسیك—كۆلم ئەكرد. خەیاڵ ئەیبردمـەوە بـۆ ئـەو تەختاییـەی بـەر ئاوایی كە بەیەكەمین و دوایین خۆشەویستم گەیشتم. كادیچا بەهـەموو ئەوانـەی ئـەزانی بـەلاَم نەیئـەدا لـە رووم. لـە كۆتاییـدا تێگەیشـتین كـە ناتوانین بەیەكەوە بژین. ئەو ساڵە بەهار پێش وەخت دای بەسەر ئـەنارخای دا، بـەفر بـەخێرایی توایـەوە.گردەكـان دەركـەوتن و سـەوزپۆش بوون.لەوەڕی دەشتەكان كەوتنە كەروێشكە و شیێ و گەرمی هەموو لایەكی گرتەوە.شەوانیش شـنەی شـەماڵێكی شوشـەیی ئـەهات و ئاسمـان وەكو ساجە پشكۆ پڕ ئەبوو لە ئەستێرە. لە خێوەتێكدا ئـەژیاین لای پەیـژەی بـیر هەڵكەندنەكـە. خـەو لـە چـاوم تۆرابـوو. لـەپڕ لـەو كپـی و

بێدەنگیە پێ دەشتیەدا، لوورەی شەمەندەفەرێك ئەهاتە گوێ، بە ئاستەم ئەبیسترا. ئەوەندە دوور بوو نەتئەزانی لە كوێوە دێت. شەمەندەفەر چۆن گەیشتۆتە ئەم ناوە !تاقێك بەو دەشتەدا برۆیشتیتایە ئەوجا ئەگەیشتیتە وێستگەی شەمەندەفەر. نازانم ئەوە ڕاست بوو یان لەخەوما بوو، بەلاّم دلّم پەلەی لێ ئەكردم برۆم. وتم :

—كادیچا من ئەڕۆم

—بەلّێ ئەلیاس!.. پێویستە لەیەك جیا بینەوە.

جیابوینەوە. كادیچا ڕۆیشت بۆ كازاخستانی باكور، بۆ زەویە ئاوەدان نەكراوەكان،لە قولاّیی دلّمەوە هیوای كامەرانیم بۆ خواست، ئومێدەوار بووم بەهەر ڕێگایەك بێت بگات بەو پیاوەی بەدوایدا دەگەڕێت، بەلّكو، بێ ئەوەی بزانێ لە كوێ یە، بەیەك بگەن. لە مێردی یەكەمی نەحەسایەوە، لەگەلّ منیشدا سەركەوتوونەبو. لەوانەیە هەتا سەر لەگەلّ مندا بوایە، ئەگەر مانای ڕاستەقینەی خۆشەویستیم نەزانیایە.

كادیچام گەیاندە وێستگە بچوكەكەی شەمەندەفەرەكەو سوارم كرد. هەتا دوور كەوتەوە لەتەنیشت پەنجەرەی فارگۆنەكەیەوە ڕام ئەكرد. دوایین جار بە هەناسەبەكی ساردو دەنگێكی نزمەوە پێم ووت:

—بەسەلامەتی بڕۆی كادیچا. ڕقت لێم نەبێت.

قازو قولنگ بەسەر ئەنارخایدا ڕووەو باشوور كۆچیان ئەكرد لە كاتێكدا من بەرەو باكوور ڕووم كردبووە تیان شان.

* * * * *

-گەیشتم. ڕاستەخۆ ڕووم كردە ناودێ بێ‌ئەوەی لەهیچ شوێنێ بوەستم. لە ئوتومبێلێكدا لەدواوە دانیشتم، هەولّم دا بیر لەهیچ نەكەمەوە، هەستم بەخۆشی و مەزنی خۆم ئەكرد.. بەپێدەشتێكی بناری شاخدا ئەڕۆیشتین، لەسەر هەمان ڕێگای كە بەئاسیل گەیشتم. ئێستا وەكو جاران تەنیا جادەیەكی خۆلّ نی‌یە. جۆگاكان ئاوپەڕیان بە بەردو چیمەنتۆ بۆكراوەوجادەكە چەوریژ كراوە، هەناسەیەكم بۆ ئەو ڕۆژگارو ڕێگا كۆنە هەلّكێشاو ئەوجۆگەلەیم نەدۆزییەوە كە لۆریەكەم لە نزیكیەوە چەقی، ئەو تاوێرەشم نەدۆزیەوە كە ئاسیل لەسەری دانیشتبوو. هێشتا ئوتومبێلەكە نەگیشتبوە ناودێ دام بەسەری قەمەرەكەدا، شۆفێرەكە سەری دەرهێنا

—فەرموو ؟!.

—زەحمەت نەبێ دائەبەزم !.

—لەم چۆلّەوانیە !.. وائەگەینە ناودێ.

— زۆر سوپاس، حەزئەكەم ئەم ماوەیە بەپێ بڕۆم.. تەزوی قاچم دەربچێ. بازم دایە خوارەوە و پارەم بۆدەرهێنا. ووتی:

—عەیب ناكەیت؟!.. چۆن پارە لە شۆفێر وەرئەگرین؟!.

—بگرە، زۆر سوپاس خۆ لەناوچاوانم نەنوسراوە شۆفێرم.

—تۆ بەمن ئەلّێیت ؟ هەرسەیرم كردیت زانیم شۆفێریت.

- باشە برا، مالّت ئاوابێت..خوات لەگەلّ .

ئوتومبێلەكە ڕۆیشت منیش لەسەر ڕێگاكە وەستابووم. واپەرش و بلاّوبوبومەوە خۆم بۆ كۆنەئەكرایەوە. پشتم كردە باكەو جگەرەیەكم داگیرساند. كەبردم بۆلێوم پەنجەكانم ئەلەرزین. چەند نەفەسێكم لێداو ئەوی ترم لەژێر پێمدا پلیشانەوە.. لەدلّی خۆمدا ووتم (ئەوا گەیشتم)، دلّم ئەوەندە خێرا لێی ئەدا والەگوێمدا ئەزرنگایەوە ئەتوت بەچەكوش ئەدەن بەسەرما. ئاواییەكە بەشێوەیەكی بەرچاو گۆڕابوو.. فراوانتر بوبو.. خانوی تازەتر دروستكرابون، كە سەربانەكانیان خشت بوون..كارەبا بۆ كوّلانەكان ڕاكێشرابوو.. بلّند گۆ بەدارتەلەكانەوە لەنزیك كۆمەلّەی هەرەوەزیەوە هەلّواسرابوو، بەرنامەكانی ڕادیۆی پەخش ئەكرد.. منالاّن بەرەو قوتابخانە ئەچوون.. كۆمەلّێك لەوان گەورەتر لەگەلّ مامۆستایەكی گەنجدا ئەڕۆیشتن و باسی شتێكی بۆئەكردن، لەوانەیە ئێستا ئەومنالاّنەیان تیابێت كەئەوسا بەردیان تێئەگرتم.

ڕۆژگار ئەڕواو ناوەستێت پێم هەلّگرت. ئا! ئەوە خانوە حەوشە قورەكەیە كە چنارەكەی تیایە. وەستام.. هەناسەیەكی قولّم هەلّمژی، بەدلّەڕاوكێیەكەوە كەلەترس و دوودلّیدا هەموو گیانمی تەزاندبوو ڕوم كردە دوودەریەكە. لێمدا، منالّێك هاتە دەرەوە جانتایەكی قوتابخانەی بەدەستەوە بوو، هەمان ئەو كچە بوو كە ئەوسا زمانی لێ دەرئەهێنام، ئێستا خوێندكارەو پەلەی قوتابخانەی بوو. بەگومانەوە سەیرێكی كردم ووتی:

– كەسمان لەماڵەوە نی‌یە !.

– هیچ كەس؟.

–نەخێر، دایە چوە بۆ ناو ڕەز و بابەش بە تراكتۆر ئاو ئەكێشێ.

–ئەی ئاسیل لەكوێیە؟. بەترسەوە لێم پرسی و هەستم ئەكرد شتێك گیراوەتە بینم. كچەكە بەسەرسوڕمانەوە ووتی

– ئاسیل؟! ئەوەندە دەمێكە لێرە نەماوە .....

–ئەی نەهاتۆتەوە؟.

– ساڵی جارێك لەگەڵ مێردەكەیدا دێنەوە.. دایە ئەوەندەی خۆش ئەوێت ئەڵێت پیاوی چاكە؟.

وازم لێهێنا، هیچی ترم لێ نەپرسی. ئەو بەرەو قوتابخانە ڕای كرد و منیش لەجێی خۆمدا گەڕامەوە. هەواڵەكە حەپەساندمی ، بەڵام مەبەستم نەبوو كەی؟ ولەكوێ؟ و شویكردوە بەكێ؟. بۆچی بزانم؟ لەبەر هەر هۆیەك كەخۆشم نازانم، هەرگیز لەوبڕوایەدا نەبوو ئاسیل پیاوێكی تری دەست بكەوێت، بەڵام ئەوەتا ڕویداوە، چ پێویست ئەكا چەند ساڵێك بەدیارمەوە دانیشێت تا ئەگەڕێمەوە. بە جادەكەدا بەپێ هاتم بێ ئەوەی چاوەڕوانی ئوتومبێلێك بكەم. بەڵێ.. جادەكە تەختتر و خۆشتر بوە.. بەو چەوڕێژە تەواو گۆڕاوە، بەڵام دەشتەكە بەخۆڵە ڕەشە فشەكەیەوە هەروەكو خۆی ماوەو پاشماوەی قەدو قالۆرەی گژوگیا هێشتا بەپێوە ماوە.. دەشتەكە لەبناری شاخەوە تا هێڵی ئاسۆ وەك شەپۆل ئەینواند.. هەندێ شوێن بەرزو هەندێ شوێن چاڵ و هەندێكی تریش تەخت، تا ئەگەیشتە كەناری دەریاچەی ئیسیك – كوڵ، لەوێ، لەودوورەوە هێڵێكی بریسكەداری زیویت بەدی ئەكرد. خاكە ڕوتەكە دوای بەفری زستان شێدار ئەهاتە بەرچاو، كاتێك كەدەست كرابوو بە جوتی بەهارە.

شەو گەیشتمە مەڵبەندی ناوچەكە. بۆ بەیانی ووتم بچم بۆ بنكەی لۆریەكانمان. هەموو شتێ كۆتایی هات و تیاچوو بەڵام ئەبێ ئیشێك بدۆزمەوە و بژیم. كێ ئەزانێت پاشە ڕۆژ چی حەشار داوە !.

ڕێگای تیان شان وەكو جاران جمەی ئەهات لە ئوتومبێلدا، ئوتومبێل یەك لەدوای یەك یەك بە قافڵە ئەیاندا بەلامدا، بەڵام من چاوم بۆ لۆرییەكی بنكەكەی خۆمان ئەگێڕا، سەرەنجام دەستم هەڵبڕی، ئوتومبێلەكە بەخێرایی دای بەلامدا و لەپڕ وەستا، شۆفێرەكە دابەزی و دەستی دایە جانتاكەم.. سەیرەكەم (ئارمیك)ی هاوڕێی سەربازیمە كەخۆم مەشقم داداوە. ئەو ڕۆژگارە ئەو گەنج بوو. ئارمیك بێدەنگ و بەزەردەخەنەوە وەستا بوو، بەدوودڵییەوە ووتی: نامناسیت ؟!. خۆیشی بیری ئەكردەوە، سەرەنجام بیری كەوتەوە.

–عەرییییففف ... ئەلیاس.. ئەلییایف!.

– تەواوە. بەزەردەخەنەیەكەوە ووتم.. لەدڵی خۆشما بەزەیم بەخۆمدا ئەهاتەوە، مانای ئەوەیە زۆر گۆڕاوم بۆیە خەڵك بەناڕەحەت ئەمناسنەوە. ڕۆیشتین و لەبارەی زۆر شتەوە قسەمان كرد، بیرەوەری كاتی سەربازی زۆرمان گێڕایەوە، بەڵام زۆر ئەترسام دەربارەی ژیانم پرسیارم لێ بكات، ئارمیك وادەرئەكەوت هیچ شتێك دەربارەی ژیانم نەزانێت. هێوربومەوە.

–كەی گەڕایتەوە بۆ ناوچەكە ی خۆت؟.

–ئەوە دووساڵە كارئەكەم.

–ئەی هەواڵی عەلی بەگ جانتۆرین ئەزانی؟.

– نازانم.. نەمدیوە، بیستومە ئەڵێن ئێستا سەرەك فیتەرە لە بنكەیەكی ئوتومبێلی بارهەڵگر لە پامیر.

لەدڵی خۆمدا پێم

– خۆش بوو (دەستت خۆش بێ عەلی بەگ! كابرایەكی زیرەك بوویت. لەچی بوارێكدا تۆ شاسوار نەبویت؟!.) مانای ئەوەیە بە ئاواتی خۆی گەیشتوە. كەلە سوپادا بووبە (مراسەلە) لە ئامادەییەكی ڕێگاوبانی بازرگانی ئەیخوێند و بڕیاریشی دابوو هەر بە مراسەلە پەیمانگای تەكنیكی تەواو بكات.

ئەی عەمانجۆلۆڤ ؟.

– هیچی تازە نییە.. بەرزكراوەتەوە بۆ پۆستێك لەوەزارەت.

–بەڕای تۆ بڵێی من دابمەزرێنن ؟.

–بۆ نا ؟.. بێگومان داتئەمەزرێنن.. شۆفێرێكی پلە یەك. لە سوپاشدا سەربازێكی باش بوویت. بەساردێكەوە ووتم:

– ئەوە ڕۆی !..ئەی جانتای ئەناسیت ؟!.

–كەسمان نییە بەو ناوەو.. نەشم بیستوە؟. بیرم كردەوە ( بەڵێ! زۆر شت لە بنكەكەدا گۆڕاوە ) ئینجا لێم پرسیی:

– ئەی عەرەبانە ؟!.. ئێستا بەعەرەبانەوە بەدەربەندەكەدا سەرئەكەون؟. ئارمیك زۆر بەئاسایی ووتی:

– زۆر بەئاسانیی.. بەگوێرەی بار، ئەگەر پێویست بكات ئەیبەستین و بار ئەكەین، لۆری ئێستا بەهێزە.بێ ئەوەی بزانێت ئەو مەسەلەی عەرەبانەیە چەند كەوت لەسەر من.

بەهەرحاڵ گەڕامەوە بنكە ئازیزەكەم. ئارمیك داوەتی كردم بۆ ماڵەوە و میواندارییی كردم.. پێشنیازی كرد بەبۆنەی یەكتری بینینمانەوە بخۆینەوە، بەڵام من قبوڵم نەكرد.. من ماوەیەكی زۆرە نەمخواردۆتەوە. لە بنكەكەش پێشوازییەكی گەرمیان لێ كردم. زۆر مەمنونی ئەو هاوڕێیانەمم كە ئەیانناسیم و بە پرسیار بێزاریان نەكردم.. ئەیانبینی كابرایەك بووم ماوەیەك ون بووم و گەڕاوم و ئێستا هاتومەتەوە بەدڵێكی پاك و دڵسۆزییەوە ئیش ئەكەم.. چ پێویست ئەكات ڕابردوو شەن و كەو بكرێت ؟!.

من خۆم هەوڵم ئەدا هەموو شتێك لەبیر ببەمەوە، بۆ هەمیشە لە مێشكمی دەربكەم. بە بەنزینخانەی كۆمەڵگای دەربەندەكەدا ڕۆشتم، ئەو جێیەی ماوەیەك لەگەڵ خێزانەكەمدا ماڵمان لەوێ بوو. بە تیژی ڕۆیشتم و ئاوڕم نەدایەوە بەڵكو لام نەدا لە بەنزینخانەكەش گاز وەربگرم، خۆمم بۆ هەڵنەئەخەڵەتا، ئەشمزانی ئەوە چارەسەر نییە.

ماوەیەكی باش كارم كرد، تۆزێك ڕاهاتم، ئاشنای لۆریەكەم و هەموو گێڕەكان و بەرزونزمی ڕێگاكە بومەوە. بەگشتی ئیشەكەی خۆمم زانی. ئەو ڕۆژە لەچین ئەگەڕامەوە، بە هێمنی ئەڕۆیشتم و مێشكم بەهیچ شتێكەوە مەشغوڵ نەبوو، كەمەكەم بائەداو بەڕاست و چەپدا ئەمڕوانی. بەهار لەچوار دەورم خرۆشابوو. لەنزیك ڕێگاكە خێڵاتی هەڵیاندابوو، شوانەكان ڕانەكانیان ڕادابوو.. دوكەڵێكی لێڵ لەدەوارەكان هەڵئەستا.. شەماڵ حیلەی ڕەوگی بەرەڵڵای ئەهێناو مەروماڵات ئەیان باڕاند. منالیی خۆمم بیر كەوتەوەو خەفەتم بۆ بەسەرچوونی ئەخوارد. لەپڕ كەسەیری دەریاچەكەم كرد تەزویەكم پیاهات، قەلمراوێكم دی، ئەوە بوو بەدوەم جار لە ژیانما قەلمراو لەسەر كەناری ئیسیك– كوڵ ببینم. ئەو باڵندە سپییە زللە بە پۆل بەسەر دەریاچەی ئیسیك — كوڵی شیندا ئەسوڕانەوە، لەبەر هۆیەك كەخۆشم نازانم چی بوو پێچم كردەوەو لە ڕێگاكە دەرچوم و دام بەناو زەوییە نەكێڵراوەكەدا. وەكو جاری یەكەم ئیسیك –كوڵ، ئەی ئیسك –كوڵ، ئەی ئەو گۆرانیەی كە تەواو نەبوو! نازانم بۆ ئەو ڕۆژەم هاتەوە یاد كە من و ئاسیل لەسەر هەمان گرد بەرامبەر هەمان ئەو ئاوە وەستاین. بەڵێ! هەموو شتێ لەجێی خۆی و وەكو خۆی مابوو. شەپۆلە شینە كاڵەكان كە ئەتوت دەستی یەكیان گرتوە، یەك لەدوای یەك ئەپەڕینەوە سەركەنارە زەردەكە. ڕۆژیش خەریك بوو لەپشت شاخەكانەوە ئاوا ئەبوو. پانتایی ئاوەكە لەوسەرییەوە پەمەیی ئەنواند. قەلمراوەكان باڵە تەپیّیان ئەكرد و قاچیان لەئاوەكە دەرئەهێناو وێنەیەكی لەسەر پشت كەوتوی خۆیان لەسەر لاپەڕەی ئاوەكە بەجێ ئەهێشت و ئەیاندا لەشەقەی باڵ وەكو بیانەوێ ئاوەكە لەخۆیان بتەكێنن، ئەوجا ملیان درێژ ئەكرد و قاچیان جووت ئەكرد و خولێكیان ئەخواردوو لەچاو ون ئەبون.

بەڵێ، هەموو شتێ وەكو یەكەم جار وابو جگە لەوەی من ئاسیلم لەگەڵدا نەبوو. ئەبێ ئێستا تۆ لەكوێ بیت، ئەی نەونەمامە لەچك سورەكەم؟؟. زۆر لەسەر كەنارەكە مامەوە، ئینجا گەڕامەوە بۆ بنكەكە.. خۆم پێنەگیراو ملم نا.. جارێكی تر چومەوە بۆ مەیخانەكە، بۆ ئەوەی ئەو ئاگرە بكوژێنمەوە كەلەناخمدا كڵپەی سەندبوو. شەو درەنگێ هاتمە دەرەوە، ئاسمان هەور و تاریك بوو، لەدەربەندەكەوە بایەكی ئەهات، ئەتوت لەلوولەوە دێتە دەرەوە، ملی درەختەكانی گرتبوو بەمدیوودیودا بایئەدان.. تەلەكانیش فیكەیان بۆلێئەدان.. وردە لمێكی ئەدا بەدەم و چاودا. دەریاچەكەش بە دەستیەوە ئەیزریكاند و شلپەی ئەهات. بەناڕەحەت گەیشتمەوە ماڵەوە، بێ ئەوەی خۆم دابكەنم خۆم خستە ناو نوێنەكەم.

بەیانی نەمئەتوانی سەرم هەڵبڕم، ئەوەندە ئەیەشا ئەتوت دەستاڕی پێوە بەستراوە. لەودیو پەنجەرەكەوە بارانێكی خوارەخێچ ئەباری كە پروشەی بەفری پێوەبوو. نزیكەی سێ سەعات بەڕاكشاوی مامەوە. تاقەتم نەبوو بچم بۆ ئیش.ئەمە یەكەم جارمە وام بەسەر بێ و ئارەزووم لە ئیش نەبێ. شەرمم بەخۆم هاتو هاتمە دەرەوە.

لۆریەكەم ئەتوت بێگاری پێئەكەیت، بەواتایەكی تر ئەتوت بێگارم پێئەكەن. كەش ناخۆش بوو، ئۆتومبێلەكانی بەرامبەرم ئەهاتن، بەفر داپۆشیبون.. مانای ئەوەیە دەربەندەكە بەفر گرتویەتی. مەبەست نەبوو بەلامەوە، هەتا ئەگەر وەیشومەش هەڵی بكردایە ئەوەندەی نینۆكێ

كارم تێناكات. لەهيچ شتێك ناترسم.. مردنێك هەر قەرزارين ... زۆر پەست و بێتاقەت بووم، لەئاوێنەكەوە سەيری خۆم كرد، بێزم لەخۆم ئەهاتەوە، ريش هاتو و دەم و چاو ئاوساو و ڕەش داگەڕاو ئەتوت لەدۆزەخ هاتومەتە دەرەوە.. خۆزگە لەڕێگا تۆزێ خواردنم دەست ئەكەوت، لەدوێنێ ئێوارەوە دەمم لەهيچ نەداوە، بەڵام ئەوەندەی حەزم لەخواردنەوە بوو ئەوەندە ئارەزووی خواردنم نەبوو، ئەزانيت ئەوەندەی فێری شتێك بويت بەئاسانی بۆت تەرك ناكرێت؟!.

لای دوكانێكی بچكۆلەی خواردن و خواردنەوەدا وەستام، دوای يەكەم پێك پەستی و بێتاقەتيم ڕەوييەوە. خۆم مركرد. لۆريەكەم گيانی سوكتر بوو. دواتريش لە ڕێگا دابەزيم سەدگرام ڤۆدگام خواردەوە، پاش ماوەيەكی تر تۆزێكی ترم كرد بەسەردا، ڕێگاكە نەئەوەستاو فلچەكانم بەبەرچاوما ئەهاتن و ئەچون. بەسەر كەمەكەدا نوشتامەوەو بەددان گازم لەجگەرەكەم گرتبوو، ئەو ئۆتومبێلانە نەبێت كەبەرەو ڕوم ئەهاتن و قوڕو چلپاويان ئەكرد بە جامەكەمدا هيچم نەئەبينی. زياتر پێم لەگاز توند كرد و خێراتر ئەڕۆيشتم چونكە كات بەرەو درەنگ بوون ئەچوو.

من بەشاخەكانەوە بووم شەوم بەسەرهات.. شەوێكی ترسناكی ئەنگوستەچاو، لێرەدا كاريگەری ڤۆدگاكە دەركەوت و شەكەتی كردم.. بەماندويی و داهێزراوی ئەڕۆيشتم، تارمايی ڕەش ئەهاتە بەرچاوم، هەستم ئەكرد ناو ئۆتومبێلەكەم گەرمەو تەنگە نەفەس ئەبم.. هەرگيز ئەوەندە سەرخۆش نەبووم، ئارەق بەدەموچاومدا ئەهاتە خوارەوە، هەستم نەئەكرد بە ئۆتومبێلێك ئەڕۆم، بەڵكو خۆم ئەبينی بەسەر دوو پەڵە هەورەوە پەل ئەكوتم كەلەبەر ڕۆشنايی دوو لايتەكەی پێشەوەم ئەڕۆيشتن، تاوێك بەخێرايی لەگەڵياندا بەرئەبومەوە قوڵاييەكی بێ بنی روناك و لەپڕ لەگەڵ بڵێسەی ئاگرێكا سەرئەكەوتمەوە بۆ ناوتاوێرەكان و چوار دەورم شەوقی ئەدايەوەو هەمووم لێ ئەبوو بە ئاوێنە بەند. تاوێكيش بەهێڵێكی خوارووخێچ ئەمبەرەوبەر دوای دوو پەڵە هەورەكە ئەكەوتم. دەقيقە لەدوای دەقيقە هێزم لەبەر ئەبڕا بەڵام نەئەوەستام، نازانم لەكوێدام ! جێيەكە لەدەربەندەكە.. ئاخ دۆڵۆن! — دۆڵۆن، ئەی زەبەلاحەكەی تيان شان! ئای كە سرك و ناڕەحەتيت ! بەتايبەتی لەشەوداو بۆ شۆفێرێكی سەرخۆشيش. لۆريەكەم بەچنگە كرێ سەركەوتە سەر بەرزاييەك و لەوێوە بەهەموو گوڕی خۆی ئەم شان و ئەوشان ڕوی‌كردە دۆڵی دامێنی چياكە. دەستەكانم بەقسەيان نەئەكردم، كۆيلەی كەمەكە بوبون، ئەو بۆيەكەم جار بەئارەزووی خۆی ئەوانی با ئەدا. شەو لەبەرچاوم ژێرەو ژوور بوو.. لۆری باڵی لێ پەيدا بوبو.. چركە دوای چركە شێتتر ئەبوو. وەكو تاوێرێك گل ببێتەوە، كەوتە قەڵەم باز، ئينجا گرمە.. خۆ پێدادانێكی بەهێزو.. ئينجا لەسەر شان خزان.. لايتەكان گەشانەوەو گوژانەوەو تاريكايی بەسەر چاومدا هات. لەخاڵێك لەقوڵايی مێشكمەوە دەستەواژەيەكم بۆهات (دەعم بووم).

نازانم چەند بەبێ هۆشی لەوێدا كەوتبوم كاتێك گوێم لەدەنگێ بوو وەكو لەقوڵاييەكی دورەوە بەناو لۆكەدا بگاتە گوێم ووتی : ئەو لايتەی لێدە و، هەستم كرد دوودەست هێنرا بەسەرو شان و سنگما. دەنگەكە ووتی:

—ماوە ! بەڵام سەرخۆشە. ئەوی تر وەڵامی دايەوە:

—با لە ڕێگاكەی دووربخەينەوە.

— ئادەی برادەر هەوڵ بدە تۆزێ بجوڵێی با لۆريەكەت لەسەر جادەكە لابەين. دوودەست بەهێمنی بن هەنگڵيان گرتم.. هەناسەيەكم هەڵكێشاو.. بەناڕەحەت سەرم هەڵبڕی. خوێن لەنێو ناوچاوانمەوە بەسەر دەموچاوما ئەچۆڕا، شتێك لەسنگما نەيئەهێشت لاشەم بەرز بكەمەوە.. كابرا شقارتەيەكی داگيرساندو سەيری كردم، دەنكێكی تری داگيرساند و سەيرێكی تری كردمەوە، وەكو نەيەوێت بڕوا بە چاوەكانی بكات.. لەتاريكيەكەداو بەپەژارەوە ووتی:

—برادەر ئەوە بۆ وات لێهاتوە؟! ئەوە چۆن ئاوات لێت قەوماوە؟!.

بڕێك خوێنم تف كردەوەو پرسيم:

ئۆتومبێلەكەم زيانی زۆر بووە ؟.

—زۆرنا، بەڵام لەباری پانی جادەكەی گرتوە.

—باشە ئێستا لای ئەبەم، سوپاستان ئەكەم.. زەحمەتتان كێشا. بەدەستە لەرۆزكە ناگوێرايەڵەكانم هەوڵم دا ئۆتومبێلەكەم ئيش پێبكەم، دەستم نا بەدوگمەی ئيش پێكردنەكەدا..كابراكە بە توندی گرتمی و وتی:

—بەسە، ئەوە چی ئەكەيت! جارێ وەرە دەرەوە، ئەمشەو بنوەو سبەينێ هەموو شتێ ڕون ئەبێتەوە.. لەئۆتومبێلەكەم دەريانكێشامە

دەرەوە.

—ئەو لۆريە ڕاست كەرەوە كەميل، لەقەراغ جادەكە ڕايگرە، دوايى بزانين چييەتى.

چوە ژێر بالّم و بەتاريكيەكەدا ڕايكێشامە گوێی ڕێگاكە.. زۆر ڕۆيشتين تا گەيشتينە مالّيان.. بۆ چونە ژورەوەش هەر چوە ژێربالّم. لەژورەكەی پێشەوەيان چرايەكی نەوت ئەسوتا.. پياوەكە لەسەر كورسييەك داينيشاندم و دەستی كرد بەداكەندنی پالّتۆ فەروەكەم. كە تێم ڕوانی بيرم كەوتەوە ئەمە (بايتمێر)ی پسپۆری ڕێگاوبانە كە جارێك ئوتومبێلێكم لەدەربەندەكەدا لەگەلّيدا ڕاكێشا. هەستم بەشەرمەزاری كرد، بەلاّم دلّخۆش بووم، ويستم داوای لێبوردنی لێبكەم و سوپاسی بكەم بەلاّم دەنگی هەلّرِشتنی باوەشەدارێك لەسەر زەوييەكە ئاوڕی پێدامەوە.. بەهێواشی سەيرم كرد و بەزۆر خۆم بەرز كردەوە وەكو قورساييەكی زۆر لەسەر شانم بێ ....ئای؟!

لای دەرگاكەوە نزيك دارە هەلّڕژاوەكە ئاسيل وەستابوو، بەشێوەيەكی ناسروشتی خۆی بە پێوە گرتبوو و سەيری ئەكردم، وەكو گيانی تيانەمابێت، لەژێر لێوەوە ووتی:

- ئەمە چىيە؟!.

خەريك بوو هاوار كەم (ئاسيل!). بەلاّم ڕوانينە ناڕازيە لەخۆڕازييەكەی نەيهێشت بێمە زمان.. سەرم دانەواند و شەرمەزاری هەلّی قرچاندم. هەناسەيەكی بێدەنگی ترسناك ژورەكەی داگرت. نازانم چۆن كۆتايی ئە هات ئەگەر بايتمێر نەيگێڕامايەتەوە سەر سروشتی خۆم. وەكو هيچ ڕوينەدابێ لەسەر خۆ ووتی: هيچ نيە ئاسيل، ئەوە شۆفێرە تۆزێ بريندار بوە بەلاّم چاك ئەبێ ... ئەگەر هەيە تۆزێك (يۆد)مان بۆ بێنە.

- يۆد؟!. تۆزێك گەرمی گەڕابوەوە دەنگی، شلّەژايەوە ووتی:

—يۆدەكە دراوسێكان بردويانە ئێستا ئەچم ئەيهێنمەوە!. لەدەرگاكە چوەدەرەوە. بێ جولّە دانيشتم و گازم لە لێوی خۆم ئەگرت، وەكو كاريگەری مەيەكە لە مێشكما بوبێ بەهەلّم بەيەك هەناسە بەری دام، بەلاّم دەمارێكی لاجانگم وەكو دلّ لێی ئەدا.

بايتيمێر پێی ووتم: ئەبێ جارێ تۆزێ دەم و چاوت بشۆی. لەكاتێكدا سەيری زامەكانی دەموچاومی ئەكرد. دەفرێكی بردو چوە دەرەوە. لەژورەكەی تەنيشتمانەوە منالّێك تەمەنی نزيكەی پێنج سالّ ئەبوو تەنيا كراسێكی لەبەرابوو، هاتە ژورەوە. بەدووچاوی گەشی پان، بەزەردەخەنەيەكەوە سەيری كردم.. يەكسەر ناسيم.. نازانم چۆن بەلاّم ئەزانم ناسيم. دلّيم ناسی. بەدەنگێكی كپی خنكاوەوە چپاندم (سامات)! باوەشم كردەوە بۆ كوڕەكەم.. لەو چركەيەدا بايتمێر هاتە ژوورەوە.. لەبەر هەر هۆيەك كە نازانم چی بوو ترسام. لەوە ئەچوو گوێی لێ بوبێ كوڕەكەمم بەناوی خۆيەوە بانگ كرد. زۆر تەنگە تاو بووم، وەكو دز بم و شتە دزراوەكانم بەدەستەوە گيرابێ، بۆئەوەی شلّەژانی خۆم بشارمەوە شكاوييەكەی پشتی چاوم بەدەست داپۆشيو. يەكسەر ووتم:

—ئەمە كوڕتە؟!.

نازانم چ پێويستيەكم بەم پرسيارە بوو؟! تا ئێستاش ناتوانم لەخۆم ببورم. بايتمێر بەبڕوايەكی خانە خوێ وە ووتی:

—بەلّێ كوڕمە. ئاوەكەی داناو ساماتی كردە باوەشی و ووتی:

—بێگومان كوڕمە.. دلّ و گيانی بابەيە. وانيە سامات؟!. منالّەكەی ماچ كرد و سمێلّە زبرەكانی ئەهێنا بە لاملە ناسكەكەيا، دەنگی بايتمێر و هەلّس و كەوتی، يەك تۆز گەردی نمايش و دوورويی پێوە ديار نەبوو. ئينجا پێی ووت:

—بۆناچيت بنويت ؟.. ڕاكە بۆناو نوێنەكەت.

سامات ووتی ئەی دايكم كوا؟.

—ئێستا يەتەوە.. ئائەوە هاتەوە! دەبڕۆ كوڕم.

ئاسيل هاتە ژوورەوە، بەخێرايی، بەلاّم بە ورياييی سەيری هەردوكمانی كردو شوشە يۆدەكەی دا بە بايتمێر و كوڕەكەی برد بيخەوێنێ. بايتمێر دەسرێكی تەڕكرد و خوێنە مەيوەكەی سڕی و لە كاتێكا برينەكانی بە يۆدەكە ئەبرژاندەوە بەشۆخييەوە ووتی: خۆت بگرە!.. ئينجا بەتوڕەييەوە ووتی: حەزم ئەكرد لەسەر ئەم كردەوەيەت خوێ بكەم بە برينەكانتەوە، بەلاّم قەينا ميوانی.. هيچ نیيە زوو چاك ئەبێتەوە. ئادەی ئاسيل چايەكمان بۆلێنێ.

—باشە.

بايتيمێر لەسەر قالّيەكە لێفەيەكی لۆكەی دووقەد كرد و ووتی:

—وەرە ئێرەوەو تۆزێ بە ئیسراحەت قاچ ڕاكێشە.

بەكزێكەوە وتم:

—پێویست ناكات، سوپاس. زیاتر سوور بوو

— وەكو ماڵی خۆت هەڵسەو دانیشە.

وەكو خەو ببینم هەڵس و كەوتم ئەكرد، وەكو دەستێك بەسنگما بگەڕێ و دڵم بگوشێ، هەرچی هەناو و گیانم هەبوو گرژی و دوودڵی و چاوەڕوانی پیا ئەچزا:

—ئاخ بۆچی دایكم بۆئەم ڕۆژەی خستمەوە؟!.

ئاسیل هاتە ژورەوە و هەوڵی دا خۆی بپارێزێ لەوەی سەیری كەسمان بكات.. سەماوەرەكەی بردوو چوە هەیوانەكە. بایتمێر دوای كەوت ووتی:

- بێم یارمەتیەكت بدەم ئاسیل؟.

بەڵام سامات هاتە ژورەوە.. ئەمشەو نەیئەویست بنوێ. بایتمێر بەدڵسۆزییەوە سەرێكی باداو ووتی: دەچیت ئەوێ سامات ؟!.

كوڕەكەم نزیك بوەوەو لەدڵەوە پرسی:

—مامەكە تۆ لەسینەماوە هاتوی؟. تێگەیشتم مەبەستی چیە. بایتمیر قاقایەكی لێداو نزیك كوڕەكە چوار مشقی دانیشت.

—ئای بەچكە كەر.. ئەمهێنێتە پێكەنین، لەوكێوە فیلمان دەرئەكرد... ئاوڕێكی بۆمن دایەوە، ئەم برادەرەش پاڵەوانەكە بوو. منیش ویستم خۆم تێكەڵی شۆخییەكە بكەم ووتم: ئا گیان لە سینەماوە هاتوم.

بەڵام سامات نێوچەوانی گرژ كرد و ووتی: درۆ ئەكەی!.

—بۆچی درۆئەكەم؟.

—ئەی كوا شمشێرەكەی غاینەكانی پێ ڕاوئەنێیت ؟.

— لەماڵەوە دامناوە.

—بەیانی نیشانم ئەدەی ؟.

—سبەینێ نیشانت ئەدەم.. وەرەبزانم ناوت چیە؟.

—سامات.. ئەی تۆ ناوت چیە مامە؟.

— من .... بێدەنگ بووم، بەناڕەحەت دەمم هێنای ووتم: ناوم ئەلیاسە. بایتمێر لە نێوانمانا هەڵی دایە:

—بڕۆ بخەوە سامات، درەنگە.

سامات بەرپەرچی دایەوە:

—بابە ئاخر خەوم نایە،بایتمێر ڕەزامەندنی دەربڕی و وتی:

—باشە. بابچم(چا)كە بێنم.

سامات هاتە لامەوە، دەستم هێنا بەدەسیا، زۆر لەخۆم ئەچوو، هەتا دەستەكانیشی لەمن ئەچوو.. پێكەنینەكەشی لە پێكەنینی من ئەچوو. بۆئەوەی ووتووێژ لەگەڵ كوڕەكەما دروست بكەم ووتم:

—كە گەورەبویت ئەبی بەچی؟.

—شۆفێر.

—حەزت لە ئوتومبێل لێخوڕینە؟.

—زۆر زۆر، بەڵام كە دەستیان لێ ڕائەگرم كەس سوارم ناكات.

—سبەینێ من سوارت ئەكەم.. باشە؟.

—باشە.. منیش گوڵە یاریەكانمت ئەدەمێ. ڕایكرد گوڵەكانی بێنێ. لەپشت پەنجەرەكەوە بلێسەیەك ئاگر لەدوكەڵكێشی سەماوەرەكە وە ئەهاتە دەرەوە، ئاسیل و بایتمێر باسی شتێكیان ئەكرد.

سامات گوڵەكانی لەتورەكەیەكی پێستی مەڕەكێویدا بۆ هێنام.

—هەڵبژێرە مامە.

كۆمەڵێك شتی ڕەنگاو ڕەنگی هەمەجۆری لەبەردەمما هەڵڕشت ویستم گوڵێك بۆ یادگاری هەڵگرم، بەڵام غیرەتم نـەبوو. دەرگاكـە كرایـەوەو بایتیمێر بەسەماوەرە كوڵاوەكەوە هاتە ژورەوە.. ئاسیلیش بەدوایدا هاتە ژوورەوە و دەستی كـرد بـە چـا لێنـان. لەكاتێكـدا بـایتیمێر مێزێكـی خڕی بچكۆلەی قاچ كورتی لەسەر قاڵیەكە داناو پەڕۆیەكی لەسەر داخست، لەگـەڵ سـامات گوڵـەكانمان كـۆكردەوەو كردمانـەوە تورەكەكـە . بایتیمێر بە یاریەوە بەهێواشی گوێی ساماتی ڕاكێشاو ووتی:

—ماڵ و سامانەكەتت نیشاندا.. ئای كە فشەكەرێكی بچكۆلەی!.

دوای دەقیقەیەك لەدەوری سەماوەرەكە دانیشتین.. من و ئاسیل واخۆمان نیشان دەدا كـە یـەكتری ناناسـین، دانمـان بـەخۆمانا گـرت كـە هێمن بین. وابزانم هەر هی ئەوەش بوو زوربەی كات بێدەنگ بوین. سـامات لەسـەر ئـەژنۆی بـایتیمێر دانیشـتبوو، ئـەویش باوەشـی پیـاكردبوو سەری بائەدا.

—ئۆی بابە.. سمێڵت تیژە!. كەچی ڕومەتیشی ئەخشاند لە سمێڵی.

بارێكی ئاسان نەبوو لەنزیك كوڕەكەمەوە دانیشم و نەتوانم بڵێم كوڕمەو بەبەرچاومەوە بەیەكێكی تر بڵێ بابە.. ئاسـان نـەبوو بـۆم ئاسـیل، ئاسیلی خۆشەویستم لەنزیكمەوە دانیشتوەو مافی ئەوەم نەبێ یەكسەر تێر سەیری چـاوەكانی بكـەم. چـی هێناویەتیـە ئێـرە ؟! بڵـێی ئـەم كابرایەی خۆشویستبێ و شوی پێكردبێ؟ جا چوزانم ؟ كەئەو واخۆی نیشان بدا كە نامناسێ و وابزانێ كەسێكی غەریبم كە هـەرگیز نەیـدیوە. مەعقولە وای لێهاتبێ!.. ئەوەندە ڕقی لێم بێ ؟!. ئەی بایتیمێر، تۆبڵێ ی هەست بەهیچ نەكات ؟. مەعقولە دەرك بەوە نـەكات سـامات لـەمن ئەچێت ؟! ئەی بۆچی باسی ئەوجارەی نەكرد كە لەدەربەندەكەدا ئوتومبێلەكەمان بەیەكە وە ڕاكێشا.. یان ڕاستە لەبیری چووە؟!.

كاتێ چوینە ناو جێگا ئەندێشەو ئەشكەنجەم زیاتر بوو. جێگەكەی مـن لەسـەر قاڵیەكـە بـوو. ڕاكشـام و ڕوم كـردە دیوارەكـە.. چـراكە كـز كرابوو.. ئاسیل قاپ و قاچاخی كۆئەكردەوە. بایتیمێر بەهێواشی لەدەرگای ژورەكەی تەنیشتمانەوە بانگی كرد ئاسیل. ئاسیل هات.

—ئائەوەش بشۆ.

ئاسیل كراسە دامەییە خوێناویەكەی بردم و دەستی كرد بەشۆردنی.. ئاگام لێ بوو دەستی هەڵگرت و هاتەوە بۆلای بـایتیمێر، گـوێم لێبـوو پێی ووت:

—ئاوی ڕادێتەرەكەتان بەتاڵ نەكردبێتەوە ئەمشەو ئەیبەستێ. بایتیمێر بەهەمان هێمنییەوە وەڵامی دایەوە

—ڕشتومانە.. كەمیل بەتاڵی كردەوە، لۆریەكەش لەوەناچێ زیانی زۆر بوبێ.. بەیانی یارمەتی ئەدەین.

من خۆم لەبیرم چووبوو نەمەكینەو نەڕادێتەرم لەیاد نەبوو. ئاسیل كراسەكەی شۆرد و لـەنزیك زۆپاكـە هـەڵی خسـت، هەناسـەیەكی قـوڵی هەڵكێشا و فویەكی لەچراكە كردو چوە دەرەوە. ژوورەكە تاریك ونوتەك بوو. من ئەمزانی كەسمان خەومان لێنەكـەوتوە، هەریەكـەمان بـەدەم بیركردنەوە تایبەتیەكانی خۆیەوە ئەتلێتـەوە. بـایتیمێر لەگـەڵ كوڕەكەمـدا بەیەكـەوە نوسـتبوون.. یـەك دوو شـتی ناسـكی بەگوێدا چـپان و جاربەجارێ كە ئەم دیوو ئەودیوی ئەكرد دایئەپۆشیەوە. ئاسیل تاو ناتاوێك هەناسەیەكی كـورتی پچـڕاوی هـەڵ ئەكێشـا. واخـەیاڵم ئـەكرد لـە تاریكیەكەدا دوو چاوە گەشەكانی ئەبینم ئەبریسكێنەوە، ئەگەر بەهەڵە نەچووبم هی ئەوە بوو فرمێسكیان تیا قـەتیس مـابوو. بـیری لەچـی و لە كێمان ئەكردەوە؟ ئەوا ئێستا بووین بە سیان. لەوانەیە ئێستا ئەویش وەكـو مـن هـەموو شـتە خـۆش و ناخۆشـەكان شـەنو كـەو بكـات كـە بەیەكیەوە ئەبەستین و جارێكی تر ڕونادەنەوەو نایبینینەوە.

ئاسیل لەو ساڵانەدا گۆڕابوو، چاوەكانیشی گۆڕابوون...ئەو دوو چـاوە گـەش و هـێمن و پـڕ لـە پـاكی و ئـارام بەخشـەی جـاران نـەمابوون. دامركاوەو قوڵترو تیژتر بون. بەڵام ئاسیل لای من هەمان شۆخ و شەنگەكەی جاران بوو، هەمان ئەو نەومامـە لەچـك سـوورەكەم بـوو لەهـەموو نیگاو ڕامانێكا، لەهەموو جووڵیەكیا شتێكی ئاشنای ئازیزم بەدی ئەكرد. ئەوەش تاڵاوی زیاتری پـێ ئەچەشتم، زیاتر تێكی ئەشـكانم و ئـازاری ئەدام، لە تاوا وەكو شێت قەپم ئەكرد بە پشتیەكەدا. تا بەیانی تەپ و تلم كردو چاوم لێك نەنا.مانگ لە پشتەوە لەناو هەورەكاندا نقـووم ئـەبو و سەری هەڵ ئەدایەوە.

بەیانی زوو كاتێ ئاسیل و بایتیمێر چوونە هەیوانەكە بۆ كارو باری ناو ماڵ، منیش هەڵسام. ئەبوایە برۆم. بە هێواشی و بە وریایی لەسـامات

چوومە پێشەوە، ماچێکم کردو خێرا لە ژوورەکە هاتمە دەرەوە. ئاسیل لە حەوشەکەدا قابلەمەیەکی گەورەی خستبوە سەر سێ کوچکەیەکی بەردو ئاوی گەرم ئەکرد.بایتیمێر داری وورد ئەکرد، بەیەکەوە چووینەوە بۆ لای لۆریەکەم و بێدەنگ جگەرەمان ئەکێشا.بینیم ئۆتۆمبێلەکەم دوێنێ شەو خۆی داوە بە پایەکانی قەراخ جادەکەداو دوو پایەی بە بنکە کۆنکریتیەکانیەوە هەڵکەندووە. لۆریەکەش یەکێك لە لایتەکانی شکاوە و دەعامیەکەی نوشتاوەتەوە و تایەیەکی تەقیوە. ئەو شتانەمان هەموو بە پیك و دەرنەفیس چاك کرد. بەلاَم کێشەی گەورەو کاری ناڕەحەت ئەوەبوو، مەکینەکە بەستبووی.بە لۆکە سووتاندن مەکینەکەمان گەرم کرد و بەهەردوو دەست هەندڵ مان بائەدا، شانمان لەیەك ئەخشاو ناو لەپمان سوور بوبوەوە، هەریەکەمان هەناسەمان بەڕووی ئەوی ترماندا هەڵ ئەکێشا.هەردووکمان یەك شتمان ئەکرد. لەوانەیە هەردووکیشمان بیرمان لەیەك شت بکردایەتەوە.

مەکینە نەیویست هاوکاریمان بکات، هەناسە بڕکێمان پێکەوت. لەوکاتەدا ئاسیل دوو جلیکانە ئاوی گەرمی هێناو بێدەنگ لەبەردەمما دایناو چووە ئەولاوە. ئاوەکەم کردە ڕادێتەرەکەوە و لەگەڵ بایتیمێردا هەندلێکی ترمان لێدا و سەرەنجام مەکینەکە کەوتە ئیش. چوومە ناو ئۆتۆمبیلەکەم، مەکینەکە بەیەك ئاواز کاری نەئەکرد، بەڵکو ئەیبڕی.بایتیمێر بۆنیتەکەی هەڵدایەوەو لەگەڵ چەکوشێکدا سەری کرد بەناو مەکینەکەدا بۆ ئەوەی لە شخاتەکان دڵنیا بێت. لەو کاتەدا سامات بە قاپوتێکی قۆپچە دانەخراوەوە بەڕاکردن هات. تۆزێ بەدوای لۆریەکەدا ڕایکرد، ئەیویست تۆزێك سوار بێت. ئاسیل کوڕەکەی گرت و نزیك دەرگاکە وەستابوو، بەری نەئەدا. بە ڕوانینێکی گریاناوی و ئازاراوی و بەزەییەکی واوە سەیری ئەکردم، لەو هەناسەیەدا ئامادەبووم چی ئەوێت بیکەم. بەمەرجێ لێم ببورێت و لەگەڵ کوڕەکەما بێنەوە لام. لەدەرگا کراوەکەوە بەڕووی ئەودا خۆم لارکردەوەو لەناو دەنگە دەنگی مەکینەکەوە لێی پارامەوەو ووتم :

-ئاسیل کوڕەکە بێنە و وەرە لە تەنیشتمەوە سوار بەو وەکو جاران بۆ هەتا هەتایە ئەتبەم.

سەرکەوە !

ئاسیل هیچی نەوت، بەڵکو چاوە پڕ فرمێسکەکانی وەرگێڕاو سەری بادا. سامات دەستی ڕاکێشاو ووتی:

-دایە بابڕۆین تۆزێ سواربین. بەلاَم بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، سەری داگرت و ڕۆیشت، ساماتیشی بەزۆر ڕائەکێشاو ئەویش نابەدڵ دوای ئەکەوت. بایتیمێر هاواری کرد:

—تەواو.

بۆنیتەکەی داخستەوەوهاتە پێشەوەو شتەکانی دامەوەو، هەر لەناو قەمەرەکەوە لێم وەرگرت. دەرچوم. جارێکی تر کەمەی لێخوڕین بەدەستمەوەیە و جارێکی تر جادەو چیا خۆتان بگرن. لۆریەکەم بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوەی ڕوویدابوو هەڵیگرتم. بەو جۆرە لەدەربەندەکەدا ئاسیل و کوڕەکەم دۆزییەوە و بەوجۆرە بەیەك گەیشتین و جیا بوینەوە. بەدرێژی ڕێگا بەرەو سنوور و گەڕانەوە هەر بیرم ئەکردەوە. بێ ئەوەی دەروویەك بدۆزمەوە. لە بیر کردنەوەی بێ کۆتایی ماندوو بووم. ئێستا پێویستە لەسەرم بڕۆم، هەتا چاو بڕئەکات بڕۆم. بەلاَم لەم ناوەدا نەمێنمەوە. بەتوندی مێشکم لەسەر ئەم بڕیارە چەقاند و پێم لەسەر جێبەجێکردنی داگرت.

لە کاتێکدا بە نیشتەجێی تیمی چاکردنی ڕێگاو بانەکەدا تێ پەڕیم، ساماتم دی. لەنزیك جادەکە لەگەڵ کوڕێك و کچێکا کە تۆزێ لە خۆی گەورەتر بوون یاری دەکرد، خانوویەکیان لەبەرد و چیلکە دروست کردبوو لەگەڵ چەند گەورێك بۆ ئاژەڵ. لەوانەیە چەند جاری تریش لەوەو پێش لەو گوێ ڕێیە بینیبێتمن یاریان کردووە. واتە هەموو ڕۆژێك بەنزیك کوڕەکەما ڕۆیشتووم، بێ ئەوەی بزانم. لۆریەکەم ڕاگرت و بانگم کرد.

-سامات.

ویستم چاوێکم پێی بکەوێت. هەر سێکیان بەڕاکردن هاتن بۆ لای لۆریەکە.

-مامە هاتوین سوارمان کەیت.

وتم: بەڵی، سەرکەون باتۆزێك سوارتان کەم. مناڵەکان بە خۆشییەوە هاتنە پێشەوە. سامات بە شانازییەوە بە هاوڕێکانی وت:

-ئەم شۆفێرە خزمی ئێمەیە.

ماوەیەکی کورت دوورم خستنەوە. بەلاَم ئای ئەو کامەرانی و دڵخۆشیەی هەستم پێکرد کە درێژ بو! دڵنیام لە دڵخۆشی و کامەرانییەکەی ئەوان زۆرتر بوو. دام بەزاندن.

-ئیتر بڕۆنەوە بۆماڵەوە.

منالەكان ڕایانكردو كوڕەكەم ڕاوەستان:

—ئاوەرە سامات قسەیەكت پێ بڵێم! بەهەردوو دەست هەڵم گرتو بەرزم كردەوە بۆ سەر سەرم، بە ووردی سەیری دەم و چاویم كرد، ئەوجا نام بەسنگمەوەو ماچم كردو دام نایەوە سەر زەوی.

سامات بیری كەوتەوە. ئەی شمشێرەكەت كوا مامە.. هێناوتە؟!.

-ئۆی كوڕم بیرم چوو.. ئەم جارە بێتەوە بۆت ئەهێنم.

-مامە لەبیرت نەچێت ها !ئێمە هەر لەویا یاری ئەكەین.

-باشە، ئێستا بزانم خێرا ڕائەكەیت ؟.

لەوەرشەی دارتاشیی بنكەكە سێ شمشێری تەختەم بۆ یاریكردن دروست كرد و لەگەڵ خۆما هێنام. منالەكان لە شوێنەكەی خۆیان چاوەڕێ بوون. جارێكی تر سوارم كردنەوە. بەو جۆرە هاوڕێیەتیم لەگەڵ كوڕەكەم و دوو هاوڕێ خۆشەویستەكەیا پەیداكرد.بە زوویی ئاشنام بوون، هێشتا من دوور بووم. ڕایان ئەكرد و پێش برِكێیان ئەكرد زوو بگەنە لای من.

-لۆری.. لۆریەكەمان هات.

ژیانم بۆ گەڕایەوە، بومەوە بەمرۆڤێك كەدەرئەچوم بۆ گەشتێك ڕۆحم ئاسوودە بوو، هەستێكی بەلەزەت ختوكەی ئەدام. ئەمزانی ئێستا كوڕەكەم لەسەر ڕێگاكە چاوەڕێمە، با بۆ دوو دەقیقەش بێت لەپێشی ئۆتۆمبیلەكەمدا لە نزیكیەوە دائەنیشم. هەموو بیركردنەوەو خەفەتم لەیەك شتا كۆبوبۆوە، ئەویش ئەوە بوو لەكاتی خۆیدا بگەمە لای كوڕەكەم.

هەمیشە وا بەرنامەی خۆم دائەڕشت كە بە ڕۆژ بگەمە دەربەندەكە، ڕۆژگار گەرمترو بەهاری بو، منالْ هەمیشە یاریان ئەكرد، زوربەی كات لەسەر ڕێگاكە ئەم بینین. زۆر دڵم بەوە خۆش بوو، بەلاَم هەندێ جار دڵم لە ترسا ئەلەرزی. لەوانەیە ئاسیل و بایتیمێر زانیبێتیان منالْ سوار ئەكەم یان نەشیان زانیبێ، بەلاَم نەیەڵن ئیتر كوڕەكەم ببینم و نەیەڵن بێتە دەرەوە لە سەر جادەكە یاری بكات. زۆر ترسام، لەدڵی خۆما لە ئاسیل و بایتیمێر ئەپاڕامەوە ئەوەم لەگەڵ نەكەن‌ولەو چاوپێكەوتنە كورتانە بێ بەریم نەكەن. بەلاَم جارێك ئەوە ڕوویدا.

جەژنی یەكی ئایار نزیك بۆوە نیازم وابوو بەو بۆنەیەوە دیاریەك پێشكەشی كوڕەكەم بكەم، لۆریەكی قورمیشم بۆ كڕی، ئەو ڕۆژە زۆر لە بنكەكە مامەوە ودرەنگ دەر چووم، بەلاَم زۆر بەپەلە، بۆ ئەوەی تۆڵەی ئەو درەنگ كەوتنە بكەمەوە. وابزانم هەر هۆی ئەوەش بوو لە ناخما چاوەڕێی ئەوە بووم شتێكی ناڕەحەت ڕووبدات بۆیە كەنزیكی شوێنەكە بوومەوە پریاسكەكەم دەرهێناو لەتەنیشت خۆمەوە دامنا، لە خەیاڵی خۆما ئەمدی سامات چەند دڵی پێی خۆش دەبێت. ئەزانم یاری باشتری هەبوو، بەلاَم ئەمەیان دیاریەكی تایبەتە لە شۆفێرێكی ڕاگوزارەوە كە دەیناسێ، بۆ منالێك خەون بەوەوە ئەبینێ ببێ بە شۆفێر. بەلاَم ئەمجارە سامات لەسەر ڕێگەكە نەبوو، دووو هاوڕێكەی تری بەرەو ڕووم ڕاییانكرد. لە قەمەرەكە هاتمە خوارەوە

-سامات كوا ؟!. كوڕەكە وتی:

-لەماڵەوەیە نەخۆشە.

-نەخۆش؟!.

كچەكە هەڵیدایەو بەهەست كردن بە چاكەوە وتی:

-نا، نەخۆش نیە بەلاَم دایكی نایەڵێت بێ بۆ ئێرە.

-بۆ؟.

-نازانم.. بەلاَم هەر نایەڵن.

باشە با ئەوەش وابێت، ئەوە كۆتایی هەموووشتێكە. ها ئەوەی بۆ بەرە. پریاسكەكەم دا بەكوڕەكە.

بەلاَم ڕام گۆڕی.

— نا قەیناكات، پێویست ناكات. لێم وەرگرتەوە. سەرم داگرت و چوومە لای لۆریەكە.

كوڕەكە لە خوشكەكەی پرسی

-مامە بۆچی سوارمان ناكات ؟. بە مۆنیەوە وەلاَمی دایەوە

-ئەو مان لەگەڵ نیە. نەخۆشە!.

بەڵێ كچەكە چاكی زانی. شتێك لە هەرچی نەخۆشیە خراپتر دایگرتم. بە درێژی ڕێگا بیرم ئەكردەوە. چۆن ئـەكرێ ئاسـیل ئەوەنـدە دلّـڕەق بێت بەرامبەرم ! تۆ بڵێی تەنیا دڵۆپێك بەزەیی تیا نەمابێت بەرامبەرم؟!. من هەر چەندیش خراپ بم، لەوە دڵنیـا نـیم. ئەمانـە سـیفاتی ئـەو نین. دیارە شتێكی تر هەیە:

—چی‌یە ؟نازانم!. هەوڵم دا قەناعەت بەخۆم بكەم كە كوڕەكەم بەڕاستی ناساغەو كەوتوە..بۆ بڕوا بـەو كـوڕە نەكـەم ؟!. قەناعـەتم بـەخۆم كرد و.. ئەهاتە بەرچاوم چۆن بەدەم تاوە تەپاوتل ئەكات و ئەبزركێنیٚو.. پێویسـتە بـەجۆرێك یارمـەتیان بـدەم، دەرمانێكیـان بـۆ بێـنم یـان بیانگەیەنمە خەستەخانە. چونكە ئەوان لە چۆڵە وانیەكدان، نەك شەقامێك لە شەقامەكانی شـار. زۆرم ئـازار چەشـت. بـە پەلـە گەڕامـەوە. نـە ئەهات بە مێشكما چی بكەم و چۆن هەڵسـوكەوت بكـەم. تـەنیا یـەك شـتم ئـەزانی، ئـەویش ئـەوە بـوو :ئەمـەویٚ بـە زووتـرین كـات كوڕەكـەك ببینم.بڕوام بەتین بوو ئەیبینم، دڵم خەبەری دابوو، بۆ نەگبەتی سەیرەكەم گازم پـیٚ نـەماوە. ئەبوایـە لابـدەم و لـە بەنزینخانـەی دەربەندەكـە بوەستم

*　　　*　　　*　　　*

ئەلیاسی هاوڕێی سەفەرەكم بێدەنگ بـوو، بـەناو لـەپی دەم و چـاوی هەڵقرچـاوی سـڕی، هەناسـەیەكی قـووڵی هەڵكێشـاو جامەكـەی تـەواو دادایەوە. چەند مژێكی یەك لە دوای یەكی لە جگەرەكەی دا, دەمێـك بـوو شـەو دوولایـی بوبـوەوە. هـەموو سەرنشـینەكانی شـەمەندەفەرەكە نوستبوون. ئێمە نەبێت.

پێچكەكانی شەمەندەفەرەكە لە سەر سكەكە گۆرانی بیٚ كۆتایی سەفەری ئەچڕی.لە پشت پەنجەرەكەوە ئەمدی شەو لە سەفەر ئەهاتەوە.. گلۆپە بچكۆلەكانی وێستگەكە لێمان ڕەت ئەبوون و شەمەندەفەرەكەش بە لوورەی بەهێزی خۆی ئەیلووراند.

-ئەوە ئەو جارە بوو كە ڕووم لێنایت و هەڵم نەگرتیت، ئاغام !ئێستا هۆكەی ئاشكرا بوو؟؟. من لە بەنزین خانەكە وەستابووم،

كە بە ئۆتۆمبێلێكی پۆبیدا تیژ دات بەلاماو ڕەت بووی.. ئاگام لیٚ بوو 0

بەڵیٚ ڕۆیشتم و زۆر سامناكانە دلە ّ ڕاوكێم بوو ...بۆ چوونی دڵم ڕاست دەرچوو، سامات لە سەر جادەكە چاوەڕوانی ئەكردم. كە لۆرییەكەی بینی ڕایكردو هاتە بەردەمم.

-مامە، مامە، شۆفێر.

كەواتە كوڕەكەم نەخۆش نییە. ئای كە دڵخۆشم!. ئەمویست دەست بكەمە ملـی هـەموو جیهـان. وەسـتام، بـازم دایـە خـوارەوە، ڕام كـرد بگەمە كوڕەكەم.

-ئەوە چیت بوو؟نەخۆش بووی ؟!.

سامات بە گلەییەوە ووتی :

- نەء..دایكم نایەڵێت، ئەڵیٚ سواری لۆریەكەی نەبی.. منیش گریام.

—-ئەی ئێستا چۆن هاتی؟.

-بابە ئەڵیٚ ئەگەر پیاوەكە خۆی حەز ئەكات سواریان بكات با سوار بن.

—ئاوا؟!.

-منیش وتم حەزئەكەم فێری شۆفێری بم.

-ئەبیت بە شۆفێرێك..بەلاّم شۆفێر!!..ئەزانی چیم بۆهێناوی ؟

لۆریە قورمیشەكەم دەرهێنا. سەیریكە، لۆریەك مەكینەی هەیە.. باشترین ئۆتۆمبێل بۆ شۆفێری بچكۆلە.

كوڕەكەم پێكەنی و دڵخۆش بوو.. بە دوو چاوەوە كە پڕ بوون لە تكا سەیری كردم و ووتی:

-هەمیشە.. هەمیشە لەگەڵت سوار ئەبم، باشە مامە؟.

دڵنیام كردوو بەڵێنم دایە:

-بێگومان هەمیشە سوارت ئەكەم، ئەگەر ئەتەوێت جەژنی یەكی ئایاریش بچین بۆ شار، لۆریەكەمان بـەئاڵای ڕەنگـاو ڕەنـگ ئەڕازێنینـەوە و

ئەتبەم و ئەتهێنمەوە. ئێستا نارەحەتە بەلامەوە روونی بکەمەوە بۆ وام پێ‌وت. چ مافێکی ئەوەم هەبوو، لەوەش زیاتر چۆن لە پـڕ بـڕوام کـرد وائەبێت؟ هەر ئەوەندەش نەبوو، بەڵکو زیاتر ڕۆیشتم:

-ئەگەر حەزیش ئەکەی تا هەتا هەتایە لەگەڵم بمێنەرەوە.

زۆر لە گانگای دڵمەوە بەکوڕەکەم وت. بەیەکەوە لە پێشی لۆریەکەدا ئەژین، بۆ هەر شوێنێك چووم ئەتبەم لەگەڵ خۆم، هـەرگیز لێـت جیـا نابمەوەو نایەڵم بڕۆیتەوە.

یەیت لەگەڵم ؟.

سامات یەکسەر وەڵامی دایەوە.

-دێم.. بۆخۆمان لەپێشی ئۆتۆمبیلەکەدا ئەبین،با ئێستا بڕۆین مامە.

زۆر کات پیاوێکی دنیادیدە وەك منالْ هەڵس و کەوت ئەکات. لە پێشەوە دانیشـتین. سویچـەکەم کـردەوە. پـێم نـا بـە سـلفەکەدا. سـامات زۆری پێ‌ خۆش بوو، باوەشـی پیـا ئـەکردم و لەسـەر کوشـنەکە هـەڵ ئەبەزیـەوە. ڕۆیشـتین، دڵخۆشـیی سـامات زیـاتر ئـەبوو، پـێ‌ ئەکـەنی، دەربارەی کەمەکەو داش بۆردەکەو دوگمەکانی ئۆتۆمبێلەکە شتی زۆری لێ‌ ئەپرسیم. منیش لەگەڵ ئەوا پێئەکەنیم. ئنجا هاتمەوە سەر خـۆم، گەرمامان بوو. : من خەریکی چیم ؟!. هێواشم کردەوە، بەلأم سامات نەیهێشت بوەستم، داوای لێکردم :

-خێراتر، مامە با خێراتر لێ‌ی بخورین.

من غیرەتی ئەوەم نەبوو تکای چاوە گەشەکانی رەت بکەمـەوە، خێراتـرم کـرد، لـەو کاتـەدا ڕۆڵەیـەك بـەرەو رووەمـان ئـەهات کـە خـەریکی چاکردنی جادەکە بوو، پێچی کردەوە و لە دوایەوە بایتیمێرم بینی، بە خەرماشەیەك قیرەکـەی بـلاو ئـەکردەوە و تـەختی ئـەکرد. بـە بینینـی شڵەژام، ویستم بوەستم، بەلأم تازە ئەوەندە دوور کەوتومەتەوە بیانوم نەماوە. خۆم نوشتاندەوە بەسەر کەمەکەداو پێم لێ‌ داگرت. بـایتیمێر سەری لەسەر ئیشەکەی هەڵنەبڕی، تێبینی هیچی نەکرد، چونکە هەموو دەقیقەیەك بەردەوام ئوتۆمبیل رەت ئەبوو، بەلأم سامات بینی :

-ئەوە بابەیە، مامە.با بابەش ببەین لەگەڵ خۆمان.. ڕاوەستە، من بانگی ئەکەم.

بێدەنگ بو. وەستان ئێستا شیاو نیە. ئێستا چی پێ‌ بڵێم ؟!.

لە پڕ سامات ئاوڕی دایەوە بۆ دواوە، ترساو هاواری کردو گریا

-ئەچم بۆ لای بابە، ڕاوەستە بابەم ئەوێ‌.. نا، دایەم ئەوێ‌.

برێکم کردو لە پێچەکەدا لۆریەکەم خستە پشت تاوێرەکان و دەستم کرد بە هێور کردنەوەی کوڕەکەم :

-مەگری سامات گیان.. عاقڵ ئێستا ئەتبەمەوە بەلأم مەگری.

بەلأم منالْ تۆقیبوو، نەیئەویست هیچ بزانێ‌. ئەیدا بە دەرگاکەداو ئەیوت :

-من نا، نامەوێ‌.. بابە !.. بیکەرەوە.. من ڕائەکەم بۆلای بابە، بیکەرەوە.

بەم جۆرە ئەوەی چاوەڕوان نەئەکرا ڕویدا. لێی پارامەوەو وتم

-بەلأم مەگری، ئێستا بۆت ئەکەمەوە.. بەس هێمن بە، ئێستا خۆم ئەتبەم بـۆ لای بابـە.. دابـەزە بـابڕۆین.سـامات بـازی دایـە سـەرزەوی و بەڕاکردن و بەگریانەوە گەڕایەوە، گرتم.

-تۆزێ‌ ڕاوەستە.. فرمیسکەکانت بسرە.. بۆچی ئەگری ؟!. تکات لێدەکەم کوڕە خۆشەویسـتەکەم مـەگری.. ئـەها لۆریەکـەت لـەبیر چـوو. سەیرکە !. لۆریەکەم گرت بەدەستمەوە، تا قورمیشم کرد دەستم ئەلەرزی

-سەیرکە چۆن دێت بۆ لای تۆ.. بیگرە. لۆریەکە تۆزێك ڕۆیشت و خۆی دا بە بەردێکا و لە چاڵێکا پشتەو خوار بوو. سامات خراپتر لـەو جـا دایە گریان و ووتی:

-من نامەوێ‌.

بێ‌ ئەوەی ئاوڕبداتەوە دورکەوتەوە. هەستم کرد شتێك گیراوەتە بینم. ڕامکرد کوڕەکەم بگرم.

-پەلەمەکە. سامات.. مەگری، ڕاوەستە. من.. من، ئەزانی من کێم..؟.

بەلأم نەم وێرا حەقیقەت بلێم. سامات هەر ڕایئەکرد بێ‌ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، لـە پێچـەکەدا ون بـوو. هـەڵم کـردە سـەر گـا بـەردێك سـەیرم

ئەكرد. چاوم لە سامات بوو گەیشتە بایتیمێر كە لەسەر جادەكە كاری ئـەكرد و خـۆی دا بـە سـەریا. بـایتیمێر چـوار مشـقی دانیشـت و كردیـە باوەشی و دەستی كردە ملی. منالّەكەش هەردوو دەستی توند ئالاندە ملی و بەترسەوە بەرەو لای من ئەیڕوانی. ئنجا بایتیمێر دەسـتی گـرت و خەرماشەكەی خستە سەر شانی و بەیەكەوە بەرێگاكەدا ئەڕۆیشـتن. پیـاوێكی گـەورەو منـالێكی بچـكۆلە . زۆر لەپشـت گـا بەردەكـەوە خـۆم حەشاردا، دوایی گەڕامەوە بۆ لای لۆریە منالآنەكە كە لە چالّەكەدا لەسەر پشت كەوتبوو، پێچكەكانی كەوتبووە ئاسمان. فرمێسك بەسـەر دەم و چاوما هەلّوەری. بە لۆریە گەورەكـەمم ووت (ئەمـە كـوڕ تاییەكەیـە ). بـۆ نیتەكـەم سـڕی، هەسـتم بـە گـەرمی مەكینەكـە كـرد. لۆریـە كۆنـە ئازیزەكەم!. شاهیدە كەڕو لآلّەكەی دواین بەیەك گەیشتنم لەگەلّ كوڕەكەمدا.

ئەلیاس هەستا و رووی كردە دەربەندەكە، لەناو دەرگاكەدا ووتی :

- ئەمەوێ تۆزێ هەوای پاك هەلّمژم.

من لە فارگۆنەكەدا مامەوە، ئاسمانی رەنگ زەرد لە پشت پەنجەرەكەوە بە هێلّێكی سپی ئەكشا. دار تەلی تەلەفونەكان بەو بـەری بەیانـە وەك تارمایی بەدوای یەكدا رایان ئەكرد. ئێستا ئیتر ئەتوانین گلّۆپ بكوژێنینەوە.

لەسەر جێگاكەم ڕاكشام، بیرم لەوە ئەكردەوە ئەوە بە ئەلیاس بلّێم كەمن ئەیزانم و ئەو نایزانێ ؟.بەلآم نەهاتەوەو هیچم پێ نەوت.

دەرفەتی ئەوەم بۆ رەخسا كە پسپۆڕی رێگا، بایتیمێر بناسم. لە هەمان كاتدا كە ئەلیاس زانی بووی ئاسیل و كوڕەكـەی لـە دەربەندەكـەدا بەیەكەوە ئەژین.وەفدێكی كرێكارانی رێگـاو بـانی كـەرگیزیا ئەچـوون بـۆ پـامیر، بـەو بۆنەیـەوە ڕۆژنامـەی (كۆمـاریی ) تـاجیكی رایسـپاربووم دەربارەی كرێكارانی كەرگیزی رێگاوبانە چیاییەكان راپۆرتێك بنووسم.

بایتیمێر كۆلّۆف لە ئەندامانی وەفدەكە بوو، هەروەك یەكێك بوو لە چاكترین پسپسۆڕەكانی رێگاوبـان.چـوم بـۆ دۆلـۆن بـۆ ئـەوەی بـایتیمێر بناسم و بیدوێنم.بە شێوەیەكی چاوەڕوان نەكراو بەیەك گەیشتین. بەلآم لە سەرەتاوە بۆ مـن سـەركەوتوبو.. كرێكارێـك كـە ئالآیـەكی سـووری بەدەستەوە بو لە جێیەكی دەربەندەكەدا پاصـەكەمانی ڕاگـرت. دەركـەوت لـەو كاتـەدا بەشـێك لـە رێگاكـە هەرەسـی هێنـا بـوو و كرێكـارانی رێگاوبان دەست بەجێ خەریكی پاكردنەوەی بون.

لە پاصەكە دابەزیم و رووم كردە شوێنی هەرەسەكە. بلّدۆزەرێك لە لێژێكەوە خۆلّی ئەكردە خوارەوە، لەو شوێنانەشدا كە نەیئـەتوانی پـێچ بكاتەوە، كرێكار بە پاچ و خاكەناز خۆلّەكەیان لائـەبرد. لـەو كاتـەدا كابرایـەك هاتـە پێشـەوە، جلێكـی مشـەماو پێلآوێكـی ئەسـتووری درێـژی پۆشیبوو، بەسەر ئۆتۆمبیلێكی بلّدۆزەوە كەفەرمانی ئەدا بە شۆفێرەكەی:

-بەلای چەپدا !تۆزێكی تر برۆ.. بەسەر ئەوگلّەدا برۆ !ئاوا بوەستە ! وەرە دواوە.

رێگاكە كرایەوە،خۆلّەكە لابرا. ئۆتۆمبیلەكان لە پەلە پەلیدا لە هەردوو دیوەوە دەستیان كـرد بـە هـۆڕین لێـدان و هاواریـان ئـەكرد رێگاكـە بەردەن، لە كاتیكا كابرا مشەما لەبەرەكە بـێ ئـەوەی گـوێ بداتـە ئـەو هەرایـە بـە هێمنـی فەرمانـەكانی دەر ئـەكرد و بلدۆزەرەكـەی بەسـەر خۆلەكەدا ئەهێنا و ئەبرد و تەختی ئەكرد.

لە دلّی خۆمدا ووتم ( من بزانم ئەمە بایتیمێرە، بەم كارامەییە ئیش دەكات). بەهەلّە نەچوو بووم، بەڕاستی بایتیمێر كۆلۆڤ بوو.

سەرەنجام رێگاكە كرایەوە، ئۆتۆمبیل لە هەردوو دیوەوە جوولآن.

بایتیمێر پێی ووتم :

- پاصەكە برۆ.. تۆ بۆ ماویتەتەوە ؟.

—بۆ لای تۆ هاتووم.

بایتیمێر بەلایەوە سەیر نەبوو بەلّكو بەنەفس بەرزی و ساكاری تەوقەی لەگەلّ كردم:

—پیخۆش حالّبووم میوانداریت بكەم.

بەو زاراوەی رێزگرتنەی كە لە نێوان دۆست و ناسیاواندایە پیم ووت:

—من ئیشم بە تۆیە، باكە، تۆ ئەزانی دەستەیەك لە كرێكارانی ریگاوبان لە رۆلّەكانی كۆمارەكەمان ئەبێ بچن بۆ تاجیكستان ؟.

— بەلّێ بیستوومە.

— زۆر چاكە، ئەمەوێت پێش ئەوەی سەفەر بكەی بۆ پامیر لەگەلّت بدوێم.

لە كاتێكا من مەبەستی هاتنەكـەم بـۆ روون ئـەكردەوە بـایتیمێر زیـاتر رووی گـرژ ئـەكردو بـە تێڕامانـەوە دەسـتی ئـەهێنا بـە سمێلّـە رەشـە

زبرەكەیداو وتی:

– هاتویت بە خێر بێی، بەلام من ناچم بۆ پامیر، لەبەر ئەوە پێویست ناكات هیچم لەسەر بنووسی.

–بەلام لەبەر چی؟.. ئیشێكت هەیە یان مەسەلەی ماڵ و منالە ؟.

–ئیشی من ڕێگاو بانە وەك خۆت ئەیبینی، بەلام لەمالەوە .... بێدەنگ بوو، جگەرەیەكی دەرهێنا:بێگومان لە مالیشەوە ئیشم هەیە، وەكو هەموو كەسێكی تر و خێزانیش... بەلام ناچم بۆ پامیر.

دەستم كرد بە باسكردن و قەناعەت پێكردنی كە چەند گرنگە لە نێوان ئەندامانی وەفدی پسپۆرانی ڕێگاو باندا بێت. بایتیمێر دیار بوو وەك ڕەوشت و ڕێز لێگرتنم گوێی لێ ئەگرتم، بەلام من بۆم ڕازی نەكرا. زۆر بێزار بووم، هۆكارێكی لە بارم نە دۆزییەوە بۆ نزیك بوونەوە لەم پیاوە. لەبەر ئەوە ئەبوایە بە هەگبەی بەتالەوە بگەڕێمەوەو ئەركەكەی ڕۆژنامەكە بە ئەنجام نەگەیەنم.

–چار چیە !.. باشە داوای لێبووردن ئەكەم.. من هەر ئۆتۆمبێلێك هەلم بگرێت ئەبێ بگەڕێمەوە.

بایتیمێر بەووردی و بە دوو چاوی هێمنی زرنگەوە سەیری ئەكردم و زەردەخەنەیەك بە ژێر سمێلیا بلاو بووبوەوە.

–:كەرگیزیەكانی خەلكی شار داب و نەریتەكانیان لەبیر چۆتەوە.. من لای خۆی ماڵ و خێزان و دەستوری كۆنم هەیە , مادەم تەشریفت هێناوە سبەینێ لە مالی ئێمەوە دەرچۆ، نەك لەم جادەیەوە.. وەرە با بتبەمەوە بۆلای ژن و كوڕەكەم و..دلگران مەبە من ئەبێ پێش ئەوەی تاریك دابێت ڕێگاكە بپشكنم. زۆرم.. پێ ناچێت، ئیشەكەی من وایە.

داوام لێكرد

– پەلە مەكە، باكە، با منیش لەم پشكنینەدا لەگەلتابم. بایتیمێر بە ئەزموونەوە چاوەكانی هێنایەوە یەك و سەیرێكی پۆشاكە شاریەكەی كردم.

–وابزانم ناڕەحەتە لەگەل منا بگەڕێی چونكە ڕێگاكە دووروو پێچاو پێچە.

–قەیناكات.

ڕۆیشتین. لای هەموو ئاو پەڕو پێچێكا وەستاین، سەیری هەموو دۆلێك و..هەموو گابەردێكی خزاومان بەسەركردەوە و وتووێژیشمان ئەكرد. تا ئێستاش نازانم بەچ شتێك و بە كام ووشەو بە چی شێوەیەك چوومە دلی بایتیمێر و سیقەی پێكردم و هەموو ژیانی خۆی و مێژووی خێزانەكەی بۆ باسكردم.

## چیرۆكی پسپۆری ڕێگاو بانەكە

-پرسیارت لێكردم بۆچی ئامادەنەبووم بچم بۆ پامیر؟!.. من خۆم كەرگیزیم و خەلكی پامیرم و ئێستا لێرە لە تیان شانم.. لەو كاتەوەی منال بووم و خۆم بینیوەتەوە لە دروستكردنی ڕێگای پامیرا ئیش ئەكەم. ئەو كاتەی دەولەت بانگەوازی كرد، لەگەل كۆمەلێ لاودا خۆبەخش بووم.. زۆر بە دل گەرمی و خۆشیەوە كارمان ئەكرد.. لەبەر ئەوەی ڕێگای پامیر هەلەت و ڕكەی تێئەكەوت و ئەبوایە ببڕایە، بووم بە یەكێك

لە كرێكارە بەرد بڕەكان و چەند خەلاَت و پاداشت كرام..

ئەوە هەر بەو بۆنەیەوە باسی ئەكەم. لەو شوێنەدا كچێكم دی، خۆشم ویست و كەوتمەداوی دلَداریەوە.. كچێكی جوانی چاكی زیرەك بوو، لە گوندەكەی خۆیەوە هاتبوو بۆ ئیش كردن. ئەو سەردەمە ئەوە بۆ كچێكی كەرگیزی كارێكی ئاسان نەبوو. هەتا ئێستاش هەر بە ئاسانی ڕێ بە كچ نادرێت كار بكات. خۆت ئەزانی داب و نەریت هەتا ئێستەش ڕێگرە. سالێك بەسەر چوو.. ڕێگاكە لە تەواو بووندا بوو، ئیتر پێویستی بەدەستەیەك بوو بۆ چاك ڕاگرتنی. دروستكردنی ڕێگا كارێكی هەرەوەزیە، بەلام پارێزگاری كردنی ئەوێت. ئەندازیارێكمان هەبوو ناوی حسەینۆڤ بوو، هەتا ئێستاش لە بواری چاكسازی ڕێگاو باندا كار ئەكات و پسپۆڕێكی لێوەشاوەیە. دۆستایەتی لە نێوانمان دا دروست بوو. پێشنیاری كرد بچمە خولێكی ڕاهینانەوە..

پێم وابوو گولَبارە چاوەڕێم ناكات، ئەترساین دایك و باوكی بیبەنەوە بۆ ئاوایی، بەلاَم چاوەڕوانی كردم و زەماوەندمان كرد. لەوێ، لەبنكە ڕێكە ماینەوە.. بەخۆشی و كامەرانی و یەكتری خۆشویستن ئەژیایین. ئەبێ ئەوەش بلَێین خێزانێكی تەباو ژنێكی باش، شتێكی زۆر پێویستە، بەتایبەتی بۆ كرێكارانی ڕێگاوبان كە لەشاخ و دۆڵ و دەربەنا ئەژین. دوایی هەستم بەوەكرد، من كە پیشەكەی خۆم بۆهەمیشە خۆش ئەوێت بەشێكی زۆری هۆكارەكەی ئەگەڕێتەوە بۆ ژنەكەم.

كچێكمان بوو دواتریش كچێكی تر و ئالەوكاتەدا جەنگ هەلگیرسا. ڕێگای پامیر بوو بەڕوبارێكی دوای بارانێكی لێزمە.. هەر شەپۆلی خەلَك بوو بەلێشاو ئەهاتە خوارەوە پەیوەندی بكات بەسوپاوە. نۆرەی منیش هات. بەیانیەك هەموومان لەماڵ هاتینە دەرەوە بۆسەر ڕێگاكە، كچە بچكۆلەكەمم كردبوە باوەش و ئەوی تریان لەتەنیشتمەوە ئەڕۆیشت و دەستی گرتبوو بەپالَتۆكەمەوە. بەستەزمان گولَبارەی خۆشەویست! دانی بەخۆیا گرتبوو، هەولَی ئەدا خۆی ڕابگرێت، جانتا سەربازییەكەمی هەلَگرتبوو، بەلاَم من ئەمزانی چەند ناڕەحەت ئەبێ بۆی لەو شاخەدا بەدوو منالَەوە لەبنكەڕێیەكی چۆڵ و هۆلَدا بژی.. ویستم بیبەمەوە بۆلای كەس و كارم، بەلاَم گولَبارە بەدلَی نەبوو ووتی: ئەیبەینە سەر! چاوەڕێت ئەكەین.. ناشكرێ ئەم ڕێیە بێ چاودێریی بێ. ئەوە دواجاربوو لەگوێی ڕێگاكە بەیەكەوە وەستاین. سەیری ژنەكەم و هەردوو كچەكەمم كرد و مالَئاوایم لێكردن. ئەوكاتە من و گولَبارە لەهەڕەتی گەنجیدا بوین و ژیانمان لەسەرەتادا بوو. من بەر بەتالیۆنی ئەندازیاریی كەوتم، لەگۆڕەپانی جەنگدا چەندین ڕێگاو پرد و بوارمان دروست كرد. لەژمارە نایەت! لە( دۆن) و (ڤینۆلا) و( دانوب) پەڕینەوە.. لەئاوی بەفراوا تەزین و.. لەئاگر و دوكەلاَ هەلَقرچاین. گوللە و تۆپ لەدەورمان تەقییەوەو پردی ڕوخان و خەلَكی كوشت، تۆش وات هەست ئەكرد لەوە زیاتر بەرگە ناگریت ،ئاواتە خوازبویت زوتر بكوژرێیت و ڕزگارت بێ، بەلاَم كە بیرت ئەكردەوە خێزانێكت هەیەو لەو شاخە چاوەڕێت ئەكات دووئەوەندە هێزت ئەهاتەوە بەر: نا، نەخێر، من لەپامیرەوە بۆئەوە نەهاتوم لەژێر پردێكا بكوژرێم.

سیمەكەی كە پارچەكانی پردەكەی ئەبەست بەیەكەوە بەدان ئەمگرت، بەلاَم ورەم بەرنەئەداو نەئەڕوخام.. نەشكوژرام و هەتا بەرلینیش ڕۆشتم. ژنەكەم زۆر جار نامەی بۆ ئەناردم، چونكە پۆستەكە بەلای مالَی ئێمەدا لەبنكە ڕێكەوە ئەهات. هەموو شتێكی بەدوور و درێژیی بۆئەنوسیم، هەتا دەربارەی ڕێگاكەش. ئەو لەجێی من كرابوو بەچاودێر. ئەمزانی ئەوە كارێكی ناڕەحەتە بۆ ئەو چونكە ڕێگاكە ڕێگایەكی ئاسایی نەبوو بەلَكو ڕێگەی چیای پامیر بوو!.

هەتا بەهاری سالَی 1945 هالَ و هەوالَیم لێ نەبڕا.. لەپڕ هەوالَی نەما!. ئاشكرایە لەبەرەی جەنگدا هەموو شتێك ڕوئەدات. دلَخۆشی خۆمم ئەدایەوە. ڕۆژێك بانگ كرام بۆدەستەی فەرماندەیی بەتالیۆن و پێیان ووتم: نائیب عەریف تۆ بەشی خۆت بەسەركەوتویی جەنگایت، ئەم میدالَ و سوپاسنامانەمان لێ وەربگرەو بگەڕێرەوە بۆ نیشتمان، چونكە ئێستا تۆ لەوێ پێویست تری. زۆرم پێ خۆش بوو، هەتا بروسكەیەكم كرد بۆ مالَەوە، لەخۆشیدا بیرم لەوە نەكردبوەوەبۆچی پێش كاتی خۆی ڕێگایان دام بگەڕێمەوە!. كاتێك لەشەمەندەفەرەكە دابەزیم بڕیارم دا جارێ نەچم بۆ فەرمانگەی تۆمارگەی سەربازیی. كات زۆرە دوای ئەوە ناوی خۆم لیست بكەم، بەلَكو ڕاست بڕۆمەوە بۆ مالَەوە.. بۆمالَەوە!!. بەپەلە لۆرییەك هەلَیگرتم و سواری ڕێگای پامیر بوین، ئاواتم ئەخواست دوو بالَم هەبوایە.. ڕۆشتنەكە هێواش دیار بوو لەچاو ئەوزرێپۆشانەی كە لەبەرەكانی جەنگدا سواریان ئەبوم، هاوارم لە شۆفێرەكە كرد —: پیێ لێ داگرە برا! چی هێز لەو ئوتومبێلە كۆنەدا ماوە بیگوشە، من بۆمالَەوە ئەڕۆمەوە. نزیك كەوتینەوە، بنكە ڕێكە لەپشت ئەو پێچەوەیە!. ئارامم لەبەر بڕا، لەلۆریەكەوە خۆم هەلَدا..جانتاكەم دا بەشانمدا و ڕامكرد.. بەڕاكردن لە پێچەكە چووم بەودیوا، بەلاَم شوێنەكەم نەناسیەوە!. هەموو شتێك لەشوێنی خۆیەتی.. شاخەكان لەگەلَ ڕێگاكەدا!.. بەلاَم یەك خانوی لێ نەماوە.. زیندەوەرێكی لێ نیێە.. هیچ شتێك نەماوە، كەلَەكە بەرد و كەلاوە نەبێت. خانوەكەی ئێمە تەنیا

ماڵ بوو لە بن شاخەكەدا. دۆڵەكە لەوێدا تەنگ بوو. سەیرێكی شاخەكەم كرد، بروسكەیەك دای لەتەوقی سـەرم! هەرەسـێكی بـەفر ڕویـداوە و هەرچی لەسەر ڕێ یا بـوبێ لەسـەر زەوی لەگـەڵ خۆیـا ڕایمـاڵیوە و هیچـی نەهێشـتوە. وەكـو گاسـنێكی زەبـەلاح لەشـاخەكە دەرپـەڕیبێ و بنارەكەی كێڵا بێ و خۆڵەكەی كردبێتە دۆڵەكەوەو خەرەندێكی قوڵی هەڵكەندبێ تا دامێنی دۆڵەكە.

ژنەكەم لەدوا نامەیدا بۆی نوسیبوم كە بەفر و بارانێكی زۆر لـەپڕ دایكـردوە و ئـەبێ شـەختەكان لـەكاتێكی لـەبارا لـەت بكـرێن و بهێنرێنـە خوارەوە، بەڵام ئەوە كەی ئیشی ژنە ؟!. ئاوا هاتمەوە بۆماڵەوە... هەزاران جـار ڕوبـەڕوی مـردن بومـەوە و بەزینـدوی لـەدۆزەخ هاتمـەوە ! بەڵام ئەوان ... ئەوان لەوانەیە هەر نەبوبن. وەستابووم و جوڵەم لێ بڕابوو ئەمویست هاوار بكەم و بقیـژێنم تـا شـاخەكان دێنـە لـەرزین، بـەڵام نەمتوانی. هەموو شتێك لەناخما بوبو بەبەرد. من ئیتر زیندوو نەبووم!. جانتاكەم لەسـەر شـانم خـزا و كەوتـە بـەرپێم لەسـەر زەوییەكـە. وازم لێهێنا لەویا بكەوێ. هەندێك دیاری و پاكەتێك شیرینی تیابو بـۆ هـەردوو كچـەكەم و ژنەكـەم هێنـابوو. زۆر لـە سـەر ڕێگاكـە وەسـتام، وەكـو چاوەرێ بم موعجیزەیەك ڕوبدات.. ئینجا ڕوم وەرگێڕاو ڕۆشتم، جارێكی تـر وەسـتامەوە و هەڵمڕوانییـەوە بـە شـاخەكاندا، وادیـار بـوو بـەرد بەرئەبێتەوە و گەلە كۆمەكییان كردوە و بەرەو لای من دێنـە خـوارەوە پـەلامارم بـدەن. هـاوارم كـرد و تـاهێزم تیـابوو ڕامكـرد بۆئـەوەی دور كەومەوە ... دوركەومەوە لەم خاكە نەفرەت لێ كراوە!. دامە پڕمەی گریان. لەبیرم نی‌یە چۆن و بۆكـوێ چـووم، ئەوەنـدە ئـەزانم سـەرەنجام خۆم لەوێستگەی شەمەندەفەر بینیەوە. وەكو شێت خۆم ئەكرد بەناو خەڵكەكـەدا، لـەپڕ گـوێم لێبـوو یـەكێك بـەناوی خۆمـەوە بـانگم ئـەكات. سەیرم كرد حسەینۆڤە، تەسریح بوەو ئەچێتەوە بۆماڵـەوە. هـەموو شـتێكم بۆگێڕایـەوە. لێی پرسـیم: ئـەی ئێسـتا بۆكـوێ ئەچـیت ؟!. ووتم نازانم. وتی: ئەمە شتێكی خراپە، تۆ هەوڵبدە بێیتەوە سەرخۆت.. من نایەڵم تۆ بەتەنیا سەری خۆت هەڵبگریت، وەرە لەگەڵ مـن بـابڕۆین بـۆ تیان شان. ئاوا هاتمە ئێرە!!..

ساڵەكانی بەرایی لەدروستكردنی پردا كارم ئەكرد. كاتی ئەوە هات لەئیشێكدا بەهەمیشەیی جێگیر بم. ئەوكاتە حسەینۆڤ لەوەزارەت كـاری ئەكرد، زۆر جـار سـەری لێئـەدام و داوای لێ ئـەكردم بگەڕێمـەوە سـەر ئیشـە كۆنەكـەی خـۆم و وەك (ڕێگـاوان) لەبنەكەرێكـە. نیـازم نـەبوو. ئەترسام، لێرە لەجێی پڕۆژەكە بەتەنیا نەبووم و لەگەڵ خەڵكی ترا ئەژیام كە ئاسانتر بەرگەی خەمەكانم ئەگرت، بـەڵام ئـەوەیان ئیشـێك بـوو بەتەنیا ئەبوم، لەوانەیە ببێتە هۆی كەمتەرخەمیم، چونكە هێشتا لەكۆستەكەم ڕاسـت نەبوبومـەوە و ڕابـوردو هێشـتا لەبـەر چـاوم زینـدووبوو، وەكو ئەوەی ژیانم لەوێ كۆتایی بێت و پاشەرۆژ هیچی پێ نەبێت بۆم!. بیرۆكەی ژنهێنانەوە هـەرگیز بەمێشـكمدا نەئـەهات چـونكە گوڵبـارەو دوو كچەكە چكۆلەكەمم زۆر خۆش ئەویسـت، لـەو بڕوایـەدا بـووم هـیچ شـتێك و هـیچ كەسـێك ناتوانێـت جێیـان بگرێتـەوە. ژن بێنمـەوە تـەنیا بۆئەوەی لەگەڵ ژنێكا بژیم؟!. ئەوە پێوەری من نی‌یـە بـۆ كامـەرانیی! لەبـەر ئـەوە باشـتر وابـوو بەتـەنیا بم. بـەڵام بڕیارمـدا وەكـو ڕێگـاوان بگەڕێمەوە بنكە ڕێیەكەو هەوڵێكی تازە بدەم.

كرام بە لێپرسراوی ئەم بەشە، كەڕاسـتەوخۆ لەدەربەندەكەدایـە. ئـەویش زۆر خـراپ نـەبوو. وردە وردە ئاشـنای بـووم و لەگـەڵی ڕاهـاتم. لەوانەیە هی ئەوە بێت ئەم بەشەی ڕێگاكە گیروگرفتاوییە. خۆت ئـەزانی دەربەنـدە.. ئیـتر، بـەڵام مـن حـەزم ئـەكرد وابێـت! چـونكە، كـات، خەمەكانی لەبیر ئەبردمەوە. هەندێ جـار خـەونم ئـەبینی، جارێكیـان لەخـەوما بوبـوم بەبـەرد و لـەویا چـەقیبوم! ئەمڕوانیـە ئـەو شـوێنەكەی ماڵەكەمی لێ بوو، هەستم ئەكرد جانتاكەم لەشانم دائەخزێ ... بەیانیان دوای یەكێك لەوخەونانە زوو دەرئەپەڕیم بۆسەر ڕێگاكەو نەئەهاتمـەوە تا تاریك دائەهات. هەموو ئەوماوەیە بەتەنیا بووم.. ڕاستە هەندێ جار ڕائـەمام، لەوانەیـە جـارێكی تـر كامـەرانی ببینمـەوە، ، تـۆ بڵـێی ... جارێكی تر ببینمەوە؟!. لەوكاتەدا كەمتر پێشبینیم ئەكرد.. كامەرانییەكی ناڕەحەت و بێ متمانە!!.

نزیكەی چوار ساڵ لەمەوبەر دایكی دراوسێیەكم نەخۆش بوو، پیاوەكە بەهۆی ئیش و كارو ماڵ و منداڵێكی زۆرەوە كاتی ئەوەی نەبوو بیبات بۆلای دكتۆر. پیرە ژنەكە ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر ئەبوو.. بڕیارم دا بەلۆریەك كە لەوكاتەدا هەندێ شتی هێنابوو بۆ بنكە ڕێكە بیبەم بـۆلای دكتـۆر. دكتۆرەكان زۆریان ووت ئەبێ لەنەخۆشخانە بمێنێتەوە بەڵام ئـەو نەیبیسـت. ووتـی ئەمـەوێ لەماڵـەوە بمـرم.. بمبـەرەوە ئـەگینا نـەفرەتت لێ ئەكەم. لەبەر ئەوە سوار بووین و گەڕاینەوە. تازە تاریك داهـاتبوو، تـۆزێ كەوتبوینـە پشـت بارخانەكـەوە. شـۆفێرەكە وەسـتاو گـوێم لێ بـوو لەیەكێكی ئەپرسی بۆكوێ ئەڕۆی؟.. دەنگی ژنێك وەڵامـی دایـەوە. شـۆفێرەكەش وتـی : زۆر چـاكە، سـەركەوە. ئـافرەتێكی گـەنج منـاڵێكی بەباوەشەوە بوو لەگەڵ بوخچەیەكی بچكۆلەدا. بەتەنیشـتەكەدا هاتـە دوای لۆریەكـەوە، دەسـتم گـرت و سـەرم خسـت.. شـوێنەكەی خـۆم بـۆ چـۆڵكرد كەلـە پشـت قەمەرەكـەوە بـوو، بـا، كـەمتر ئەیگرتـەوە، خۆشـم لەسوچـێكدا خـۆم مـەڵاس دا.. سـەرمایەكی كوشـندە بـوو لەگـەڵ

ڕەشەبایەكی تەڕ كەڕاستەوخۆ ئەیپێكای. منالّەكە دەستی كرد بەگریان. دایكەكەی ڕایژەندو تۆزیّ بەقوربان و بەساقەی بوو بەلاّم منالّەكە ژێر نەبوەوە. ئەبیّ چارێكی بكریّ! نەمئەتوانی بینێرمە پێشەوە چونكە پیرە ژنە نەخۆشەكەی تیا بوو، دەستێكم دا بەشانیداو ووتم: بیدە بەمن.. بەلّكو لای من ژێر بێتەوە، تۆش تۆزێك دابەزە خوارتر با كە كەمتر لێت ئەدات. منالّەكەم خستە ژێر پالّتۆ كەولّە مەڕەكەمەوەو گوشیم بەخۆمەوە. بێدەنگ بوو و نوست. منالّێكی بچكۆلەی جوانكیلە بوو، تەمەنی نزیكەی دە مانگێك ئەبوو، نوساندبووم بەلای چەپمەوە، لەپڕ دلّم وەكو بالّندەیەكی بریندار كەوتە ترپە ترپ و بالّە تەپیّ! تاڕادەیەك هەستێكی شیرینی پیّ بەخشیم. لەدلّی خۆمدا ووتم بلّێی جارێكی تر من نەبمەوە بە باوك ؟!. كاتێك كە مەلۆتكەكە بیّ ئەوە مێشێك میوانی بێت لەباخەلّما خەپەرەی كردبوو، لەژنەكەم پرسی: كوڕە؟. سەری لەقاند. سەیرم كرد بەستەزمانە لەسەرمادا تەزیوە. چاكەتەكەی بەری یەكجار تەنك بوو. زستانان ئەم بارانگیرەم لەسەر كەولّە مەڕەكەمەوە لەبەر ئەكرد، ئەوەم لەبەرا نەبوایە ئیشم بۆنەئەكرا، قۆلّێكیانم بەمنالّەكەوە بوو، قۆلّەكەی ترم داكەند و بۆئەوم ڕاخست

— ئەو قۆلّە ڕاكێشە بۆخۆت كچیّ بارەق نەبیتەوە !. وەلاّمی دایەوە:

— نا،نا، خۆت سەغلّەت مەكە برا.

— ڕایكێشە با باكە لێت نەدا.

— زۆرم لێكرد تا خۆی پێچا لە بارانگیرەكەوە، منیش دامێنەكەم ئالاّند لەقاچ و قولیەوە.

— تۆزیّ گەرم بویتەوە ؟.

— بەلّیّ.

— بۆبەم درەنگ وەختە دەرچویت؟.

— وەزعەكەم وابوو!. بەنەرمی وەلاّمی دامەوە.

— لەوكاتەدا بەدۆلّەكەدا ئەڕۆشتین، بەپالّ نیشتەجیّی كرێكارانی كان —ەكاندا، هەموو نوستبون، پەنجەرەكان هەموویان تاریك بون، برێك سەگەل بەوەڕین دوامان كەوتبون. شتێك هات بەخەیالّما: باشە بۆكویّ ئەچێت؟!. لەبەر هەندیّ هۆ، وامئەزانی لێرە دائەبەزێت، چونكە لێرە بەدواوە شوێنێكی تر نییە بۆی بچێت، جگە لەدەربەندەكەو بنكە ڕیّكەی ئێمە.

— پێم وایە لێرە دائەبەزیت ؟. دام بەسەری لۆریەكەدا. زۆری نەماوە بۆ دەربەندەكەو لۆریەكە لەوە زیاتر ناڕوات. پرسیاری كرد: ئەی ئەمە ئاوەدانییە؟!.

— ئێرە نیشتەجیّی كرێكاری كانەكانە... ئەی تۆ بۆئێرە ناچیت؟.

— بەلّیّ با..با. بەشلّەژاوییەوە وەلاّمی دامەوەو بەپەلە هەستایە سەرپیّ، بارانگیرەكەی دامەوەو منالّەكەی كردە باوەشی. كوڕەكە دەستبەجیّ دەستی كردەوە بە زریكە. ئەم ماستە مویەكی تیایە! ئەم ئافرەتە لیّی قەوماوە! ڕاست نییە بێلّم بەم تاریكەو بەم سەرمایە بە تەنیا بڕوات!. بیّ چەند و چون پێم ووت: تۆ هیچ شوێنێك شك نابەیت بۆی بچیت! خراپ لێم تێمەگە ئەو منالّەم بەریّ!. منالّەكەم بەزۆر لەباوەشی دەرهێنا.: مەلّیّ نا، ئەم شەو لای ئێمە بنوو لە بنكەڕیّ كە.. ئیتر سبەینیّ ئارەزووی خۆتە. باشە دادە؟!! بەشۆفێرەكەم ووت هیچ نییە بڕۆ. ئەو ڕۆشت و ژنەكە لەجیّی خۆی دانیشتەوە، هەردوو دەستی گرت بەدەموچاوییەوە بیّ ئەوەی هیچ بلّیّ.. وابزانم ئەگریا.

— مەترسە! من نیازێكی خراپم پێت نییە. من ڕێگاوانم، ناوم بایتیمێر كۆلۆڤە .. دلّنیابەو دلّت هیچ نەكات.

لای خۆم دامبەزاند. ژورێكی بچكۆلەی چۆلّمان هەبوو لەحەوشەكەدا، جێیەكەم بۆخۆم بردە ئەویّ. خەوم نەئەهات. مەسەلەكەم لە مێشكی خۆما تاوتویّ ئەكرد. دلّتەنگی كردم. خۆ تێهەلّقورتاندنم پیّ جوان نەبوو. من بەش بەحالّی خۆم ڕقم لەو كەسانەیە خۆیان لەكاروباری خەلّكی تر هەلّئەقورتێنن. چاریش نییە! ناچارم هەر ئەبێت پرسیارێك یان دوانی لێبكەم، بەلّكو پێویستی بەهاوكارییەك بێت. بەوشكی و ناچاری و نابەدلّی وەلاّمی پرسیارەكانی دامەوە. بەلاّم خۆم ئەو شتانە تێگەیشتم كە باسی نەكردن. تا وشەیەكی ئاشكرا ئەكرد دەی تری ئەشاردەوە. تۆراوە!.. مالّ و مێردی بەجێهێشتوەو سەری خۆی هەلّگرتوە. دیار بوو فریشتەیەكی نەفس بەرز و خۆنەشكێن بوو. هەستم كرد خەفەت بارەو ئازار ئەچێژیّ بەلاّم دەری نابڕیّ. چاك ئەكات، هەمو مرۆڤێك بەو جۆرە هەلّس و كەوت ئەكات كە خۆی بەڕاستی ئەزانێت.. خۆی باشتر ئەزانێت!. بەلاّم هەر بەزەییم پیایدا ئەهاتەوە: ژنێك بەو گەنجی و وناسكییە ئەتوت گەورە كچە، وەكو پیاوێكی بەڕێزی تێگەشتوو منی

چووبوو بەدڵا، پیاو چۆن ئەتوانێ وازی لێبێنێت بڕوا!. هەرچەندە ئەوكێشەی لەگەڵ مێردی خۆیدا هەیە. بەیانی یەكەم لۆری هات سواری ئەكەم. خوا حافیزیی لێ ئەكەم.

ئەو ڕۆژە یەكجار ماندوو بووم، یەكسەر خەوم لێكەوت، لەخەوما بەلۆرییەك ئەچم بۆ جێیەك، منالێك لەژێر پاڵتۆ كەوڵە مەڕەكەمایە، لەسەرمادا توند خۆی توند كردوە لەسەر دڵم. دەمەو بەیان هەستام چووم پشكنینەكەم كرد و بەپەلە هاتمەوە. بڵێی میوانەكانم چۆن بن؟!. بە هێواشی بۆئەوەی خەبەریان نەكەمەوە ئاگرەكەم كردەوە، سەماوەرەكەم ئامادەكرد، هەستم كرد ئەویش هەستاوەو خۆی ئامادەكردوە بۆ ڕۆیشتن. زۆر سوپاسی كردم كە یارمەتیم داوون بەلاّم سوێندم لێ خوارد تا چاكە نەكولێ و چانەخوات نارۆن. هاوڕێ بچكۆلەكەی سەفەرەكەی دوێنێ شەوم دەركەوت منالێكی زۆر ڕوخۆشە. گەمەم كرد لەگەڵیا.. هەتا بڵێی بەزمی خۆش بوو!. بەدەم چا خواردنەوە لێم پرسی: ئەتەوێت بۆكوێ بچیت؟. تۆزێ بیری كردەوەو ووتی: ریباچێ.

– ماڵی باوكت لەوێیە.. ؟.

–نەخێر، لەدێیەكن لەپشت تۆسۆر–ەوە.

– ئۆە! جاخۆ ئەوە ئەبێ دووسێ قۆناغ دابەزیت و سوار بیتەوە.. زۆر ناڕەحەتەو لەوانەشە لۆریت دەست نەكەوێ.

–بەڵێ، بەس خۆ ئێمە ناچینەوە بۆئەوێ.. ناتوانم بچمەوە ماڵی باوكم.

بە خەمۆكییەوە سەیرێكی كوڕەكەی كرد.. كارێكم نەكردوە بتوانم ڕویان تێبكەم!. یەكسەر بیرم بۆئەوە چوو بەبێ ڕەزامەندی دایك و باوكی شوی كردبێ وەكو دواتریش بۆم دەركەوت وایە.. ئەیویست بچێتە سەر جادەكەو بوەستێ تا لۆریەك دێت. بەلاّم ڕازیم كرد نەڕوات و ئەوان لەماڵەوە بن، من بچم لۆریەكیان بۆبگرم. چونكە كزە بایەكی ساردی ئەهات و لەدەرەوە منالەكە سەرمای ئەبوو. ئەتوت بێگارم پێئەكەن، یەكجار دڵتەنگ و شپرزەو شڵەژاو بووم، كەبیرم ئەكردەوە چەند دەقیقەیەكی تر ئەڕۆن و من جارێكی تریش سەر لەنوێ تەنیا ئەكەومەوە.

سەرەتا لۆریم دەست نەكەوت بەرەو ئەوێ بڕوات، دوایی یەكێك هات، دەستم لێ ڕانەگرت، ترسام!. ئەرێ من بۆ وام كرد ؟!. لێرەوە ئازارو ئەشكەنجەم دەست پێكرد، لۆری دوای لۆری ئەهات و من گوێی خۆم لێ خەواند. لەدڵی خۆما ووتم با ئەم لۆرییە بێت ڕایئەگرم. بەلاّم دەستم بۆ بەرز نەئەكرایەوە، دەستم بەقسەی نەئەكردم. ئێستا ئەو لەوێ چاوەڕێیەو بەتەمای منە. بێزم لەخۆم ئەهاتەوە! بەلاّم بەدەست خۆم نەبوو، بەجادەكەدا ئەهاتم و ئەچوم، گرفتم نەبوو لەدۆزینەوەی بڕو بیانو: ئەو لۆرییە جامەكەی پێشەوەی شكاوەو ناوەكەی ساردە یان حەزم لەچارەی ئەو شۆفێرە نیە، سەركێش دیارە! یان لەوانەیە سەرخۆش بێت. كە لۆرییەكیش ئەهات پێشەكەی خەڵكی تیا بوو خەریك بوو لەخۆشیا هاوارم ئەكرد. هەر شتێك بێت نەیەڵێت ئێستا بڕۆن.. ئێستانا، با تاوێكی تریش لەماڵەوە بن.. پێنج دەقەی تر. لەخۆم پرسی: جا بۆكوێ ئەچێ؟!.. خۆی ووتی ناتوانێ بچێتەوە بۆ ماڵی باوكی. لە ریباچیە كێ جێی ئەكاتەوە.. خۆی و ئەو منالە؟!. ئەم زستانە ئەو منالە ئەمرێت.. ئەوە باشتر نیە لێرە بمێننەوە؟. ماوەیەك لێرە بژین.. بیر بكاتەوەو خەمەكانی بەبا بدات، لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆلای مێردەكەی، یان لەوانەیە ئەو بێت و لێرە بیدۆزیتەوە.. من حەق بو لەگەڵ خۆم بمهێنایەو سوارم بكردایەو ڕەوانەم بكردایە. سێ سەعات بەو جۆرە مامەوە. لەڕاستیدا لەخۆم بێزار بووم.. بەسە ئیتر! ئەچم خۆی ئەهێنم و بەبەرچاوی خۆیەوە لۆرییەكی بۆ ڕائەگرم. وانەبێت خۆم بەتەنیا بۆم ناكرێت. گەڕامەوە. سەیرم كرد لەو كاتەدا ئەویش لە ماڵ دێتە دەرەوە.. چەند توانیویەتی چاوەڕوانی كردوە. هەستم بە شەرمەزاری كرد، دیار بوو وەكو خۆشم هەستم ئەكرد تاوانبار دیار بووم، منجە منجێكم كرد:

–زۆرم پێ چوو؟! لۆری بەرەو ژوور نەبوو، یان هەبوو بە كاری سواربوون نەئەهات، زۆر بە داخەوەم......دڵت هیچ نەكات، بیكە بە خاتری خودا تۆزێكی تر بچۆ ماڵەوە، تكات لێ ئەكەم. بە بێتاقەتی و سەر سوڕمانەوە بە دواما هاتە ژوورەوە، بێ ئەوەی ووشەیەك بڵێ. لێی پرسیم:

–تۆ دڵت پێم ئەسوتێ...بەزەیت پیاما دێتەوە؟

نە مەسەلە ئەوە نییە، خۆت ئەزانی من ئەترسم بكەویتە ناڕەحەتیی. تۆ بە چی ئەژیت؟!.

- ئیشێك پەیدا ئەكەم.. پێشتریش ئیشم كردوە.
- لە كوێ ئیش پەیدا ئەكەی؟!

لە هەر جێیەك بێت! بەڵام ناچمەوە لای.. ناچمەوە ماڵی باوكیشم.. ئیشێك ئەدۆزمەوەو پێی ئەژیم.

چی بڵێم! وازی لە بیر كردنەوە نەهێنا لەوەی ئەیویست جێبەجێی بكات.. مەینەتی و نەفس بەرزییەكەی پاڵیان پێوە ئەنا، ئیتر گرنگ نەبوو بەلایەوە بەرەو كوێ؟.(ئیشێك ئەدۆزمەوەو پێی ئەژیم). وتن ئاسانە وەلێ كردنی وانیە، بەڵام ناتوانیت زۆر لەكەس بكەیت!.

منداڵەكە بەسەر دەستیا خۆی شۆڕكردەوە بۆلای من. لێم وەرگرت و ماچم كرد. لەدڵی خۆما ووتم: ئەی كۆرپە شیرینەكەم، ئەبێ ئێستا وازت لێبێنم برۆیت، دوای ئەوەی ئەوەندە خۆشەویست بوی لام ئەڵێی بەڕاستی كوڕی خۆمی!. بەهێمنی ووتم: هەستە بابڕۆین!. هەستاینە سەرپێ، كوڕەكەم كردە باوەش. لەدالآنەكەدا وەستام:

–ئێمە لێرە ئیشمان هەیە، ئەتوانی لێرە ئیش بكەیت و بژیت، ژورێكی بچكۆلەی سەربەخۆش هەیە. بەڕاست بۆ لێرە نابیت؟!. ماوەیەك بمێنەرەوە.. هیچ كاتێك درەنگ نییە بۆ ڕۆشتن..ئەگەر بەدڵت بوو بیرێكی لێبكەرەوە. لەسەرەتاوە ڕازی نەبوو، بەڵام سەرەنجام قەناعەتم پێكرد. بەوجۆرە ئاسیل و سامات، كوڕە بچكۆلەكەی لە بنكە ڕێكە لای من مانەوە. ژوورە بچكۆلەكەی حەوشەكە زۆر سارد بوو، زۆرم لە ئاسیل كرد خۆی و كوڕەكەی بێنە ژوورەكەی من. شتەكانی خۆم گوێزایەوە بۆ ژوورە بچكۆلەكە، ئەو ژوورە بۆ من زۆر باش بوو. لەوكاتەوە ژیانێكی جیاواز ئەژیام. لە ڕواڵەتدا هیچ شتێك نەگۆڕابو. من هێشتا تەنیا بووم بەڵام گەڕامەوە ناو ژیان. دڵم دوای ئەوەی لەو هەموو تەنیاییەدا بوبو بە شەختە، گەرمیی پێگەیشتو كردیەوە. لەڕاستیدا من پێشتریش لەخەڵك دوور نەبووم، بەڵام تەنیا ئەوەی شان بەشانی خەڵك بژیت و دۆستایەتی بكەیت، بەیەكەوە كاربكەن، یارمەتییان بدەیت و یارمەتییان لێوەربگری، بەس نییە!.. بەڵكو هەمیشە كەلەبەرێك لەژیاندا ئەمێنێتەوە، بەهیچ كام لەوانە پڕ نابێتەوە.

بەڕاستی هۆگری ئەو منداڵە بوبوم، كە دەرئەچوم بۆ پشكنین شتێكی گەرمم تێوە ئەپێچاو لەگەڵ خۆم ئەمبرد و بە درێژی ڕۆژ بەباوەشمەوە بو، هەموو كاتی بێ ئیشیم لەگەڵ ئەودا ئەبردە سەر. دراوسێكانم خەڵكی باش بوون، زۆر بەتەنگ ئاسیل و ساماتەوە ئەهاتن.. بەڵام كێ هەیە منداڵی خۆش نەوێت؟!.. ئاسیلیش ئەوەندە دڵپاك و بێ مەكر و ڕیا بوو دەستبەجێ بوو بەیەكێك لەئێمە لە بنكەڕێیەكەدا، هەربەهۆی ئەمیشەوە بوو..بەهۆی ئاسیلەوە بوو منیش ئەوەندە هۆگری منداڵەكە بووم.. شاردنەوەی بۆچییە؟ من نەمئەتوانی لەخۆمی بشارمەوە چۆن هەوڵم ئەدا، گرنگ نییە، بەڵام كەوتمە داوی خۆشەویستییەوە، هەر لەیەكەم بینینەوە خۆشم ویست، بەهەمووگیانم، بەهەموو دڵم خۆشم ویست. ئەو هەموو ساڵەی تەنیایم.. ئەو هەموو ئازارو سوێیەم، هەموو ئەو شتانەی لەدەستم چووبون، هەموویان لەو خۆشەویستیەدا توانەوەو وون بوون. بەڵام من مافی ئەوەم نییە بیدركێنم، چونكە ئەو چاوەڕوانی یەكێكی تر بوو، نیشانی نەئەدا چەند تامەزرۆیەتی بەڵام كە ئیشمان ئەكرد تێبینیم ئەكرد هەر لۆرییەك ئەهات و ئەڕۆی چۆن بەتاسەوە چاودێریی ئەكرد، هەندێ جار كوڕەكەی هەڵ ئەگرت و چەند سەعاتێك لەسەر بەردێك لەقەراغ ڕێكە دائەنیشت بەڵام ئەو هەرگیز نەهات. من نەمئەزانی كێیەو شێوەی چۆنە، چونكە هەرگیز لە ئاسیلم نەپرسیبوو، ئەویش بەهیچ جۆرێ بۆ منی باس نەكردبوو.

چەند مانگێك بەسەر چوو.. سامات گەورە تر بوو. بەڕاستی منداڵێكی زیرەك و خۆبەرەپێش بوو، لەوانەیە یەكێك فێری كردبێت یان لەوانەیە هەر لەخۆیەوە فێربوبێت، بانگی ئەكردم بابە!. كەئەیبینیم ئەهاتمەوە، ڕای ئەكرد بەپیرمەوەو خۆی ئەخستە باوەشم و هاواری ئەكرد : ئاتا– ئاتا. ئاسیل سەیری ئەكرد و زەردەخەنەیەكی خەوناوی ئەیگرت. لەیەك كاتدا پێم خۆش بوو،و، ئازاریشی ئەدام! ئەو پەڕی ئاواتم بوو باوكی بم.. بەڵام چی بكەم؟!.

ئەو هاوینە هەندێك لەڕێگاكەمان چاك ئەكرد، ئۆتومبێل بەلاماندا ئەهات و ئەچوو، لەپڕ جارێك گوێم لەئاسیل بوو بانگی شۆفێرێكی كرد:

– هۆ جانتای ئاڕاوەستە تۆزێ..!. لۆرییەكە دای لەبرێك و وەستا. ئاسیل ڕایكرد بۆلای. من گوێم لێنەبوو لەگەڵ شۆفێرەكەدا باسی چییان ئەكرد بەڵام گوێم لێ بوو ئاسیل توڕەبوبو دەنگی بەرز كردوە.

– درۆئەكەیت! بڕوات پێناكەم برۆ! برۆ ! لاچۆ لەبەرچاوم.

لۆریەكە ڕۆیشت، ئاسیل بەپەلە لەجادەكە پەڕییەوەو بەڕاكردن ڕۆشتەوە بۆ ماڵەوە، پێم وابوو ئەشگریا. نەمئەزانی چۆن ئیش ئەكەم. ئەم كابرایە كێ بوو! چی بەم ژنە ووت؟!. هەرچی دودڵی و گومان هەیە لە مێشكما كۆبوەوە. كە ئیتر لەتوانامانەما ڕۆیشتمەوە. بەڵام ئاسیل لەژورەكەی خۆی نەهاتە دەرەوە. ئێوارە درەنگ من چووم بۆلای.

– سامات لەكوێیە؟ ئەمڕۆ چاوم پێی نەكەوتوە.

بەدەنگێكی خەماوییەوە ووتی لەماڵەوەیە.

— ئاتا. سامات باوەشی كردەوەو داوای لێكردم هەڵی بگرم، تۆزێ یاریم لەگەڵ كردوو ختوكەم دا، پێبكەنێ، بەڵام ئاسیل هەر مات و خەمبار و بێدەنگ بوو. پرسیارم لێكرد:ئاسیل چی ڕویداوە؟.

—من ئەبێ لێرە بڕۆم. بەهەناسەیەكی ساردەوە وەڵامی دایەوە.. نەك لەبەر ئەوەی ژیانم لێرە ناخۆشە، من زۆر مەمنونی تۆم.. زۆریش!. بەڵام ئەبێ لێرە بڕۆم، نازانم بۆكوێ ئەچم! ئەبێ سەری خۆم هەڵگرم.

سەیرم كرد بەڕاستیەتی ئەڕوات، تەنیا ئەتوانم ڕاستیەك هەیە پێی‌بڵێم.

—من ناتوانم دەست بێنمە ڕێت ئاسیل، بەڵام منیش لێرە نامێنم.. منیش ئەبێ لێرە بڕۆم..جارێكی تریش من ماڵێكی چۆڵی ترم بەجێهێشتوە، چ پێویست بە باسكردن ئەكات تۆ خۆت هەستت هەیە ئاسیل! ئەزانی ئەگەر بڕۆیت و بەجێم بێڵیت هەمان مەینەتی و كارەسات ڕوئەداتەوە كە لەپامیر بەسەرم هات. بیربكەرەوە ئاسیل، ئەگەر دڵت بۆ گەڕانەوە لێ ئەدات و ئەچیتەوە لای، من دەست ناهێنمە ڕێت و نابم بەكۆسپ.. تۆ هەمیشە ئازادیت.. ئاسیل.

ساماتم كردە باوەشم و چوم بۆسەرجادەكە، ماوەیەكی زۆر هاتم و چوم. كوڕە خۆشەویستەكەم.. هیچی نەئەزانی. ئاسیل مایەوە.. بەڵام نازانم تاچەندیتر ؟ بیری لەچی ئەكردەوە.. بڕیاری چی دا ؟ ئەم پرسیارانەش ژیانیان لێ تاڵ كردمەوە.

ڕۆژێكیان نیوەڕۆ هاتمەوە بۆماڵەوە.. چی ببینم؟! سامات دارەدارە ئەكات، ئاسیلیش دەستی گرتوە بەپشتیەوە نەك بكەوێ، وەستام و سەیرم ئەكرد.

—باكە، سەیركە كوڕەكەت بەپێی خۆی ئەڕوات. بەزەردەخەنەیەكی دڵخۆشیەوە بە خۆمم ووت: ئە ڕێ گوێم لەچی بوو..! گوێم بەهەڵەنەچووە؟!. نەیوت كوڕەكەت؟!. خاكەنازەكەم فڕێ دا، چوارمشقی دانیشتم و ئیشارەتم بۆسامات كرد بێ بۆلام (ئادەی كوڕە جوانەكەم، ئادەی بەرخەكەم. ئادەی وەرە، دارە..دارە، مەترسە! پێبنێ بەزەویدا.

سامات باڵەكانی بڵاوئەكردەوەو هاواری ئەكرد (ئاتا)، قاچەكانی تێكەڵ و پێكەڵ ئەبوو. ڕایكرد بۆلام، گرتم و بەرزم كردەوەو دامنا، نوساندم بەسنگمەوە.

- ئاسیل، باسبەینێ ئاهەنگی پێگرتنی بۆ بكەین.. بەنێكی ڕەش و سپیم بۆئامادە بكەو منالی دراوسێكان داوەت بكە.

بەپێكەنینەوە ووتی: باشە.. باكە..

— ئەبێ بەنەكە ڕەش و سپی بێت و خوری بێت.

سواری ئەسپەكەم بوم و ئاوەزەنگم لێدا بۆلای هاوڕێ خاوەن ماڵاتەكانم برێكی زۆر (كۆمس)[*] و گۆشتم هێنا، ڕۆژی دوایی دراوسێكانمان داوەت كرد بۆئاهەنگی (پێوەند— بڕین)ی كوڕەكەمان. ساماتم بەپێوە وەستاند و قاچەكانم بەبەنە ڕەش و سپییەكە بەست و مقەستێكم لەلاوە دانا، منالە میوانەكانیشم ناردە ئەو سەری حەوشەكە.

—یەكەم كەس ئەگاتە لای سامات و بەنەكە ئەبڕێ یەكەم خەڵات وەرئەگرێ، تێم گەیاندن ئەوانی تریش بەنۆرە هەركەسێك خەڵاتی خۆی وەردەگرێ.

—ئامادەبن! دەستم بۆڕاوەشاندن: ڕاكەن.

منالەكان بەقیژە قیژە و هاوار ڕایانكرد بۆلای سامات..بەنەكە بڕا.

بەساماتم ووت: ئێستا تۆش ڕاكە كوڕەكەم!. منالینە لەگەڵ خۆتان ببەن. دەستی ساماتیان گرت و ڕاكردنیان پێئەكرد. ڕومكردە میوانەكان : خەڵكینە، بێ ئەوەی مەبەستم یەكێكیان بێت، خەڵكینە ئەمە جوانووە كەمە ڕائەكات.. ئومێدەوارم ببێ بەجوانویەكی چوارپەل سوك و سۆڵ. سامات بەدەست منالەكانەوە بەدوایاندا ڕای ئەكرد. ئاوڕی دایەوەو بانگی كرد (ئاتا) و كەوت بەدەمما. من و ئاسیل بەپەلە پەلامارمان دا، كە هەڵم گرتەوە گوێم لێبوو ئاسیل بۆیەكەم جار پێی ووتم: ئای.. پیاوەكە!. بەو جۆرە بووین بەژن و مێرد. ئەو زستانە هەرسێكمان سەرمان لەماڵی باوك و خزمەكانی ئاسیل دایەوە، كە هێشتا زۆر لەئاسیل توڕەو زویر بوون. من و ئاسیل قسەمان زۆر لەگەڵ

[*] بەرهەمێكە لە شیری ماین وەكو ماست. ئەم گەلە لەگەڵ ئەوەدا موسڵمانن بەڵام گۆشتی ئەسپو ماینو بەرهەمە شیرییەكانیشی دەخۆن....ت.ع

كردن، وەڵامی پرسیارەكانمان دایەوە. من ڕاستیی هەموو شتەكانم بۆگێڕانەوە چۆن ڕویاندابوو. سەرەنجام لە ئاسیل بوران و پیرۆزباییان لێ كردین. ساڵ بەدوای ساڵدا هات و ڕۆشت، سامات تەمەنی پێنج ساڵە.. زۆر بەهاوكاری و تەبایی ئەژین، تەنیا یەك شت هەیە كە هەرگیز باسمان نەكردوەو قسەمان لەسەری نەكردوە، هەرگیز نەمانویستوە پیتەكانی لەیەك بدەین، چونكە ڕێكەوتبوین.

بۆئێمە ئەو پیاوە هەروەكو نەبێت وابوو، بەڵام هەمیشە شتەكان واناكەونەوە كەتۆ ئەتەوێت!. ماوەیەكی كەم لەمەوپێش كابرا ڕۆژێك پەیدابوو. ڕوداوێك لەسەر جادەكە ڕویدا. كات نیوەشەو بوو، لەگەڵ یاریدەدەرەكەم كە دراوسێمە هەر گوێمان لەدەنگی خۆپیادانەكە بوو ڕامان كرد بۆ شوێنەكەی. ئەترساین یەكێك شتێكی لێهاتبێت. لۆریەكەی خۆی دابوو بە پایەكانی گوێ جادەكەدا. شۆفێرەكە بریندار بوو. لەڕاستیدا بێهۆش بوو، زۆریشی خواردبوەوە، ناسیمەوە، بەڵام ناوەكەیم بیر نەئەكەوتەوە.. جارێك یارمەتی دام و لۆریەكەی بۆ ڕاكێشام. خۆت ئەزانی ڕاكێشانی لۆریەك بەرەوژوور لەدۆڵۆندا كارێكە گاڵتەی پێ ناكرێ، كە هەرگیز لەوەو پێش لەم بەشەی دەربەندەكەدا نەكرابوو، بەڵام ئەو لاوە بەجەرگە توانی بەسەلامەتی ئێمە ڕزگار بكات. لەبەرئەوە زۆرم خۆشئەویست و چووبوە دڵمەوە. پاش ئەوە بەماوەیەكی كەم شۆفێرێك عەرەبانەیەكی بەدوای خۆیدا بەدەربەندەكەدا ڕاكێشابوو، زۆری نەمابوو سەركەوێت. بۆنەگبەتی هەڵەیەك ڕویدا، عەرەبانەكەی كەوتبوە چاڵێكەوەوچەقیبوو، بەجێی هێشتبوو و ڕۆشتبوو. كاتی خۆی ووتم بێت و نەبێت ئەو شۆفێرە چاونەترس و بەجەرگەیە. زۆر بەداخەوە بووم كەسەركەوتوو نەبوو، بەڵام دوای ئەوەی ڕاكێشانی عارەبانە لە دەربەندەكەدا بوو بەكارێكی ڕۆتین. شۆفێرەكان فێربوون چۆن بەكاری بێنن و كارێكی باشیش بوو. ڕاستت ئەوێ نەمئەزانی ئەو پیاوەیە كە ئاسیل وازی لێ هێناوە!. بشمزانیایە هەر وام ئەكرد. هێنامەوە بۆماڵەوە. دەست بەجێ هەموو شتێكم بۆدەركەوت. ئاسیل بەباوەشێك دارەوە هاتە ژورەوەو هەر چاوی پێی كەوت دارەكانی لەباوەش كەوتە خوارەوە سەرزەوییەكە. بەڵام هەموومان واخۆمان نیشان ئەدا كە هەرگیز یەكتریمان نەدیوە. من ئەبوایە دان بەخۆمدا بگرم، نەك بە ووشەیەكی ڕەق یان ئاماژەیەك ئازاریان بدەم و كارێك بكەم ببمە هۆی ئەوەی یەكتری نەناسنەوە. من خاوەنی هیچ بڕیارێك نەبووم.. ئارەزوی ئەوان بوو.. ئەوان ڕابردوی خۆیان هەبوو.. كوڕی ئەوان بوو لەگەڵ منا خەوتبو و نابوم بەسنگمەوە.

ئەو شەوە كەسمان نەنوستین. هەركەسێك سەرقاڵی بیركردنەوەكانی خۆی بوو. منیش هەندێ شتم هەبوو بۆخۆم بیری لێ بكەمەوە. ئاسیل سەربەستە كوڕەكەی ببات و بڕوات. مافی خۆیانە. ئەبێ دوای ئەوە بكەوێت كە عەقڵی و دڵی داوای لێ ئەكەن. منیش.. من چیم؟! ئەو مەسەلە یە چ پەیوەندییەكی بە منەوە هەیە! پێویست ناكات ڕێگری لێبكەم. پیاوەكە تا ئێستاش لێرەیە. بەم ڕێیەدا هات و چۆ ئەكات. ئەو هەموو ساڵە لە كوێبوە؟.. خەریكی چی بوە؟! من نازانم. ئەوە مەسەلەیەك نیە، چونكە پەیوەندی بەوانەوە هەیە. دوای ئەوەی پشكنینەكەی تەواو كرد لەگەڵ بایتیمێر بەیەكەوە چوینەوە بۆ ماڵەوە، ڕۆژ بەرەو كۆتایی ئەچوو، ئەنگۆرەی دوكەڵاویی ڕۆژئاوا بونێكی بەهاریی بەئاسماندا بڵاو بوبوەوە. لوتكە بەفراوییەكانی تیان شانی داپۆشیبوو. وڕەی لۆری ئەهات بەجادەكەدا ئەچوونە خوارەوە. مەسەلەكان ئێستا بەو جۆرەن. بایتیمێر دوای كەمێك لەبێدەنگی بەخەفەتەوە ووتی:

– ئێستا ناتوانم ماڵ بەجێ بێڵم ! ئەگەر ئاسیل بڕیاری داوە بڕواتەوە.. ئەمەوێ بەدەمی خۆی پێم بڵێ. با بەویژدانێكی پاكەوە بڕوات و ماڵئاوایی لەكوڕەكەم بكەم. خۆت ئەزانی ئەو مناڵە گۆشت و خوێنی خۆم بوایە لەوەزیاترم خۆش نەئەویست!. بەڵام هێشتا بۆم نیە لەدایك و باوكی خۆی بكەم.لەبەر ئەوەیە ناتوانم بڕۆم، بەتایبەتی ئەوە ئەگەر بۆ پامیر بێت. ئەم هەموو شتەشم بۆئەوە بۆباس نەكردیت لە ڕۆژنامەكەتا بڵاوی بكەیتەوە، بەڵكو تەنیا وەكو قسەی مرۆڤێك بۆ مرۆڤێك.

**لەجیاتی كۆتایی.**

لە ئوش لە ئەلیاس جیابومەوە. ئەو ئەچوو بۆ پامیر.

كە گەیشتمە ئەویٚ هەولٚ ئەدەم عەلی بەگ بدۆزمەوە و جارێكی تر سەر لەنویٚ ژیان دەست پیٚ بكەمەوە. ئەلیاس خەونەكانی بەدەنگی بەرز ئاشكرا ئەكرد:

(دلٚ لەدلٚ مەدە من پیاوێك نیم لیٚ بوبمەوە , زۆر نابات ژن ئەهێنمەوە و وەكو هەموو پیاوێكی تر ئەبم بەخاوەنی مالٚ و منالٚ. دۆست و برادەریش پەیدا ئەكەمەوە. تەنیا یەك شت نەبێت كە (لەدەستم چوو) ە و هەتا هەتایە دەستم ناكەوێتەوە. تائەو ڕۆژەی دوا هەناسە ئەدەم و شۆڕم ئەكەنەوە ناو گۆڕ.. ئاسیلم لەبیر ناچێتەوە و یادی ئەكەم.. یادی هەموو ئەو شتە جوانانەی هی هەردووكمان بوون.

هەناسەیەكی هەلٚكێشا بۆ كرۆزی لیٚ ئەهات. تۆزیٚ بێدەنگ بوو، قسەكانی تەواو كرد — ئەو ڕۆژەی ڕۆشتم، چوم بۆسەر دەریاچەكەو لەكەنارەكەی وەستام، مالٚئاوایم لە تیان شان و ئیسیك — كولٚ كرد : خوات لەگەلٚ ئیسیك — كولٚ، ئەی گۆرانیە تەواو نەبوەكەم.. چەندەم حەزئەكرد بمتوانیایە لەگەلٚ خۆم بتبەم.خۆت و ئاوە شینەكەت و كەنارە زەردەكانت. بەلاٚم داخی گرانم ناتوانم، وەك چۆن ناتوانم ئەو نەونەمامە ببەم لەگەلٚ خۆم كە خۆشم ویست .. خوات لەگەلٚ ئاسیل..خوات لەگەلٚ ئەی نەونەمامە لەچك سورەكەم.. خوات لەگەلٚ دلٚەكەم.... هیوای كامەرانی و خۆش گوزەرانیت بۆ ئەخوازم ....

خوێنەری بەرێز، هەر بیرو راو تێبینییەكت هەیە تكایە بەم ناونیشانە پەیوەندیم پێوە بكە.

**Tofiqabdol@yahoo.com**